# ئەندامە کوردەکانی

# ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا

( 1958 – 1925 )

ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر

لەسەر ئەرکی پەرلەمانی کوردستان چاپ کراوە

- ناوی کتێب: ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (1958 – 1925)
- نووسەر: ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- چاپی یەکەم 2007
- تیراژ: 1000 دانە
- نرخ : 3000 دینار
- چاپخانە: لە کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، لە هەولێر چاپ کراوە.
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (550) ساڵی (2007) دراوەتێ.

هەموو مافێکی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

# پێشکەشە بە

**هاوسەری خۆشەویستم**

**هەردوو جگەر گۆشەکەم**

# ئارین و ڕاز...

ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی کوردی بەگشتیو ئەوانەی جێپەنجەیان لە مێژووی کوردستان نەخشاندووە بە تایبەتی گرنگو پڕ بایەخە، بۆ ئەوەی بە نەوەی تازەمانیان بناسێنینو پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی ژیانیان هەڵدەینەوە. لێرەشدا ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی لە ڕۆژگاری پاشەیەتیدا بەشێکن لەو گەنجییە مێژووییەی کەسایەتییە کوردستانییەکان جا چ ڕۆڵی ئەرێییانەیان هەبێت، یاخوود ڕۆڵی نەرێییانە. لە سۆنگەی ئەو گرنگییەوە ئێمە هاتووین هەر یەك لە ئەندامە کوردەکان پێناسەیەکی کورتی ژیانیان دەکەین لەگەڵ دیاری کردنی ئەو خولانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی کە بەشدارییان تیایدا کردووە.

شیاوی باسە، ئەو جۆرە هەوڵانەو گردکردنەوەی زانیاری لەمەڕ مێژووی لە دایك بوونو ئاستی خوێندەوارییو کارو کردەوەکانیانو ڕێکەوتی کۆچی دوایی کردنی ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو توێژەر تووشی گیروگرفت دەکاتو ئاست تەنگی زۆری دەهێنتە پێشی، بە تایبەت کاتێك زانیاری دەربارەی ئەو کەسایەتییە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نییە. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوەش خانەوادەی ئەو کەسە دیار نیین، یاخوود دیارنو هیچ شتێکی ئەوتۆ نازانن، یا ئامادە نیین هیچ زانیارییەکەت بۆ بڵێین. ئەمانەو ژمارەك ئاستەنگی تر ڕێگربوون لە بەردەم زوو بە چاپ گەیندنی ئەو بەرهەمە. بەڵام هەر چۆنێك بوو هاتە بەرهەم.

ئاشکرایە لە ڕۆژگاری پاشایەتی لە عێراق ئەنجوومەنی نوێنەران شازدە خوولی هەڵبژاردنی بە خۆیەوە دی، بۆیە ئێمە بە باشمان زانی بەر لەوەی پێناسەی ئەندامە کوردەکان بکەین، پێناسەیەکی خوولەکانی ئەنجوومەن بکەین وەکو دەروازەیەك بۆ بابەتەکەمان. ئینجا هاتووین هەر یەکەو بەتەنیا دەرباری

ژیانیان ئەوەی بەر دەستمان کەتووەو گوێمان لێبووە باسمان کردووە. بەڵام لە هەندێك شوێن لە بەر نەبوونی بەڵگە خۆمان نەخستۆ بەر ڕاستکردنەوە هەندێك لە زانیارییەکان. وەکو جیاوازی بیروڕاکان دەربارەی مێژووی لەدایك بوونو مێژووی کۆچی دوایی کردنیان، لەبەر ئەوەی بەڵگەنامەی فەرمی بەردەست نییەو هەر نووسەرێکیش بە پێی ئەو زانیارییەی نووسیوە کە خوێندوویەتییەوە یاخوود بەر گوێی کەوتووە.

بۆ بەرهەم هێنانی ئەو بابەتە پشتمان بە چەند سەرچاوەیەك بەستووە، لەسەرووی هەموویان ئەنجامدانی دیمانەیە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی ئەو کەسایەتیانە کە هەندێکیان ئاگاداری کارەکانییان بووینە. لەگەڵ ژمارەیەك سەرچاوە کە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا ئاماژەمان بۆ کردوون.

بێ گومان ئەو کارە لە کەموکورتی بە دوور نییە، بۆیە دەخوازم لە کەموکورتییەکان ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی سوودمەندی لە داهاتوو لێوەربگرین. سەرکەوتنو سەرفرازی هەر لە خواوەیە.

**ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**

**هەولێر** 2007

**دەروازە**

دوای ئەوەی ئەنجومەنی دامەزراندن لە 27ی مارتی1924 هاتە دامەزراندن(1)، یەکێك لە کارەکانی ڕێگا خۆشکردن بوو لەبەردەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران، هەر ئەوەش بوو لە دانیشتنی 10ی نیسانی1924 بڕیاری پێك هێنانی لیژنەیەك درا بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتە. کاتێکیش ئەنجوومەن لێکۆڵینەوەی یاسایی تاوتوێ کردو وەزارەتی داد هەڵسا بە دانانی یاسای هەڵبژاردنو یاساکەش لە 2ی ئابی1924 بڕیاری لەسەر درا. ئەنجومەنی دامەزراندن لە 3ی ئابی1924 هەڵوەشایەوە(2).

ئەنجوومەنی گەل، کە لە ئەنجوومەنی ئەعیان(3) و ئەنجوومەنی نوێنەران پێك دەهات نوێنەرایەتی لیواکانی عیراقیان دەکرد. ئەنجوومەنی نوێنەران بە هەڵبژاردنی هەر یەك ئەندام لەبەرانبەر بیست هەزار دەنگی پیاوان دەبوو بە ئەندامو ماوەی چوار ساڵ لەم پۆستە دەمایەوە. هەر خوولێکی هەڵبژاردنیش چوار وەرزی دانیشتنی ئاسایی دەبوو ئەنجام بدات. واتە لەسەرەتایی مانگی تشرینی دووەم(4) یاخود ڕۆژی دواتر(( ئەگەر یەکەمیان کەتبوویایە بەر پشووی فەرمی)) هەموو ساڵێك دەستی بەکارەکانی دەکردو لە ماوەی شەش

---

(1) بۆ زانیاری دەربارەی ئەنجوومەنی دامەزراندن بڕوانە: د. محمد مظفر الادهمي، المجلس التاسيسي العراقي، الجزء الاول والثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1989.
(2) د. محمد مظفر الادهمي، نفس المصدر، الجزء الثاني، ص ص286 -287.
(3) ئەنجوومەنی ئەعیان ژمارەیان لە بیست ئەندام تێپەری نەدەکردو لەگەڵ ئەنجوومەنی نوێنەران کۆبوونەوەکانی دەستی پێدەکردو لەگەڵ ئەویشدا لە پشوو دابوو. بەڵام بە جیاوازی ئەوان بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەم پۆستە دەمانەوە. وەلێ یەکێك لە مەرجەکانی بوونە ئەندام لەم ئەنجوومەنش دەبوو تەمەنی لە چل ساڵ کەمتر نەبێت.
(4) تا خوولی دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەران لە هەیڤی تشرینی دووەم دەستی بە کارەکانی دەکرد، بەڵام لە خوولی دەیەم دا بووە کانوونی یەکەم.

مانگ لە کۆبوونەوەی بەردەوام دابوو لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەندی چلی یاسای بنەڕەتی بۆ بانگێشەکردنی ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ دانیشتنی نائاسایی. ئەندامی ئەنجوومەن بەگشتی نوێنەرایەتی گەلی عیراقییان دەکردو دەبوو لە دایك و باوکەوە عیراقی بن و تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر نەبێت[1]. ئیتر بەم شێوەیە لە ڕۆژگاری پادشایەتی لە عیراق ئەنجوومەنی نوێنەران لە 16 تەمموزی1925 لە یەکەم خوولی دەستی بەکارەکانی کردو تاوەکو شۆڕشی 14ی تەمموزی1958 کە ڕژێمی پادشایەتی ڕووخا سیستەمی وڵات بووە کۆماری، شازدە خوولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بە خۆیەوە دی.

شیاوی باسە، بەهۆی ئەوەی دوای دامەزراندنی جکومەتی عیراقی پارچەیەکی کوردستان کەوتە نێو سنووری ئەو وڵاتەوە بۆیە ژمارەیەك ناوداری کورد وەکو نوێنەرانی لیواکانی کوردستان بوونەتە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە. بەڵام بەر لەوەی ئێمە پێناسەی کەسایەتی ئەو ئەندامە کوردانە بکەین و پەردە لەسەر ژیانیان هەڵدەینەوە، پێمان باشە بە شێوەیەکی کورت هەر خوولێکی ئەنجوومەن پێناسە بکەین، کەی دەستی بەکارەکانی کردووەو کەی کۆتایی پێهاتووەو چەند دانیشتی ئاسایی و نائاسایی ئەنجامداوە ژمارەی کوردەکان چەند بووینە.

## خوولی هەڵبژاردنی یەکەم ( تەمموزی 1925- کانوونی دووەمی 1928 )

یەکەمین خوولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران بە دانیشتنێکی نا ئاسایی لە16ی تەمموزی1925 دەستی بەکارەکانی کردو تاوەکو 29ی تشرینی یەکەم بەردەوام بوو، کۆی دانیشتنە نائاساییەکانی گەیشتە(47) دانیشتن. هەروەها لە سەرەتایی هەیڤی تشرینی دووەمی1925 ئەنجوومەنی نوێنەران یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی دەست پێکردو لەسەر کۆبوونەوەکانی بەردەوام بوو

(1) حسين جميل، الحياة النيابية في العراق 1925- 1945 موقف جماعة الاهالي منها، الطبعة الاولى، بغداد، 1983، ص52 وما بعدها.

تاوەکو 15ی حوزەیرانی1926 کە ژمارەی دانیشتنەکانی گەیشتە(54) دانیشتن.

دوایی پشووی فەرمی خۆی ئەنجوومەن دووەمین دانیشتنی ئاسایی لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی1926 دەست پێکردەوەو لە 30ی نیسانی1927 کۆتایی پێهێنا، ژمارەی ئەو دانیشتنانەشی گەیشتە(54) کۆبوونەوە. بەڵام لە 3ی مایسی1927 ئەنجوومەن دەستی بە دانیشتنێکی نا ئاسایی کرد، کە تاوەکو 3ی حوزەیرانی1927 بەردەوام بووو ژمارە کۆبوونەوەکان(24) کۆبوونەوە بوو.

سێیەمین دانیشتی ئاسایی خوولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران لە 1ی تشرینی دووەمی1927 دەستی بەکارەکانی کردو تاوەکو لە 28ی کانوونی دووەمی1928 کۆتایی بەدانیشتنەکانی هێنا، کە ئەو دانیشتنانەش(13) کۆبوونەوەی خایاند. دوای ئەوەش فەرمانی پادشایی دەرچوو بۆ هەڵوەشاندنەوە ئەنجوومەن[1].

جێگای باسە، ئەو خوولەی ئەنجوومەن ژمارەی ئەندامەکانی پێك هاتبوو لە(88) ئەندام، لە نێو ئەو ئەندامانەش(15)یان کورد بوون، کە دابەش ببوون بە سەر لیواکاندا. لیوای هەولێر پێنج ئەندام، سلێمانی چوار ئەندام، کەرکووك چوار ئەندام (سێ کوردو یەك تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی دوانزدە ئەندامی سیانیان کورد بوون.

## خوولی هەڵبژاردنی دووەم ( مارتی 1928- تەمموزی 1930 )

خوولی هەڵبژاردنی دووەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی لە 19ی مارتی 1928 بە دانیشتنی نائاسایی دەستی بەکارەکانی کردو تاوەکو 28ی ئەیلولی1928، (51) کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجامدا. دواتریش لە یەکی

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثاني، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، 1988، ص151.

تشرینی دووەمی1928 تاوەکو 13ی حوزەیرانی1929 دانیشتنی یەکەمی ئاسایی خۆی ئەنجامدا کە سەرجەم دانیشتنەکان (60) کۆبوونەوە بوون.

خوولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەران لە 2ی تشرینی یەکەمی1929 تاوەکو 14ی مارتی1930 دانیشتنی دووەمی ئاسایی خۆی ئەنجامداو ژمارەی کۆبوونەوەکانی(33) کۆبوونەوە بوو. بەڵام لە سەرەتایی هەیڤی تەمموزی1930 فەرمانی هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەن دراو هەوڵدرا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نوێ[1].

لە ڕاستیدا، ژمارە ئەندامانی ئەو خوولەش بە هەمان شێوەی خوولی پێشووتر لە(88) ئەندام پێکهاتبوو، کە لە نێویاندا(14) ئەندامی کورد بوو. هەولێر پێنج ئەندام، سلێمانی چوار ئەندام، کەرکووك چوار ئەندام( دوو کوردو دوو تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی دوانزە ئەندام سیانیان کورد بوون.

## خوولی هەڵبژاردنی سێیەم( تشرینی دووەمی 1930- تشرینی دووەمی 1932 )

خوولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە سەرەتای تشرینی دووەمی1930 بە دانیشتنی ئاسایی دەستی بەکارەکانی کردو تاوەکو 19ی مایسی1930 بەردەوام بوو. ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کە ئەنجامیدا(67) کۆبوونەوە بوون. دواتریش لە 23ی مایسی1931 تاوەکو سەرەتایی حوزەیرانی هەمانساڵ(6) کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجامدا.

ئەو خوولەی ئەنجوومەن لە سەرەتایی هەیڤی تشرینی دووەمی1931 دەستی بە دانیشتنی دووەمی ئاسایی خۆی کردەوەو تاوەکو 31ی مایسی1932، (62) دانیشتی ئەنجامدا. بەڵام دوای ئەوەی لە یەکی تشرینی

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ص19.

دووەمی1932 دەستی بە دانیشتی ئاسایی سێیەمی خۆی کرد دوای چوار ڕۆژ بریاری هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەن درا[1].

جیگای باسە، ژمارە ئەندامانی ئەو خوولەش بە هەمان شێوەی خوولی پێشووتر لە(88) ئەندام پێکاهاتبوون‌و لە نێویشیاندا(15) ئەندامی کورد بوون، هەولێر پێنج ئەندام( چوار کوردو یەك تورکمان)، سلێمانی چوار ئەندام، کەرکووك چوار ئەندام (دوو کورد دوو تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی دوازدە ئەندام سیانیان کورد بوون. هەروەها هەر یەك لە جەعفەر عەسکەری‌و عەلی ڕەزا عەسکەری، یەکەمیان بە نوێنەرایەتی لیوای بەغداو، دووەمیان بە نوێنەری لیوای دیوانیە ئەندامی ئەو خوولەی ئەنجوومەن بوون.

## خوولی هەڵبژاردنی چوارەم( مارتی 1933- ئەیلولی 1934 )

خوولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەران بە دانیشتنی نائاسایی لە 8ی مارتی1933 دەستی بە کارەکانی کردو تاوەکو 4ی تەمموزی1933 بەردەوام بوو، ژمارە ئەو دانیشتنانەی کە ئەنجامیدا(40) دانیشتن بوون. دوای ئەوەش لە یەکی تشرینی دووەمی1933 یەکەمین دانیشتی ئاسایی خۆی گرێداو تاوەکو 29ی نیسانی1934 بەردەوام بوو، کە سەرجەم دانیشتەنەکانی(48) دانیشتن بوون.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەو خوولەی ئەنجوومەن هیچ دانیشتنی تری ئەنجام نەدا، بەڵکو لە 4ی ئەیلولی1934 فەرمانی هەڵوەشانەوەی ئەو خوولەی ئەنجوومەن درا[2]. ژمارە ئەندامانی ئەو خوولەش بە هەمان شێوەی خوولی پێشووتر لە(88) ئەندام پێك هاتبوو، کە لە نێویاندا(14) ئەندامییان کورد

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ص214.
(2) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الرابع، ص35.

بوون. هەولێر پێنج ئەندام( چوار کوردو یەك تورکمان)، سلێمانی چوار ئەندام، کەرکووك چوار ئەندام (سێ کوردو یەك تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی دوازدە ئەندام سیانیان کورد بوون.

### خوولی هەڵبژاردنی پێنجەم( کانوونی یەکەمی 1934- مارتی 1935 )

خوولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەران لە 29ی کانوونی یەکەمی1934 بە دانیشتنی ئاسایی دەستی بە کارەکانی کردو تاوەکو 11ی مارتی1935 بەردەوام بوو، ژمارەی دانیشتنەکانی(20) دانیشتن بوون. شیاوی باسە، ئەم خوولە هیچ دانیشتنی تری ئەنجام نەداو بڕیاری هەڵوەشانەوەی درا[1]. هەروەها ژمارە ئەندامانی ئەو خوولەش بە هەمان شێوەی خوولی پێشووتر(88) ئەندام بوون‌و لە نێو ئەو ئەندامانەش(14) ئەندامی کورد بوون. هەولێر پێنج ئەندام( چوار کوردو یەك تورکمان)، سلێمانی چوار ئەندام، کەرکووك پێنج ئەندام( سێ کورد یەك عەرەب‌و یەك تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی دوانزدە ئەندام دووانیان کورد بوون. هەروەها عەلی ڕەزا عەسکەر لەم خوولەدا نوێنەری لیوای دیوانیە بوو.

### خوولی هەڵبژاردنی شەشەم( ئابی 1935- تشرینی یەکەمی 1936 )

خوولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە 8ی ئابی1935 بە دانیشتنی نائاسایی دەستی بەکارەکانی کرد، ئەو دانیشتنانەش تاوەکو31ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، کە ژمارە دانیشتنەکانی(15) دانیشتن بوون.

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الرابع، ص101.

ئەم خوولەی ئەنجوومەن دانیشتنی یەکەمی ئاسایی خۆی لە یەکی تشرینی دووەمی1935 دەست پێکردو تاوەکو 16ی نیسانی1936، (56)کۆبوونەوەی ئەنجامدا. بەڵام دواتر درێژەی نەکێشا لەکارەکانی‌و لە 29ی تشرینی یەکەمی1936 فەرمانی هەڵوەشانەوەی ئەم خوولە درا[1].

جێگای باسە، لەو خوولەی ئەنجوومەن ژمارەی ئەندامەکانی لە(88) ئەندام زیادی کرد بۆ(108) ئەندام، لە نێو ئەوانەشدا(18) یان کورد بوون. هەولێر پێنج ئەندام (چوار کوردو یەك تورکمان)، سلێمانی پێنج ئەندام، کەرکووك شەش ئەندام (پێنج کوردو یەك عەرەب)، مووسڵیش لە کۆی پازدە ئەندام سیانیان کورد بوون. هەروەها محەمەد عەلی مەحموود کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی شاری کۆییە بوو لەو خوولەی ئەنجوومەن بە نوێنەرایەتی لیوای دیالە بووە ئەندام[2].

### خوولی هەڵبژاردنی حەوتەم( شوباتی 1937- ئابی 1937 )

خوولی حەوتەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە 27ی شوباتی1937 بە دانیشتنێکی نائاسایی دەستی بە کارەکانی کردو تاوەکو 27ی حوزەیرانی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، کە ژمارەی دانیشتنەکانی(33) دانیشتن بوون. شیاوی وتنە ئەم خوولەی ئەنجوومەن هیچ دانیشتنی ئاسایی ئەنجام نەداو لە 26ی ئابی1937 بڕیاری هەڵوەشانەوە درا[3]. ژمارە ئەندامی ئەو خوولەش بە هەمان خوولی پێشووتر(108) ئەندام بوون‌و، لە نێو ئەوانەشدا(20) یان کورد بوون. هەولێر حەوت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکووك شەش

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الرابع، ص242.
(2) بۆ زانیاری لەسەر ژیانی محەمەد عەلی مەحموود بڕوانە لاپەرەکانی ئەو پەرتووکە.
(3) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الخامس، ص14.

ئەندام( سێ کورد، دوو تورکمان‌و یەك عەرەب)، مووسڵیش لە کۆی پازدە ئەندام سیانیان کورد بوون. هەروەها عەبدولوەهاب تاڵەبانی لەم خولە بە نوێنەرایەتی لیوای دیالە ئەندامی ئەنجوومەن بوو[1].

## خوولی هەڵبژاردنی هەشتەم (کانوونی یەکەمی 1937- شوباتی 1939)

خوولی هەشتەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە 23ی کانوونی یەکەمی1937 بە دانیشتنی ئاسایی دەستی بە کارەکانی کردو تاوەکو 7ی مایسی1938، (39) دانیشتنی ئەنجامدا. دووەمین دانیشتنی ئەم خولەش لە یەکی تشرینی دووەمی1938 دەستی بەدانیشتنەکانی کردەوەو تاوەکو 22ی شوباتی1939 بەردەوام بوو، کە ژمارە دانیشتنەکانی(12) دانیشتن بوون. بەڵام ئەم خولەش بەردەوام نەبوو، بەڵکو لە 22ی شوباتی1939 فەرمانی هەڵوەشانەوەی درا[2]. کەچی ژمارە ئەندامی ئەو خولەش بە هەمان خوولی پێشووتر(108) ئەندام بوو، لە نێو ئەوانەشدا(19) یان کورد بوون. هەولێر حەوت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکوك شەش ئەندام( سێ کورد، یەك عەرەب‌و دوو تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی پازدە ئەندام سیانیان کورد بوون.

## خوولی هەڵبژاردنی نۆیەم( حوزەیرانی 1939- حوزەیرانی 1943)

خوولی نۆیەمی ئەنجومەنی نوێنەران بە دانیشتنی نائاسایی لە 12ی حوزەیرانی 1939دەستی بەکارەکانی کردو، تاوەکو 31ی تشرینی یەکەمی1939 بەردەوام بوو، کە ژمارە دانیشتنەکانی(30) دانیشتن بوون.

(1) بۆ زانیاری لەسەر عەبدولوەهاب تاڵەبانی بڕوانە لاپەرەکانی ئەو پەرتووکە.
(2) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الخامس، ص ص65-66.

یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خوولی نۆیەم لە یەکی تشرینی دووەمی1939 دەستی بەکارەکانی کرد، تاوەکو 30ی نیسانی1940،(32) دانیشتنی ئەنجامدا. هەروەها ئەنجوومەن لە 5ی تشرینی دووەمی1940 دانیشتنی دووەمی ئاسایی خۆی دەسپێکردەوەو تاوەکو 31ی مارتی1941، (39) دانیشتنی ئەنجامدا. ئینجا لەدوایی پشووی هاوینە سێیەمین دانیشتنی ئاسایی خوولەکە لە یەکی تشرینی دووەمی1941 دەستی بەکارەکانی کردەوەو تا ناوەڕاستی مایسی1942 بەردەوام بووو، (49) کۆبوونەوەی ئەنجامدا. ماوەبڵێین چوارەمیین دانیشتنی ئاسایی خوولی نۆیەم کە لە یەکی تشرینی دووەمی1942 دەستی بەکارەکانی کردەوە بەردەوام بوو تاوەکو 9ی حوزەیرانی1943 ، ژمارە دانیشتنەکانی(49) دانیشتن بوون‌و لەم ڕۆژە فەرمانی هەڵوەشانەوەی درا[1].

لە ڕاستیدا، ئەم خوولە یەکەمین خوولی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بوو لە مێژووی دامەزراندی ئەنجوومەنەوە لە ساڵی1925 کە هەموو دانیشتەکانی خۆی ئەنجامدا[2]. ژمارە ئەندامی ئەو خولەش بە هەمان خوولی پێشووتر(108) ئەندام بوو، لە نێو ئەوانەشدا(23) یان کورد بوون. هەولێر حەوت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکوك شەش ئەندام( پێنج کوردو یەك تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی پازدە ئەندام سیانیان کورد بوون. هەروەها هەر یەك لە ئەحمەد موختار بابان‌و تەحسین عەسکەری لەو خوولەی ئەنجوومەن بە نوێنەری لیوای حیللە ئەندام بوون[3].

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء السادس، ص ص148-149.
(2) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الخامس، ص14.
(3) بۆ زانیاری لەسەر هەر یەك لە ئەحمەد موختار بابان‌و تەحسین عەسکەری بڕوانە لاپەرەکانی ئەو پەرتووکە.

## خوولی هەڵبژاردنی دەیەم( تشرینی دووەمی 1943- مایسی 1946 )

خوولی دەیەمی ئەنجومەنی نوینەران بە دانیشتنی نائاسایی لە 9ی تشرینی یەکەمی1943 دەستی بە کارەکانی کردو، تاوەکو 31ی تشرینی دووەمی1943 بەردەوام بوو، کە سەرجەم دانیشتنەکانی(8) دانیشتن بوون.

یەکەمین دانیشتنی ئاسایی ئەم خوولە لە یەکی کانوونی یەکەمی1943 دەستی پێکردو تاوەکو 31مایسی1944 بەردەوام بووو، سەرجەم کۆبوونەوەکانی(29) کۆبوونەوە بوون. دوای ئەوەش پشووی فەرمی تەواو بوو، دووەمین دانیشتی ئاسایی خوولی دەیەم لە 2ی کانوونی یەکەمی1944 دەستی بە کارەکانی کردەوەو تاوەکو 31ی مایسی1945،(42) دانیشتنی ئەنجامدا. بەڵام ئەنجوومەن لە 2ی حوزەیرانی 1945 تاوەکو 26ی ئەو مانگە(3) دانیشتنی نائاسایی بەستا.

شیاوی باسە، لە یەکی کانوونی یەکەمی1945 ئەنجوومەن سێیەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی دەست پێکردەوەو تاوەکو31ی مایسی1946، (41) دانیشتنی ئەنجامدا. کەچی لەم ڕێکەوتەوە فەرمانی هەڵوەشانەوە درا[1].

جێگای سەرنجە، لەم خوولەدا ئەندامانی ئەنجوومەن لە(108) ئەندامەوە زیادی کرد بۆ(118)، کە لە نێویاندا (26) ئەندامیان کورد بوون. هەولێر حەوت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکووك شەش ئەندام(پێنج کوردو یەك تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی پازدە ئەندام چواریان کوردبوون. بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە هەر یەك لە سەلاح بابانو تاریق عەسکەری نوێنەری کوتو عەبدوڵڵا سلێمان نوێنەری دیالەو تەحسین عەسکەری نوێنەری لیوای بەغدا بوون[2].

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، ص ص132-133.

(2) بۆ زانیاری لەسەر سەلاح بابانو عەبدوڵڵا سلێمان بڕوانە لاپەرەکانی ئەو پەرتووکە.

## خوولی هەڵبژاردنی یازدەهەم( مارتی 1947- شوباتی 1948 )

خوولی یازدەهەمی ئەنجومەنی نوێنەران بە دانیشتنی نائاسایی لە 17ی مارتی 1947 دەستی بە کارەکانی کردو تاوەکو20 تەمموزی1947،(44) دانیشتنی نائاسایی ئەنجامدا.

یەکەمین دانیشتنی ئاسایی ئەم خوولەش لە یەکی کانوونی یەکەمی1947 دەستی بە کۆبوونەوەکانی خۆی کرد، بەڵام دوای ئەوەی(12) کۆبوونەوەی ئەنجامدا، لە 22ی شوباتی1948 فەرمانی هەڵوەشانەوەی درا[1].

شیاوی باسە، لەم خوولەی ئەنجوومەن ئەندامانی ئەنجوومەن لە(118) ئەندام زیادی کرد بۆ(137) ئەندام، کە لە نێویاندا(27) ئەندامیان کورد بوون. هەولێر هەشت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکووك هەشت ئەندام(شەش کوردو دوو تورکمان) مووسڵیش لە کۆی نۆزدە ئەندام پێنجیان کورد بوون. هەروەها هەریەك سەلاح بابانو تاریق عەسکەری یەکەمیان نوێنەری لیوای دیالەو دووەمیان نوێنەری لیوای کوت بوون.

## خوولی هەڵبژاردنی دوازدەهەم( حوزەیرانی 1948- حوزەیرانی1952 )

خوولی دوازدەهەمی ئەنجومەنی نوێنەران بە دانیشتنی نائاسایی لە 21ی حوزەیرانی1948 دەستی بە کارەکانی کردو تاوەکو 29ی تشرینی دووەمی1948 بەردەوام بوو، ژمارە دانیشتنەکانی(27) دانیشتن بوون.

یەکەمین دانیشتنی ئاسایی ئەم خوولە لە یەکی کانوونی یەکەمی1948 بەستراو تاوەکو 30ی حوزەیرانی1949 بەردەوام بووو ژمارەی دانیشتنەکانی(56) دانیشتن بوون. دواتریش دوای پشووی فەرمی دووەمین

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، ص ص289-290.

دانیشتنی ئاساییش لە یەکی کانووی یەکەمی1949 دەستی بە کارەکانی کردەوەو(52) دانیشتنی ئەنجامدا تا 15ی تەمموزی1950.

ئەنجومەنی سێیەمین دانیشتنی ئاسایی ئەم خولەی لە 2ی کانوونی یەکەمی1950دەستی پێکردو، تا کۆتایی مایسی1951 بەردەوام بووو ژمارە دانیشتنەکانی(58) دانیشتن بوون. دوایی ئەمەش ئەنجوومەن خولی چوارەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی لە یەکی کانوونی یەکەمی1951 بەستاو، (42) دانیشتنی ئەنجامدا تاوەکو 30ی حوزەیرانی1952.

جێگای سەرنجە، ئەمەش دووەمین خولی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بوو کە هەر چوار خولی دانیشتنەکانی خۆی تەواو کرد[1]. ژمارە ئەندامەکانی پێك هاتبوو لە( 137) ئەندام، کە لە نێویاندا(23) ئەندامیان کورد بوون. هەولێر حەوت ئەندام، سلێمانی پێنج ئەندام، کەرکووك هەشت ئەندام( پێنج کوردو سێ تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی هەژدە ئەندام پێنجیان کورد بوون. هەروەها جەلال بابانیش لەم خولە نوێنەری لیوای دیالە بوو.

## خوولی هەڵبژاردنی سێزدەهەم( کانوونی دووەمی 1953- نیسانی 1954 )

خوولی سێزدەهەمی ئەنجومەنی نوێنەران بە دانیشتنی ئاسایی لە 24ی کانوونی دووەمی1953 دەستی بەکارەکانی کردو، تاوەکو 23ی تەمموزی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، ژمارەی کۆبوونەوەکانی(40) کۆبوونەوە بوون.

دووەمین دانیشتنی ئاسایی ئەم خولەش لە یەکی کانوونی یەکەمی1953 دەستی پێکردەوەو تاوەکو28ی نیسانی1954 بەردەوام بوو، ژمارە

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثامن، ص ص308-308.

دانیشتنەکانی(31) دانیشتن بوون. بەڵام ئەو خولەی ئەنجوومەن دانیشتنی تری ئەنجامد نەدا، بەڵکو فەرمانی هەڵوەشانەوە درا[1].

ژمارە ئەندامانی خوولی سێزدەهەم( 137) ئەندام بوونو لە نێویاندا(24) ئەندامیان کورد بوون. هەولێر هەشت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکووك هەشت ئەندام( چوارکوردو چوار تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی هەژدە ئەندام پێنجیان کورد بوون. هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە تاریق عەسکەری لەم خوولە نوێنەری لیوای عیمارە بوو.

## خوولی هەڵبژاردنی چواردەهەم( تەمموزی 1954- ئابی 1954 )

خوولی چواردەهەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە 26 تەمموزی1954 دەستی بەکارەکانی کرد، بەڵام زۆر نەخایەند لە 3ی ئابی هەمان ساڵ بڕیاری هەڵوەشانەوەی درا، بێ ئەوەی هیچ دانیشتنێکی تر ئەنجام بدا. جێگای ئاماژە بۆ کردنە هەڵبژاردنی ئەو خوولە لە 9ی حوزەیرانی 1954 ئەنجامدراو 38 ئەندام بە پشگیری لە کۆی 135 ئەندام سەرکەوتنیان بەدەست هێنا[2]. ژمارە ئەندامانی ئەنجوومەن لەم خوولە پێك هاتبوون لە( 137) ئەندام، کە لە نێویاندا(24) ئەندامیان کورد بوون. هەولێر هەشت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکووك هەشت ئەندام(چوارکوردو چوار تورکمان)، مووسڵیش لە کۆی هەژدە ئەندا چواریان کورد بوون. هەروەها هەر یەك لە تاریق عەسکەریو ڕاغب عەبدوڵلا یەکەمیان نوێنەری لیوای عیمارەو، دووەمیان نوێنەری لیوای دیالە بوون.

## خوولی هەڵبژاردنی پازدەهەم( ئەیلولی 1954- مارتی 1958 )

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، ص111.
(2) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، ص138.

خوولی پازدەهەمی ئەنجومەنی نوێنەران بە دانیشتنێکی نا ئاسایی لە 16ی ئەیلولی1954 دەستی بەکارەکانی کرد. دواتریش دانیشتنی ئاسایی یەکەمی لە یەکی کانوونی یەکەمی1954 دەست پێکردو تاوەکو کۆتایی مایسی1955 بەردەوام بوو. ژمارە دانیشتنەکانی(39) دانیشتن بوون.

دووەم دانیشتنی ئاسایی ئەم خوولەی ئەنجوومەن لە یەکی کانوونی یەکەمی1955 تاوەکو 31ی مایسی1956 خایاندو ژمارەی دانیشتنەکانی(44) دانیشتن بوون. بەڵام لە یەکی حوزەیران تا 13ی حوزەیرانی1956 چوار دانیشتنی نائاسایی ئەنجامدا. ئەنجوومەن سێیەم دانیشتنی ئاسایی خۆی لە یەکی کانوونی یەکەمی1956 دەست پێکردەوەو تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی1957 بەردەوام، ژمارەی دانیشتنەکانی(21) دانیشتن بوون. دوا دانیشتنی ئاسایی ئەو خوولەی ئەنجوومەن لە یەکی کانوونی یەکەمی1957 دەستی پێکردو تاوەکو27 مارتی1958ی خایاند. بە(27)دانیشتن کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

شیاوی باسە، ئەم خوولەش سێیەمین خوولی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بوو لە ڕۆژگاری پادشایەتی کە هەر چوار دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، ئینجا خولێکی نۆی دامەزرا[1]. ژمارە ئەندامانی ئەم خوولەش پێك هاتبوو لە (137) ئەندام، کە لە نێویاندا(25) ئەندامیان کورد بوون. هەولێر هەشت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکووك نۆ ئەندام(چوارکورد، چوار تورکمانو یەك کلدان)، مووسڵیش لە کۆی هەژدە ئەندام شەشیان کورد بوون. هەروەها تاریق عەسکەری لەم خوولە نوێنەری لیوای عیمارە بوو.

**خوولی هەڵبژاردنی شازدەهەمین( مایسی 1958- حوزەیرانی 1958 )**

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء العاشر، ص218.

خوولی شازدەهەمی ئەنجومەنی نوێنەران بە دانیشتنی نائاسایی لە10ی مایسی1958 دەستی بە کارەکانی کردو، تاوەکو 9ی حوزەیران بەردەوام بووو(6) دانیشتنی ئەنجامدا. بەڵام دواتر ئەگەرچی ئەنجوومەن دەبوو لە سەرەتای هەیڤی کانوونی یەکەمی1958 دەست بە دانیشتنەکانی خۆی بکات، بەڵام دانەنیشت، لەبەر ئەوەی شۆڕشی 14ی تەمموزی1958 لە عیراق بەر پابووو ڕژێمی عیراق لە پادشایەتی بوو بەکۆماری[1].

ئیتر تەنیا ئەوەی ماوە باسی لێوە بکەین ژمارە ئەندامانی ئەم خوولەی ئەنجوومەنە کە پێك هاتبوون لە( 148) ئەندامو لە نێویاندا(24) ئەندامیان کورد بوون. هەولێر هەشت ئەندام، سلێمانی شەش ئەندام، کەرکووك نۆ ئەندام(چوارکورد، چوار تورکمانو یەك کلدان)، مووسڵیش لە کۆی نۆزدە ئەندام شەشیان کورد بوون.

(1) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء العاشر، ص313.

### ئەحمەد تۆفیق

ناوی تەواوی ئەحمەد کوڕی تۆفیق بەگ کوڕی محەمەد ساڵح بەگ کوڕی سلێمان بەگەو لە بنەماڵەی بەناوبانگی خەندانی شاری سلێمانییە، دایکی لە خانەوادەی سەرۆك هۆزەکانی ناوچەی پشدەرەو لە ساڵی1898 لە سلێمانی لە دایك بووە. ناوبراو لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەت لە مووسڵ، کەرکووك‌و سلێمانی خوێندوویەتی‌و دواتر چۆتە خوێندنگای دواناوەندی. لە ساڵی1924 بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندنی عێراق بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی‌و دواتریش لە مارتی1925 بە موتەسەڕریفی سلێمانی تا ئەوەی لە نیسانی1927 دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەڵام جارێکی تر لە ئەیلولی1930 کراوەتەوە بە موتەسەڕریفی سلێمانی‌و دواتریش لە25ی نیسانی1935 تا 24ی شوباتی1939بە موتەسەڕریفی هەولێر. سەرەڕای ئەوەش لە خوولی دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن، کەچی لە کۆتایی تشرینی دووەمی1943 دەستی لە کار کێشاوەتەوە. ماوەبڵێین ناوبراو لە 7ی کانوونی یەکەمی1963 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[1].

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێرانی: عەبدولخالق عەلائەدین، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، ل ل 212-213؛ جمال بابان، اعلام كرد العراق، مطبعة شڤان، سليمانية، 2006، ص48؛ عبدالمجيد فهمي حسن، تاريخ مشاهير الالوية العراقية، الجزء الاول، مطبعة الزمان، بغداد، 1947، ص142؛ مەولود قادر بێخاڵی، هەولێرم وادیوەو- بیستووە، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 1997، ل21. تێبینی: سەبارەت بە مێژووی لە دایك بوونی ئەحمەد تۆفیق بەگ لە سەرچاوەکاندا بە شێوە جیاواز هاتووە لەوانە میر بەسری ئاماژە بۆ ساڵی1899، جەمال بابانیش ئاماژە بۆ ساڵی1898و هەروەها عەبدولمەجید فەهمی حەسەن ساڵی1900 بە ساڵی لەدایك بوونی داوەتە قەڵەم.

### ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری

لە عەشیرەتی بەناوبانگی میراودەلی ناوچەی پشدەرەو لە ساڵی1890 لە دێی بێشێر لەدایك بووە، لە خوێندنگای ڕوشدی سلێمانی خوێندوویەتی‌و دواتریش ڕووی کردۆتە کەرکووك‌و لە خوێندنگای دواناوەندی جەنگی خوێندنی لە تەمەنی بیست‌و سێ ساڵیدا تەواو کردووە. ناوبراو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووەو ڕۆڵی کارای بینیوە لە بەرگری کردنی ناوچەی پشدەر لە بەرانبەر سوپای ڕووسەکاندا لە ساڵی 1915. دواتریش لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ‌و دانانی شێخ مەحموود بە حکومدار، دەچێتە سلێمانی‌و دەکرێتە قوماندانی زابیتە لە ناوچەی پشدەرو ڕانیە. لە پاشانیش ژمارەیەك پلەوپایەی بینیوە تا ئەوەی لە خوولی دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ئەحمەد ئاغا لە شەوی 29/28ی کانوونی یەکەمی1985 لە قەڵادزی کۆچی دوایی کردووە[1].

### ئەحمەد عوسمان

ناوی تەواوی ئەحمەد کوڕی عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری سێیەم ناسراوە بە (مەلا گچکە) کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری دووەم کوڕی مەلا عومەر کوڕی مەلا ئەبوبەکری یەکەم کوڕی مەلا شێخ شەمسەددین کوڕی مەلا شێخ شەهابەددین کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا ئەلیاسەو لە بنەماڵەی موفتی ناسراوی هەولێرە، ناوبراو لە ساڵی1879 لە مووسڵ لە دایك بووە. ساڵی1906 بۆتە ئەندامی دادگای هەولێرو دواتریش لە ساڵی1911 ئەندامی دادگای مووسڵ، ئینجا لە پاشان بە سەرۆکی داد وەرگیراوە. هەروەها

(1) عبدالرقيب يوسف، سدیق ساڵح، بیرەوەریەکانی ئەحمەد حەمائاغای پشدەری، چاپخانەی ئازاد، سلێمانی،2001، ل 1 بەدواوە.

لە ساڵی1917 بۆتە سەرۆکی شارەوانی هەولێرو دوای دامەزراندنی حکومەتی عیراقیش ساڵی1921 بۆتە جێگری موتەسەڕڕیفی هەولێرو دواتریش لە1923 بە یەکەم موتەسەڕڕیفی هەولێر دامەزراوە. ئەحمەد بەگ لە 30ی نیسانی1930 تاوەکو 17ی تشرینی یەکەمی1937 بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی عیراقی. هەروەها لە خوولی نۆیەمو دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. تا لە کانوونی یەکەمی1946 کۆچی دوایی کردووە[1].

## ئەحمەد ئاغای کەرکووکی

ناوی تەواوی ئەحمەد ئاغا کوڕی حاجی عەبدوڵلا ئاغا کوڕی محەمەد ئاغا (حەمە کەرکووکی) کوڕی یونس ئاغای کەرکووکی زادەیەو لە بنەماڵەیەکی بازرگانە بەناوبانگە. ناوبراو لە ساڵی1881 لە سلێمانی لە دایك بووەو بە کاری بازرگانی خەریك بووە، تا ئەوەی لە خوولی حەوتەمو هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لە 25ی حوزەیرانی1971 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[2].

## ئەحمەد محەمەد ساڵح

ناوی تەواوی ئەحمەد کوڕی محەمەد ساڵح کوڕی عەزیز کوڕی محەمەد بەگ کوڕی قادر بەگەو لە بەرەی بەهرام بەگی جافەو لە ساڵی1903 لە دایك بووە. لە خوولی سێیەم، چوارەمو چواردەهەمینی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو لە 16ی ئابی1973 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[3].

---

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل 156-157.
(2) میر بەسری، هەمان سەرچاوە، ل167؛ جمال بابان، المصدر السابق، ص84.
(3) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل223.

## ئەحمەد محەمەد عەلی یەعقوبی

ناوی تەواوی ئەحمەد کوڕی محەمەد عەلی کوڕی سەعید کوڕی یەعقوب کوڕی قاسم کوڕی عەبدوڵلا کوڕی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم کوڕی عەبدولقادر ئاغا کوڕی یەحیا ئاغای یەعقوبییە. ساڵی1908 لە هەولێر لەدایك بووەو سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتیو دواتریش چۆتە بەر خوێندنی فەرمیو تا پێنجی سەرەتایی بەردەوام بووە، بەڵام لەبەر مردنی باوکی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، چونکە سەرپەرشتی کردنی کاری بنەماڵەکەی گرتۆتە ئەستۆ. ناوبراو لە خوولی پێنجەمو هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دوای کۆتایی هاتنی کاری ئەندامییەتیش جارێکیتر گەڕاوەتەوە سەرە کاری تایبەتی خۆیو بەکاری کشتوکاڵی خەریك بووە. ئەحمەد یەعقوبی جگە لەوە لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردستان یارمەتی زۆری پێشمەرگەی داوەو هاوکاری کردوونو لەسەر ئەو بیرەشی بەردەوام بووە تا لە ساڵی2000 کۆچی دوایی کردووەو لە نێو مزگەوتی ئەحمەد یەعقوبی لە هەولێر نێژراوە[1].

---

(1) دیمانەیەك لەگەڵ سەلاح ئەحمەد محەمەد عەلی لە28ی ئەیلولی2006، هەولێر. (سەلاح ئەحمەد محەمەد عەلی ناسراو بە حاکم سەلاح یەعقوبی ساڵی1942 لە هەولێر لەدایك بووەو کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدای لە ساڵی1964 تەواو کردووە. دواتریش ماوەیەك بەکاری پارێزەری خەریك بووە تا لەکاری میری دامەزراوەو ژمارەیەك پلەوپایەی وەرگرتووە وەکو: کارمەند لە وەزارەتی داد، حاکم لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، سەرۆکی دادگای جنایات، سەرۆکی دادگای ئیستئناف، سەرۆکی دەستەی داد لە وەزارەتی داد، ئەندامی دادگای تەمیز...هتد. ناوبراو ئێستاکەش سەرۆکی دادگای تەمیزە لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانو لە شاری هەولێر نیشتەجێیە).

## ئەحمەد موختار بابان

ناوی تــەواوی ئەحمــەد کــوڕی حەســەن بــەگ کــوڕی فــەتاح بــەگ کــوڕی عەبدولقادر بەگ کوڕی خانە بەگ لە ڕەچەڵەکی خالد پاشای یەکەمی بابانە. لە ساڵی1901 لە شــاری حیللــە لــەدایك بووەولــە خوێنــدنگای ســوڵتانییە لــە سەردەمی تورکان خوێندوویەتی. لــە پاشــان بەشــداری خــولی مامۆســتایانی سەرەتایی کردووە تیایدا دەرچووەو لە ساڵی1918 بۆتە مامۆستا. دواتــریش چۆتەوە بەر خوێندن لە کۆلێژی مافو ساڵی1923 بڕوانامەی مافی بەدەســت هێناوە. ناوبراو ژمارەیەکی زۆری پلەوپایەی میر وەرگرتووە و دوایــین ســەرۆك وەزیرانی حکومەتیش بووە لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا. ئەحمەد بابــان لــە خــولی نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای حیللەو لە خولی دەیەمیش بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومــەن. ئــیتر دوا ساتەکانی ژیانی لە دەرەوەی عیراق بەســەر بــردووە تــا لــە شــاری میــونخ لــە ئەڵمانیا لە 24ی تشرینی یەکەمی1976 کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێشدا نێژراوە[1].

## ئەحمەد موختار جاف

ئەحمەد کوڕی عوسمان پاشا کوڕی کەیخەسرۆ بــەگ لــە بنەماڵــەی هــۆزی جافەو لە ساڵی1896 لە شاری هەڵەبجە لەدایك بووە، لای زاناکانی ناوچــەکە خوێندوویەتی. ناوبراو شاعیر بووەو گەلێك هــۆنراوەی جــوانی هۆنیوەتــەوە بــە

(1) جمال بابان، المصدر السابق، ص ص92-94؛ مـیر بصري، اعـلام السیاسـة في العـراق الحدیث، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الحکمـة لنـدن، 2005، ص ص291-292؛ د.محمد علی الصویرکي، معجم اعلام الکـرد في التـاریخ الاسـلامي و العصـر الحـدیث في کردسـتان وخارجهـا، بنکــەی ژیــن، السـلیمانیة، 2006، ص ص86-87. تێبینــی: سەبارەت بە مێژووو شوێنی لەدایك بوونی ئەحمەد موختار بابان بیروڕای جیاواز هەیە لە سەرچاوەکاندا. جەمال بابانو دوکتۆر محەمەد عەلی ئاماژە بــۆ ســاڵی1901 و شــاری حیللە دەکەنو میر بەسریش بۆ ساڵی1900و شاری بەغدا.

زمانی کوردیو فارسی. ئەحمەد موختار جــاف لــە خــولی یەکــەمو ســێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای ســلێمانی بۆتــە ئەنــدامی ئەنجوومەن تا ئەوەی لەسەر ڕێگای ڕووباری سیروان لە ســاڵی1933 دەدرێتــە بەر گولەو گیانی لە دەست دەدات لە دێی عەبابەیلێ نێژراوە[1].

## ئەمین ڕەشید هەماوەندی

ناوی تەواوی ئەمین کوڕی ڕەشید کوڕی قادر کوڕی حەیدەری هەماوەندییەو ساڵی1898 لە دایك بووە. ناوبراو لە ئەنجامی دامەزراندنی حکومەتی شــێخ مەحموود، لە مارتی1923 بۆتە قائیمقامی چەمچەماڵ، بەڵام بــەهۆی دزیو جەردەیی لە ناوچەکە کە دەخرێتە ئەستۆی ئەو لەکار لادەبرێتو ســاڵی دواتــر بەنــد دەکرێــت. ئــەمین ڕەشــید لــە خــولی نۆیــەم، یازدەهــەم، دوانزەهــەم، سێزدەهەمو پازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایــەتی لیــوای کــەرکووك بۆتــە ئەنــدامی ئەنجوومــەنو لــە ئــەیلولی1966 کۆچــی دوایــی کردووە[2].

## ئەمین پاشای ڕەواندزی

(1) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: میر بەسیر، ناودارانی کورد، ل ل 205-206؛ د.محمد علی الصویرکي، المصدر السابق، ص87؛ جمال بابان، المصدر السابق، ص ص96-98. تێبینی: جەمال بابان ساڵی1935 بە ساڵی کوشتنی ئەحمەد موختار جاف داناوە، بەڵام کەتۆتە هەڵەوە ئەگەر بزانیین وتوویەتی لە ساڵی 1924-1935 ئەندام بووەو لەو ساڵەدا کوژراوە، چونکە ناوبراو تا ساڵی 1932 ئەندامی ئەنجوومەن بووەو ساڵی دواتریش واتە 1933 کوژراوە.

(2) میر بەسری، نــاودارانی کــورد، ل193؛ جمـال بابـان، المصـدر السـابق، ص ص131-132.

ئەمین پاشا ڕەواندزی لە ساڵی1865 لە ڕەواندز لەدایك بووەو خوێندنگای سەربازی عوسمانیو خوێندنگای ئەرکانی جەنگی خوێندووە، دواتر پەیوەندی کردووە بە سوپای عوسمانی تا پلەی لیوای وەرگرتووە. ناوبراو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووەو دوای جەنگیش گەڕاوەتەوە بەغدا. لە خوولی شەشەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنیو، دواتریش سەرۆکی لیژنەی کاروباری سەربازی بووە تا لە ساڵی1941 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[1].

## ئەنوەر بەگی جاف

ناوی تەواوی ئەنوەر بەگ کوڕی جەمیل بەگ کوڕی محەمەد بەگ کوڕی عەلی بەگی جافەو، ساڵی1910 لە دایك بووەو دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە پارێزەر بووە خەریکی کاری تایبەتی خۆی بووە وەکو سەرۆك عەشیرەتێك، بۆیە یەکێك بووە لە پیاوە ناودارەکانی ناوچەکە. ناوبراو لە خوولی یازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بەنوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندام ئەنجوومەن. ئەنوەر بەگ ساڵی1991 کۆچی دوایی کردووە[2].

## سەیید ئیبراهیمی حەفید

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل 75.
(2) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی دوکتۆر حەسەن جاف، چاپی یەکەم، بەغدا، 1995، ل 113؛ سالار عبدالكريم سندي، دور النواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي 1945- 1958، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة المستنصرية، تحت الطباعة.

ناوی تەواوی سەیید ئیبراهیم کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد ناسراو بە (شێخ محەمەد بچکۆڵە)ە، ساڵی1899 لە سلێمانی لە دایك بووە. لە حوجرە خوێندوویەتیو، عەرەبیو فارسی زانیوە. لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموود قائیمقام بووە لە ناوچەی شارباژێر. ناوبراو لە خوولی سێزدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. سەیید ئیبراهیم لە مارتی1983 کۆچی دوایی کردووەو لە مەرقەدی کاکە ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی نێژراوە[1].

## ئیبراهیم ڕەشید ئاغای پشدەری

ناوی تەواوی ئیبراهیم ئاغا کوڕی ڕەشید ئاغا کوڕی عوسمان ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەدئاغا کوڕی میر ئاودل ئاغای پشدەرییە، ساڵی1905 لە دێی پیمالك لەدایك بووو لە حوجرە خوێندوویەتیو زمانی عەرەبیو فارسی زانیوەو شارەزایی لە شەریعەتی ئیسلامدا هەبووە. ناوبراو یەکێك بووە لە ئەندامانی پارتی هیوا. هەروەها لە خوولی دوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دواتریش یەکێك بووە لە هاریکارانی شۆڕشی ئەیلول لە ناوچەی

(1) دیمانەیەك لەگەڵ نەورەس سەید ئیبراهیم سەعید، لە 5ی ئەیلولی 2006، سلێمانی. (نەورەس سەید ئیبراهیم سەعید، ساڵی 1947 لە سلێمانی لە دایك بووە. ساڵی 1970 کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. ئێستاکەش ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی سلێمانییەو لە گەرەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانی نیشتەجێیە).

پشدەر تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی1975. ئیبراهیم ئاغا لە 22ی نیسانی1992 کۆچی دوایی کردووە لە گۆرستانی قەڵادزێ نێژراوە [1].

## ئیبراهیم یوسف

ناوی تەواوی ئیبراهیم کوڕی یوسف کوڕی عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری سێیەم ناسراوە بە( مەلا گچکە) کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری دووەم کوڕی مەلا عومەر کوڕی مەلا ئەبوبەکری یەکەم کوڕی مەلا شێخ شەمسەددین کوڕی مەلا شێخ شەهابەددین کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا ئەلیاسەو لە بنەماڵەی موفتی ناسراوی هەولێرە. ساڵی1897 لە مووسڵ لە دایك بووە. دوایی تەمەنی حەوت ساڵی چۆتە بەر خوێندنو نووسین لە مزگەوتی گەورە لە قەڵای هەولێرو قورئانیشی خوێندووە، ئینجا چۆتە خوێندنگای فەرمی حکومەتو قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە. هەروەها دوای ئەوەش زانستەکانی نەحوو سەرف، مەنتق، فقهو عەقائیدی لە خوێندنگای مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر خوێندووە. ئینجا لەپاشان بەکاری تایبەتی

1) دیمانەیەك لەگەڵ ڕەشید ئیبراهیم ڕەشید لە 30ی ئابی 2006 هەولێر.( ڕەشید ئیبراهیم ڕەشید ساڵی1943 لە دێی پیمالك لە دایك بووەو خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی1966 تەواوکردووە. ناوبراو لە گۆڤارەکانی دەنگی پێشمەرگە، ڕامانو ڕۆژنامەکانی خەباتو باسەرە نووسینو بڵاوکراوەی هەیە لەگەڵ شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی، عەرەبیو فارسیدا. ڕەشید ئیبراهیم ئێستاکە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێرە/ بەشی= =ئاوارەکانو لە گەرەکی 92/ زانکۆ شاری هەولێر نیشتەجێیە)؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرهاد عەلی ئیبراهیم لە 30ی ئابی 2006 دارەتوو. ( فەرهاد عەلی ئیبراهیم لە ساڵی 1966 لە قەڵادزێ لە دایك بووو خوێندنی ناوەندی لە ساڵی1983 تەواو کردووە، ئێستاکەش کارمەندە لە بنکەی چاکردنەوەی کارەبای دارەتووو هەر لە ناحییەی دارەتووش نیشتەجێیە).

خۆیەوەو سەرپەرشتی کاری کشتوکاڵی لە دێی تەندوورەی سەر بەناوچەی هەولێر خەریك بووە. ناوبراو لە خوولی یەکەم، سێیەم، حەوتەمو نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دواتریش جارێکیتر بەکاری کشتوکاڵی خەریك بووە لە دێی تەندوورەو یەدی قزلەر تا ئەوەی لە ساڵی1950 هۆدەیی کشتوکاڵی لە هەولێر کرایەوەو ئەنجوومەنی کارگێڕی ئەم هۆدەیەی لە ژێر سەرۆکایەتی لیوا نەجمەددین سائیب موتەسەڕڕیفی دامەزرا کە تیایدا بوو بە ئەمین سندوق. ئیبراهیم یوسف لە ساڵی1971 کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیان لە هەولێر نێژراوە [1].

## ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی

ناوی تەواوی ئیسماعیل کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەولاّ پاشا کوڕی بەکر بەگ کوڕی بایز بەگی باپشتییە، بەکر بەگ مامی میر محەمەد پاشای

1) رشاد محمد المفتي ال کچك الملا، سَبائِك الأملاء في سِلسِلة جدي کُچُك مُلا، جمع وتحقيق واضافات: عثمان رشاد محمد المفتي، مخطوطة غير منشورة، الجزء الاول، ص54( بە سوپاسەوە ئەم دەستنووسمان لە کتێبخانەی رەشاد موفتی دەست کەوت، کە خۆی دوازدە بەرگە)؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولخالیق ئیبراهیم یوسف، لە 26ی ئابی 2006 هەولێر. (عەبدولخالیق ئیبراهیم یوسف، ساڵی1931 لە هەولێر لەدایك بووەو ساڵی 1952 کۆلێژی پۆلیسی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. ناوبراو عەمیدی پۆلیس بووەو ماوەیەك جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری بەغدا بووە، هەروەها بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەمان شار بووە. تا ئەوەی بۆتە پشکێنەری گشتی لە بەغداو دواتریش خانەنشین کراوە. ناوبراو دوا ئەوەی ماوەیەك لە بەغدا دانیشتووەو ئێستاکەش لە گەرەکی خانوونی وەزیرانی شاری هەولێر نیشتەجێیە).

ڕەواندزییە[1]. ئیسماعیل بەگ لە ساڵی1895 لە ڕەواندز لە دایـك بـووە[2]. ناوبراو لە قوتابخانەی روشدییە لە ڕەواندز خوێندوویەتی‌و شارەزاریی لە زمـانی عـەرەبی، تـورکی، فارسـی، ئینگلیـزی‌و فرەنسـی هـەبووە. لەگـەڵ هـاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە لە تەمەنی بیست‌و چوار ساڵی بۆتە حاکمی ڕەوانـدز. هەروەها لە خوولی یەکـەمین‌و دووەمـی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عیراقـی بـە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن‌و ڕۆڵی کارای تیـادابینیوە تا ئەوەی کە مەلیك فەیسەڵ بە خودی خۆی وتویەتی جـاریکیتر نابێـت ببێتـە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو گەلێك بە پەرۆشی خزمـەتکردنی کوردسـتان بـە

(1) میر بەسری لە ناودارانی کورد لاپەرە 200 ئاماژە بۆ ئەوە کردووە کە ئیسماعیل بەگ کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەبدوڵڵا موخلیس بەگەو لە نەوەی ڕەسووڵ پاشای برای میری گەورەی سۆرانە، بەڵام لەو زانیارییەدا کەوتۆتە هەڵەوە.

(2) لەسەرچاوەکاندا بیرورای جیاواز هەیە سەبارەت بە مێژووی لە دایك بـوونی ئیسـماعیل بەگ‌و زۆربەیان ئاماژە بۆ ساڵی1895 کردووە. بەڵام ئەسعەد عـەدۆ لـە لیرەیـەك لـە گەنجینەی نەتەوەیی کورد بە ساڵی1897 ی داوەتە قەڵەم. کەچی دواتر هەر خـۆی لـە کۆڕێکیدا لە ژێر ناونیشانی((کارەساتی دۆری نیشاوی لە نێوان فۆلکلۆر و مێژوودا)) کە لە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر گێراویەتی. زانیارییەکەی خۆی ڕاستکردۆتەوەو ساڵی1900ی بە مێژووی لە دایك بوونی ئیسماعیل بەگ داناوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە مەعرووف چیاووك لە(ماساة بارزان المظلومة) دا ئاماژە بۆ ئەوە کردووە کاتێك سـەعید بەگی باوکی ئیسماعیل بەگ کوژراوە تەمەنی ئەو واتە ئیسماعیل بەگ چواردە پـازدە= =ساڵان بووە. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە کـاپتن هێـی لـە( سنتان في کردستان) ئاماژە بۆ ئەوە کردووە کە کاتێك ئیسماعیل بـەگ کراوەتـە حـاکمی ڕەوانـدز تەمـەنی نۆزدە- بیست ساڵ بووە. جگە لەوانە ئەسعەد عەدۆ بە سەیر کردنی وێنـەی ئیسـماعیل بەگ‌و لێکدانەوەی خۆی گەیشتۆتە ئەوەی بڵێ لە ساڵی1900 لـە دایـك بـووە. بـەڵام دەتوانرێت بووترێ ساڵی1895 لە ڕاستییەوە نزیکترە ئەگەر بزانیین ئیسماعیل بەگ لـە ساڵی1925 بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنـەرانی عیراقـی‌و مـەرجی ئـەوەش لەسـەر ئەندامەکان بووە کە نابێت تەمەنیان لە سی ساڵ کەمتر بێت، بۆیە ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان ساڵی1895و1925 و لە یەکتریان دەر بکەین سی ساڵی تەواو دەردەچێت‌و ساڵی1895 بە مێژووی لە دایك بوونی ئیسماعیل بەگ دادەنرێت.

گشتی‌و ناوچەی ڕەواندز بە تایبەتی بووە تا لە 8ی حوزەیرانی1933 لە دۆڵی نیشاوێ لە لایەن بنەماڵەی باویل ئاغا کە دوژمنداری یەکتر بوون کوژراوە[1].

## بابا عەلی شێخ مەحموود

ناوی تەواوی بابا عـەلی کوڕی شێخ مەحموود کـوڕی شـێخ سـەعید کـوڕی کاك ئەحمەد کوڕی شێخ مارفی نۆدەییە. لە بەهاری ساڵی1912 لە سـلێمانی لە دایك بووەو لە خوێندنگای سەرەتای لە بەغدا خوێندوویەتی، لە پاشـان لـە ساڵی 1928 ناردویانەتە کۆلێژی ڤکتۆریا لە ئەسـکەندەرییەو سـاڵی1932 لێی دەرچووە. ساڵی1933 چۆتە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیۆیـۆرك‌و بڕوانامـەی ئوستادی علومی لە ساڵی1938 لێ بەدەسـت هێنـاوە. دوایـی گەڕانەوەشـی ماوەیەك بەکاری میرییەوە خەریك بووەو پاشـانیش بـە کاروبـاری بازرگـانی‌و ئابووری. لە ساڵی1946 لە وەزارەتی ئەرشەد عومەری بۆتە وەزیری ئابووری‌و دواتریش لە وەزارەتەکەی نووری سەعید هەر لەو مەقامە ماوەتەوە. ناوبراو لە خوولی یازدەهەمی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عیراقـی بـە نوێنەرایـەتی لیـوای سلێمانی بۆتە ئەندام. ماوەبڵێین بابا عەلی جگە لـەوە چـەند جـارێکیتر بۆتـە وەزیر لە سەردەمی کۆماری تا ئەوەی لە ساڵی1968 عیراق بـە جێـدەهێڵی‌و ڕوودەکاتە تـاران‌و بـەیروت، لـە پاشـانیش لـە لەنـدەنی پایتـەختی بریتانیـا نیشتەجێ دەبێـت تـا لـە سـاڵی1996 کۆچـی دوایـی دەکـات‌و تەرمەکـەی دەهێننەوە سلێمانی‌و بەخاکی دەسپێرن[2].

(1) ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمـەر، ڕەوانـدز، لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی- سیاسـی( 1918- 1939) ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیجیی کوردسـتان، سـلێمانی، 2006، ل ل 45- 46.

(2) میر بەسری، ناودارانی کـورد، ل ل224-225،235؛ جمـال بابـان، المصـدر السـابق، ص146.

## بابەکر حەسەن ئاغای قندۆل

ناوی تەواوی بابەکر ئاغا کوڕی حەسەن ئاغا کوڕی جوامێرئاغا کوڕی مستەفا ئاغای میراودەلییەو ساڵی1925 لە دێی قندۆل لە دایك بووە. لە حوجرە خوێندوویەتیو کوردی، فارسیو عەرەبی زانیوە. ناوبراو لە خوولی چواردەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو ساڵی1959 کۆچی دوایی کردووەو هەر لە دێی قندۆڵ نێژراوە[1].

## بایز بابەکر پشدەری

ناوی تەواوی بایز ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی سەلیم ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەد ئاغای میراودەلییە، لە ساڵی1915 لە ناوچەی دۆڵی سەر بە شارۆچکەی شارباژێر لەدایك بووەو زانستی سەرەتاییو ئاینی بە زمانی کوردیو فارسی خوێندووە. لە ساڵی1932 بۆتە بەڕێوەبەری ناحییەی قەڵادزیو تاوەکو1944 بەردەوام بووە، بەڵام لەو ساڵەدا دەستی لەکار کێشاوەتەوە بەهۆی گواستنەوەی بۆ بەڕێوەبەری ناحییەی عەربەت لەبەر دووری ناوچەکە لە مەڵبەندی موڵكو ماڵی تایبەتی خۆی. بایز ئاغا لە خوولی شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو یەکێك بووە لە کەسایەتییە خۆشەویستەکانی ناوچەکەی، لەبەر ئەوەی هەردەم لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی

(1) دیمانەیەك لەگەڵ خدر حەسەن سلێمان ئاغا لە 31ی ئابی 2006 دارەتوو( خدر حەسەن سلێمان ئاغا لە ساڵی1945 لە قەڵادزێ لە دایك بووە، کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی زانکۆی بەغدای لە1967- 1968 تەواو کردووە. ئێستاکەش یاریدەدەری بەڕێوەبەری دواناوەندی دارەتووی کچانەو لە ناحییەی دارەتوو نیشتەجێیە).

دەڤەرەکەی بووە تا ئەوەی لە مایسی1968 کۆچی دوایی کردووەو لە گردە سپیان لە قەڵادزێ نێژراوە[1].

## بەهائەددین نووری

بەهائەددین کوڕی شێخ نورەددین کوڕی ئیسماعیل کوڕی حەسەن بەگی شێروانە. شێخ نورەددینی باوکی لە زانا ناسراوەکانی ئاینی بووە. بەهائەددین لە ساڵی1879 لە سلێمانی لە دایك بووەو لە خوێندنگای سەربازی ئەستەنبۆڵ بە ئەفسەر دەرچووەو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووەو لە بەرەی عیراق بەدیل گیراوە. دوای جەنگیش هاتۆتەوە عیراقو چۆتە ڕیزی سوپاو بەردەوام بووە تا لە کانوونی یەکەمی1941 پلەی بەرزبۆتەوە بۆ پلەی لیوا. شیاوی باسە لە ساڵی1931 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانیاری لە کۆلێژی ویلایەتی کەنساس بەدەست هێناوە. ئیتر ژمارەیەك پلەوپایەی سەربازیوکارگێڕی میری لە حکومەتی عیراقی وەرگرتووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە خوولی یازدەهەمو دوانزدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. تەنیا ئەوە ماوەبڵێین بەهائەددین نووری لە نیسانی1960 لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا کۆچی دوایی کردووەو گەڵێك کتێبی بەنرخی چاپکراوی لە دوایی خۆیدا بەجێهێشتووە[2].

(1) دیمانەیەك لەگەڵ مەمەند بایز بابەکر لە17ی ئەیلولی 2006، هەولێر.( مەمەند بایز بابەکر ساڵی 1958 لە قەڵادزێ لە دایك بووەو کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدای 1982-1983 تەواو کردووە، ئێستاکەش راوێژکاری یاساییە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانو لە گەرەکی موفتی شاری هەولێر نیشتەجێیە) ؛ عبدالمجید فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الاول، ص ص190-191؛ میر بەسری، ناودرانی کورد، ل 156.

(2) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل206-209.

## تاهیر نەقشبەندی

ناوی تەواوی محەمەد تاهیر کوڕی جەمالەدین کوڕی محەمەد نەقشبەندییە باوکی زانای ئایینی بووە. ساڵی1921 لە مووسڵ لە دایك بووەو دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدایە. ناوبراو دوای دەرچوونیش لە چەند کارێکی میری کاری کردووە وەکو: ئەندامی دادگای ئیستئنافی ناوچەی مووسڵ، جێگری سەرۆکی دادگاو سەرۆکی دەستەی دادگای ئیستئناف لە مووسڵ، تاهیر نەقشبەندی لە خوولی سێزدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[1].

## تاریق عەسکەری

ناوی تەواوی محەمەد تاریق کوڕی جەعفەر پاشای عەسکەرییەو لە 19ی تشرینی یەکەمی1914 لە حەلەب لەدایك بووەو لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت خوێندوویەتی. هەروەها پەیوەندی بە کۆلێژی کەمبریدج کردووەو ئەندازەی ئالیی لە ساڵی1935 تەواو کردووە، لە هەمان کاتیش لە فرۆکەوانی خوێندوویەتیو مەشقی لە کۆمپانیای ئەندازەی ئسکوتلەندی بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە نێوان ساڵانی 1935- 1938 ئەنجامداوە. دوایی گەڕانەوەشی بۆ عیراق لە ساڵی 1938 کاری لە ئەندازەی ئاوەڕۆدا کردووە تاوەکو ساڵی1942. عەسکەری لە خوولی دەیەمو یازدەهەم بە نوێنەرایەتی لیوای کوتو خوولی سێزدەهەم تا پازدەهەم بە نوێنەرایەتی لیوای عیمارە بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی، بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین

(1) عدنان سامي نذير، دور نواب الموصل في البرلمان العراقي خلال العهد الملكي 1925-1958، اطروحة دكتوراة، كلية التربية، جامعة الموصل، 1993، ص الملاحق (ملحق رقم 8-13). زۆرمان هەوڵدا مێژووی کۆچی دوایی دەست نیشان بکەین بەڵام زانیاریمان دەست نەکەوت( توێژەر).

کە لە خوولی سێزدەهەمو پازدەهەم بۆتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران. دواکاری تاریق عەسکەری سەفیر عیراق بووە لە بریتانیا تا هەڵگیرسانی شۆڕشی14ی تەممووزی1958. ئیتر لە وێوە نیشتەجێ بووەو دەستی بەکاری بازرگای تایبەتی کردووە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی بە گشتیو ئەبووزەبی بە تایبەتی تا لە 2ی تەممووزی1986 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە[1].

## تۆفیق وەهبی

ناوی تەواوی تۆفیق وەهبی بەگ کوڕی مەعرووف بەگ کوڕی محەمەد بەگ کوڕی حەسەن بەگ کوڕی میران بەگ لە بنەماڵەی خدر بەگییە، کە یەکێك بووە لە میرەکانی میرانی بابان. ناوبراو لە یەکی کانوونی دووەمی1891 لە قەزازەکان لە مەڵبەندی سلێمانی لە دایك بووە. سەرەتا چۆتە خوێندنگای ئایینی لای عەزیز خواجە ئەفەندیو ئەدەبی کوردی، فارسی، تورکیو کەمێك عەرەبی خوێندووە، ئینجا چۆتە خوێندنگای ڕوشدییەی سەربازی لە سلێمانی لە ساڵی1899و یەکێك بووە لە خوێندکارە پێشکەوتووەکان. بەڵام کاتێك باوکی لە ساڵی1900 کۆچی دوایی کردووە توفیق بەگ لە قۆناغی دووەمی ڕوشدییە بووە، لەبەر ئەوە لەگەڵ دایکی چۆتەوە لای ماڵی باپیرانی، کەچی لەبەر حەزکردنیان بە تەواو کردنی خوێندن، خوێندنی ڕوشدییە لە1902 لە ماڵەوە تەواو کردووەو هەر ئەم ساڵەش پەیوەندی کردووە بە خوێندگای ئامادەیی سەربازی لە بەغداو ساڵی1905 تیادا دەرچووە بە پلەی یەکەم لەسەر پۆلەکەیدا. ئینجا چۆتە ئەستەنبوڵو پەیوەندی کردووە بە کۆلێژی جەنگو لە ساڵی1908 بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە. دوای ئەوەش

(1) مير بصري، اعلام السياسة في العراق الحديث، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، دار الحكمة لندن، 2005، ص 439.

پەیوەندی کردووە بە کۆلێژی ئەرکانی جەنگ لە ئەستەنبۆڵو لەوێشەوە بۆ بنکەی مەشق کردن ڕەوانە کراوە تاوەکو ساڵی1911 تیادا ماوەتەوەو ئینجا لە1918 بڕوانامەی ئەرکانی بەدەست هێناوە. ناوبراو بەشداری ژمارەیەك جەنگی کردووە لەتەك سوپای عوسمانیدا تا لە ئابی1919 گەڕاوەتەوە عێراقو بۆتە قائیمقامی ڕانییە، تۆفیق بەگ ژمارەیەکی زۆر پلەوپایەی میری وەرگرتووەو ڕۆڵێکی کارای لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بینیوە. هەروەها لە خوولی دەیەم بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵو لە خوولی یازدەهەم بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی. ناوبراو دوا ساتەکانی ژیانی لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا بەسەر بردووەو لە 5ی کانوونی دووەمی1984 کۆچی دوایی کردووەو لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی بۆ سلێمانی هێنراوەتەوەو لە پیرەمەگروون بەخاك سپێردراوە[1].

## تەحسین عەسکەری

ناوی تەواوی تەحسین کوڕی مستەفا بەگ کوڕی عەبدولڕەحمانی مودەریس ناسراو بە عەسکەرییە(( نازناوی عەسکەری بۆ دێی عەسکەری سەر بەناوچەی کەرکوك دەگەڕێتەوە)). تەحسین بەگ لەیەکی حوزەیرانی1892 لە بەغدا لە دایك بووەو دوای خوێندنی سەرەتایی ڕووی کردۆتە ئامادەیی سەربازی لە ساڵی1904و قۆناغەکانی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە. ئینجا چۆتە ئەستەنبۆڵو لە ساڵی1909 پەیوەندی بە خوێندنگای جەنگی کردووەو ساڵی1912 بە پلەی مولازمی دووەم تیایدا دەرچووە. لە پاشان ناوبراو چۆتە خزمەتکردنی سوپا لە سوپای عوسمانیو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی

(1) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ کارو چالاکی ئەو پیاوە مەزنە بڕوانە: هیوا حمید شریف، توفیق وهبي1891-1984 حیاته ودوره السیاسي والثقافي، بنکەی ژین، السلیمانیة، 2006، ص ص 19- 25، 104.

کردووە. دوای تەواو بوونی جەنگو دروست بوونی حکومەتی عیراقی گەڕاوەتەوە عیراقو لە نێو پۆلیسی عیراقی دەستی بە خزمەتکردن کردووەو ژمارەیەك پلەوپایەی میری وەرگرتووە تا پلەی وەزیریشی پێدراوە. تەحسین بەگ لە خوولی نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای حیللەو لە خوولی دەیەم بە نوێنەرایەتی لیوای بەغدا بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. سەر ئەنجامیش لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر ساڵی1947 کۆچی دوایی کردووە[1].

## جەلال بابان

ناوی تەواوی جەلال کوڕی ڕۆستەم لامیع بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ کوڕی ئیبراهیم پاشا کوڕی ئەحمەد پاشای بابانە. ساڵی1892 لە بەغدا لەدایك بووە، دایکی لە هۆزی میایی عەرەبییە. جەلال لە خوێندنگای ئامادەیی سەربازی خوێندوویەتیو ساڵی1909 ڕووی کردۆتە ئەستەنبۆڵو لە خوێندنگای سوپایی خوێندوویەتیو لە ساڵی1912 بە ئەفسەری تۆپسازی دەرچووە. ناوبراو بەشداری گەلێك شەڕی کردووە لە تەك سوپای عوسمانیدا. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش کاری بۆ بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کردووە لە کۆمەڵەی عەهدو حەرەس ئیستیقلال. دواتریش ژمارەیەکی زۆر پلەوپایەی لە حکومەتی عیراقی وەرگرتووە، لە وانە لە خوولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێرو خوولی دوازدەهەم بە نوێنەرایەتی لیوای دیالە بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ماوە بڵێین

(1) میر بصري، اعلام السیاسة في...، الجزء الثاني، ص ص115-116.

ناوبراو لە دوا ساتەکانی ژیانی تووشی نەخۆشی بووەو لە 22ی تشرینی یەکەمی1970 لە بەیروت کۆچی دوایی کردووە[1].

## شێخ جەلالی حەفید

شێخ جەلال کوڕی شێخ ئەحمەدی حەفید ساڵی1905 لە سلێمانی لە دایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتی، زمانی فارسی، عەرەبیو تورکی زانیوە. دواتریش بەشداری شۆڕشی شێخ مەحموودی کردووەو زۆر جار کاری تایبەتی شێخی ڕاپەراندووە. ناوبراو لە سەرەتای چلەکان دووخراوەتەوە بۆ رومادیو ماوەی ساڵێك لە وێدا ماوەتەوە، هەروەها چەند جارێکی تریش لەلای حکومەت قاچاغ بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە خوولی شەشەمو حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. شێخ جەلال لە 10ی تشرینی یەکەمی1962 لە شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانیو لە گردی سەیوان نێژراوە[2].

## جەلال عەبدولحەمید جاف

(1) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ژیانی بڕوانە: رجاء زامل كاظم الموسوي، جلال بابان و دوره السياسي في العراق حتى 1958، رسالة ماجستير، كلية التربية( ابن رشد) ، جامعة بغداد، 2002، ص ص6-16.

(2) دیمانەیەك لەگەڵ بابا تاهیر شێخ جەلال لە 5ی ئەیلولی 2006، سلێمانی.( بابا تاهیر شێخ جەلال لە ساڵی1932 لە سلێمانی لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیو= =دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووەو، دەرچووی کۆلێژی ماف 1958- 1959 زانکۆی بەغدایە. لە کاری میری کاری کردووە تا پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە. دوای ساڵی1975 یش پەیوەندی بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە. ئێستاکەش ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەو لە گەرەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانی نیشتەجێیە).

ناوی تەواوی جەلال کوڕی عەبدولحەمید کوڕی عەبدولمەجید بەگ کوڕی عوسمان پاشا کوڕی محەمەد پاشا کوڕی کەیخسرۆ بەگی جافە، ناوبراو لە خوولی چواردەهەمو شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[1].

## جەمال بابان

ناوی تەواوی جەمال کوڕی ڕەشید کوڕی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی خالید پاشا کوڕی ئەحمەد پاشای بابان زادەیە. ساڵی1893 لە بەغدا لە دایك بووە، لە کۆلێژی ماف خوێندویەتیو ساڵی1914 بڕوانامەی لێوەرگرتووە. ناوبراو لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەشداری کردووە لە تەك سوپای عوسمانیدا تاسەرئەنجام لەگەڵ گرتنی بەغدا دیلکراوەو ڕەوانەی هیندستان کراوە. دواتریش لەگەڵ دروست بوونی حکومەتی عیراقی چەندین پلەوپایەی وەرگرتووەو چەند جارێك بۆتە وەزیر لە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقی. جەمال بابان لە خوولی دووەم، پێنجەم، هەشتەم، نۆیەمو دەیەم بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێرو خوولی چوارەم بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵو خوولی یازدەهەم بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی. دواتریش لەکار کردن بەردەوام بووە تا لە کانوونی دووەمی1965 لەبەیروت کۆچی دوایی کردووە[2].

## جەمال عومەر نەزمی

(1) سالار عبدالكريم سندي، المصدر السابق، تحت الطباعة. زانیاری زیاترمان دەبارەی ناوبراو دەست نەکەوت( توێژەر).

(2) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل197-198؛ باقر امين الورد، اعلام العراق الحديث 1869-1969، مطبعة اوفسيت الميناء، بغداد، 1978، ص 215.

له بنەماڵەیەکی بەناوبانگی ناوچەی کفرییەو ساڵی1914 له دایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو یەکەمی ناوەندی له خوێندنگای( التنفیض) ی ئەهلی تا ساڵی1930 خوێندووە، دواتر ڕووی کردۆتە بەیروت بۆ تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی له زانکۆی ئەمەریکی، له ساڵی1933- 1937 لەو زانکۆیە خوێندوویەتیو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی له زانستی سیاسی بەدەست هێناوە. لەدوای گەڕانەوەی لەکار میری دەستی بەخزمەت کردووە. ساڵی1937 بۆتە قائیمقامی شارۆچکەی مەخمور، دواتر قائیمقامی هاشمییە لە حیللە، ئینجا قائیمقامی مەحموودییەو کازمییە له بەغدا. ساڵی1944 ڕووی کردۆتە بریتانیا بۆ مەبەستی خوێندن لەسەر کاروباری کارگێڕی بەشێوەیەکی گشتیو کاروباری سیاسی بە شێوەیەکی تایبەتی. دوای گەڕانەوەشی لە1945 بۆتە قائیمقامی شارۆچکەی موسەیب، ئینجا هاریکاری موتەسەڕڕیفی هەولێرو لە 1947- 1948 موتەسەڕڕیفی هەولێر. ناوبراو لە خوولی سێزدەهەم، چواردەهەم، پازدەهەم، بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[1].

## جەمیل بابان

ناوی تەواوی جەمیل کوڕی مەجید پاشا کوڕی عەبدولقادر پاشا کوڕی سلێمان پاشا کوڕی ئیبراهیم پاشای بابانە. ساڵی1884 لە کفری لەدایك بووە. سەرەتا لەسەر دەستی مامۆستای تایبەتی ئاینی خوێندوویەتیو ئینجا

(1) عبدالمجید فهمي حسن، تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة، الجزء الثاني، مطبعة دجلة، بغداد، 1947، ص ص 275-276؛ باقر امین الورد، المصدر السابق، ص218. ). زۆرمان هەوڵدا مێژووی کۆچی دوایی دەست نیشان بکەین بەڵام زانیاریمان دەست نەکەوت (توێژەر).

له خوێندنگای عوسمانی. ناوبراو ڕۆڵی کارای هەبووە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە تایبەت لە شۆرشی ئیبراهیم خانی دەلۆدا. جەمیل بابان لە خوولی چوارەم، پێنجەمو هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکوك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن تا لە تەمموزی1946 کۆچی دوایی کردووە[1].

## جەمیل ئاغای حەوێزی

ناوی تەواوی جەمیل ئاغا کوڕی حاجی ئەسعەد ئاغا کوڕی حاجی بەکر ئاغای حەوێزییە. لە ساڵی1869 لە شاری کۆیە لە دایك بووەو دایکی زبێدە خان کچی ئەحمەد ئاغای سەلیم ئاغای کێلەزینداتییە. ناوبراو لە ساڵی1876 لە مزگەوتی گەورەی کۆیە خراوەتە بەر خوێندنو قورئانو گوڵستانو بۆستانو چەند کتێبێکی دیکەی فارسیو عەرەبی خوێندووە تا بۆتە خوێندەوارێکی چاك. ئینجا لە تافی لاویەتی بۆتە سەرۆکی شارەوانی کۆیەو دواتریش دوای هاتنی ئینگلیزەکان لە ساڵی1918 کراوەتە یاریدەدەری حاکمی کۆیەو لە ساڵی1921 تا1931یش بە قائیمقامی کۆیە، لە مایسی1932 یش کراوتە قائیمقامی ڕانیە، بەڵام لە ساڵی دواتر دەستی لەکار کێشیاوەتەوە. ناوبراو لە خوولی نۆیەمو دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی تا لە مارتی1946 کۆچی دوایی کردووە[2].

(1) جمال بابان، المصدر السابق، ص220.
(2) کەریم شارەزا، لەناودارانی پارێزگای هەولێر کارگێڕیو پیاوی سیاسیی کورد جەمیلاغای حەوێزی 1896-1946، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(5) ، زستانی2000، ل ل134-151.

## جەمیل ئاغای گەردی

ناوی تەواوی جەمیل ئاغا کوڕی کاکل ئاغا کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەباس کوڕی عەرەب ئاغای گەردییە. ساڵی1886 لە دێی بەحرکەی سەر بە ناوچەی هەولێر لە دایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتی. سەرۆکی عەشیرەتی گەردی بووەو یەکێك بووە لە نزیکەکانی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی. دواتریش لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵیاندا هەبووە. ناوبراو لە خوولی حەوتەمو هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لە ساڵی1943 بە نەخۆشی سەرەتانی پرۆستات کۆچی دوایی کردووەو لە دێی بەحرەکە نێژراوە[1].

## حاجی شەمدین

ناوی تەواوی حاجی ئاغا کوڕی محەمەد کوڕی حاجی کوڕی شەمدین ئاغای سلێڤانییە، ساڵی1909 لە زاخۆ لە دایك بووەو توانای خوێندنەوەو نووسینی هەبووە. ناوبراو کاری تایبەتی سەرۆك هۆز بووە، هەروەها ئەندامی پارتی یەکێتی دەستووری بووە لە ساڵی1949. حاجی شەمدین لە خوولی دەیەم تا

(1) دیمانەیەك لەگەڵ وریا بایز جەمیل ئاغا گەردی لە 3ی ئەیلولی2006، هەولێر.( وریا بایز ئاغا لە ساڵی1945 لە دێی بەحرکە لەدایك بووەو خوێندنی سەرەتایی هەر لەم دێیە بریوەو دواناوەندیش لە هەولێر. ناوبراو دەرچووی کۆلێژی سەربازی زانکۆی بەغدایە ساڵی1968. دواتریش ئەفسەر بووە لە سوپای عیراقی. ئێستاکەش ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەو لە گەرەکی ئەفسەرانی شاری هەولێر نیشتەجێیە).

پازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ساڵی1989 لە زاخۆ کۆچی دوایی کردووە[1].

## حازم شەمدین ئاغا

حازم کوڕی یوسف پاشا کوڕی شەمدین ئاغایەو لەسەردارانی شاری زاخۆیەو لە ساڵی1895 لە زاخۆ لە دایك بووە. ناوبراو یەکێك بووە لەو کەسایەتییانەی کە گرنگی زۆری بە شوێنەوارو ڕۆشنبیری گشتی داوە، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر باسی لە ڕۆژنامەی( الاخاء) زمانحاڵی پارتی برایەتی نیشتمانی بڵاوکردۆتەوە. جگە لەوە لەکاری ڕێکخراوەییو میریش کاری کردووە، وەکو ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتی (حزب الوحدة الوطنية) بووە کە عەلی جەودەت ئەیوبی سەرۆکایەتی دەکرد، سەرەڕای ئەوەش گەیشتۆتە پلەی وەزیر لە وەزارەتەکەی تۆفیق سوێدی. حازم ئاغا لە خوولی یەکەم، دووەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەمو نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن تا لە حوزەیرانی1954 لە مووسڵ کۆچی دوایی کردووە[2].

## سەید حوسێنی خانەقا

ناوی تەواوی حوسێن کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسێنی خانەقایەو لە بنەماڵەیەکی ئاینی بەناوبانگی کەرکووکە. لە ساڵی1914 لە دایك بووەو لە خوێندنگای ئایینی خوێندنی تەواوکردووە. دواتریش لە دێی عەسکەری سەر بە

(1) عدنان سامي نذير، المصدر السابق، ص الملاحق (ملحق رقم 8-10) ؛ وصفي حسن، مندوبو بادينان في المجلس النيابي العراقي، مجلة مەتين، ژمارە(58) ،1996، ص106.تێبینی: لە خوولی دەیەمدا دوایی ساڵێك حاجی شەمدین دەست لە کار دەکێشێتەوە. عەبدوڵڵا سلێمان کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی مووسڵە لە شوێنی دانراوە.
(2) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل201-202؛ وصفي حسن، المصدرالسابق، ص 103.

ناوچەی کەرکوك بە بەڕێوەبردنی کاروباری کشتوکاڵی تایبەتی خەریك بووە. هەروەها ئەندامی پارتی یەکێتی دەستووری بووە تا لە خوولی چواردەهەم و پازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[1].

### حوسێنی مەلا

ناوی تەواوی حوسێن کوڕی محەمەد ناسراو بە( حاجی مەلا) کوڕی بایز ئاغای دزەییە، لەساڵی 1870 لە دەشتی هەولێر لەدایك بووەو کەسێکی نەخوێندەوار بووەو بەسەرپەرشتی کردنی کاروباری تایبەتی کشتوکاڵییەوە خەریك بووە. ناوبراو لە خوولی شەشەم و نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن و یەکێکیش بووە لە هاوسۆزانی بزووتنەوەی مایسی 1941 بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالیی گەیلانی. دوا ئەوەش بەکاری خۆیەوە خەریك بوو تا ئەوەی لە ساڵی 1957 کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی گوندی قازیخانەی سەر بەناحییەی قوشتەپەی هەولێر نێژراوە[2].

---

(1) عبدالمجيد فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ص 278-279؛ نبيل عكيد محمود المظفري، المصدر السابق، ص الملاحق( ملحق رقم 1) ؛ خسرو جاف، موسوعة اعلام الكرد المصورة، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة، بغداد، 2002، ص148.

(2) دیمانەیەك لەگەڵ سامان عەبدولقادر حوسێن مەلا، لە 23ی ئابی 2006، هەولێر. (سامان عەبدولقادر حوسێن ساڵی 1962 لە گوندی قازیخانە لەدایك بووەو ساڵی 1989= =کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددینی تەواوکردووە. بەڵام جارێکیتر چۆتەوە بەر خوێندن و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەکۆلێژی ئادابی بەشی زمانی ئینگلیزی ئێوارانی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر بەدەست هێناوە. ئێستاکەش خوێندکاری ماستەرە لە بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێردا).

### حەبیب عەبدولقادر تاڵەبانی

حەبیب کوڕی عەبدولقادر کوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانییەو ساڵی 1920 لە دایك بووە، لە ڕووی خوێندەوارییەوە تەنیا دەتوانێت بخوێنێتەوەو بنووسێ. ناوبراو ئەندامی پارتی یەکێتی دەستووری بووە تا ئەوەی لە خوولی چواردەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. حەبیب عەبدولقادر ئێستاکەش لە ژیان ماوەو لە شاری کەرکووك نیشتەجێیە[1].

### حەسەن جاف

حەسەن فەهمی کوڕی عەلی کوڕی مەحموود پاشای جافە، لە 16ی تشرینی دووەمی 1905 لە هەڵەبجە لە دایك بووەو لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەت خوێندوویەتی. دواتریش خەریکی کشتوکاڵی و بەڕێوەبردنی کاروباری عەشیرەتەکەی بووە، هەروەها خۆی بەکاری نووسینەوەش خەریك کردووە. ناوبراو لە خوولی دوانزەهەم، سێزدەهەم، پازدەهەم و شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. حەسەن جاف لە 18ی حوزیرانی 1973 لە بەغدا کۆچی داوایی کردووە[2].

### حەمدی سلێمان

---

(1) نبيل عگيد محمود المظفري، المصدر السابق، ص الملاحق( ملحق رقم 1).

(2) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل 223؛ جمال بابان، المصدر السابق، ص ص 238-240. <u>تێبینی:</u> جەمال بابان ساڵی 1906 بە ساڵی لەدایك بوونی داوەتە قەڵەم.

ناوی تەواوی حەمدی سلێمان فەوزییەو لە باوکێکی کوردو دایکێکی عەرەب لەدایك بووە. پلەی سەربازی سەرهەنگ(عەقید)بووەو خزمەتی زۆری لە سوپای عوسمانیو عیراقی کردووە. ناوبراو لە خooولی نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لە ساڵی1954 کۆچی دوایی کردووە [1].

## حەمە ئاغای عەبدوڵرەحمان ئاغا

ناوی تەواوی محەمەد ئاغا کوڕی عەبدولڕەحمان ئاغا کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا کوڕی عزیز ئاغا کوڕی مەحموود ئاغایە، ساڵی1898 لە دایك بووەو لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحموود بۆتە وەزیری ئەشغالو گەیاندن، دوای ئەوەش لەکاری سیاسی دانەبراوە تا ئەوەی لە خوولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو لە ساڵی1962 کۆچی دوایی کردووە[2].

## حەوێزی حەسەن ئاغا

ناوی تەواوی حەوێز ئاغا کوڕی حەسەن ئاغا کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی حەمە ئاغا کوڕی کەریم ئاغا کوڕی غەفور ئاغایەو لە بنەماڵەی بەناوبانگی غەفووری شاری کۆیییەو ناسراوە بە مەلا حەوێز، ساڵی1896 لە کۆیە لەدایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتیو فارسی، تورکیو عەرەبی زانیوە. ناوبراو لە سەردەمی عوسمانییەکان قوماندانی سوارەو پیادەبووەو دواتریش بۆتە بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە، ئینجا بە بەڕێوەبەری ناحییەی تەق تەق. لە خوولی

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل180.
(2) جمال بابان، المصدر السابق، ص717.

شەشەم، پازدەهەمو شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. شیاوی باسە مەلا حەوێز لە ماوەی بەستنی پەیمانی بەغدا لە ساڵی1955 لەگەڵ نوێنەری ئەمەریکی داوای دامەزراندی دەوڵەتی کوردی کردووە. هەروەها یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بە تەنگ کێشەی گەلەکەی بەگشتیو ناوچەی کۆیە بەتایبەتی بووە. هەر ئەوەش هانی داوە یارمەتی شۆڕشی ئەیلول بدا. مەلا حەوێز لە 11ی تشرینی یەکەمی1977 بە نەخۆشی لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووەو لە هەولێر لە گۆرستانی عوزێرییان نێژراوە[1].

## شێخ خالید نەقشبەندی

ناوی تەواوی شێخ محەمەد خالید کوڕی شێخ عەلائەددینی نەقشبەندییەو ساڵی1897 لە دێی بیارە لە دایك بووە، لە خوێندنی ئایینی خوێندوویەتیو لەسەر ڕێبازی بنەماڵەکەی ڕۆیشتووە. ناوبراو لە خوولی دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

(1) دیمانەیەك لەگەڵ سەردار حەوێز حەسەن ئاغا لە3ی ئەیلولی 2006، هەولێر.( سەردار حەوێز حەسەن ئاغا ساڵی 1948 لە کۆیە لە دایك بووەو کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی ساڵی1970-1971 تەواوکردووە. هەروەها دبلۆمی لە تووتنی ڕۆژهەڵاتی لە پەیمانگای کارل مارکسی سۆڤیەت لە ساڵی1979 بە دەست هێناوە. دواتریش لەکاری میری خزمەتی کردووە تا ئەوەی پلەی بەرزبۆتەوە بۆ بەڕێوەبەر گشتی لە ساڵی1985 لە ئەمینداریەتی گشتی شارەوانی گەشتو گوزار. ناوبراو ساڵی1988 لە مەترسی تایبەتی لە رژێمی بەعس خۆی خانەنشین کردووەو ئێستاکە لە هەولێر نیشتەجێیە).
(2) عبدالمجید فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الاول، ص ص160-161.

## خدر ئەحمەد پاشا

ناوی تەواوی خدر کوڕی ئەحمەد پاشا کوڕی حوسێن ئاغا کوڕی عەلی بەگ کوڕی حەسەن ئاغای دزەییە، ساڵی1870 لە دێی سۆربەشەی سەر بە دەشتی هەولێر لەدایك بووەو سەرۆکی عەشیرەتی دزەیی بووە. خوێندەواری نەبووە، بەڵام زمانی تورکی، عەرەبی‌و فارسی باش زانیوە. ناوبراو لە سەردەمی عوسمانییەکان لەگەڵ ئەوەی بە کاروباری تایبەتی خۆی بە کشتوکاڵی کردن خەریك بووە بەشداری شەڕی کردووە لە تەك سوپای عوسمانی لە دژی رووسەکان. دوای دروست بوونی حکومەتی عیراقی یەکێك بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەکەو حکومەت بایەخی پێداوەو، ئەویش پەیوەندی باشی لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی عیراقی هەبووە، بە تایبەت بەکر سدقی‌و نووری سەعید. خدری پاشا لە خوولی هەڵبژاردنی حەوتەم‌و هەشتەم‌و دەیەم‌و یازدەهەم‌و دوانزەهەم‌و سێزدەهەم‌و پازدەهەمی شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. بەڵام دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی هاتۆتە هەولێرو خاوەنی دیوەخانی تایبەتی خۆی بووە. هەروەها لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولیش یامەرتیدەری مادی شۆڕش بووە. شیاوی باسە خدری پاشا یەکەمین کەس بووە لە ساڵی1924 ئۆتۆمۆبێلی هێناوەتە هەولێرو تا تەمەنی سەد ساڵیش توانای لێخورینی هەبووە. خدری پاشا لە شەوی 15/14ی شوباتی1986 لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە لە دێی قورشاغلو نێژراوە[1].

(1) دیمانەیەك لەگەڵ کاکل شێخ محەمەد ئەحمەد لە 11ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر (کاکل شێخ محەمەد ئەحمەد کە دەکاتە برازای خدری ئەحمەد پاشا لە ساڵی 1918 لە دێی دیمەکار لە دایك بووەو تا شەشی سەرەتایی خوێندووەو دواتریش بەکاری تایبەتی کشتوکاڵی خەریك بووە. ناوبراو ئێستاکە لە گەرەکی رۆناکی لە شاری هەولێر نیشتەجێیە) ؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد خدر ئەحمەد لە 11ی تشرینی دووەمی

## خدر خدیدە

خدر خدیدە حەمو شرۆ ساڵی1900 لە سنجار لە دایك بووەو بە بنەچە کوردی یەزیدییەو سەرۆك هۆز بووە. ناوبراو لە خوولی سێزدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[1].

## دارا بەگی داودە

ناوی تەواوی دارا کوڕی محەمەد بەگ کوڕی عەلی ئاغا کوڕی ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی حەقی بەگی داودەیەو، ساڵی1891 لەدایك بووە. یەکێك بووە لەو پیاوچاکانی ناوچەکەو خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بووە، لەبەر دەست فراوانی لە یارمەتی دانی هەژاراندا. ناوبراو لە ساڵی1924 بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندنی عیراقی‌و، دواتریش لە خوولی شەشەم، نۆیەم، دەیەم‌و یازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای

2006= =هەولێر.( ئەحمەد خدر ئەحمەد ساڵی1932 لە دێی سۆربەش لە دەشتی هەولێر لە دایك بووەو تا دووی ناوەندی خوێندووە. دواتریش بەکاری تایبەتی کشتوکاڵی خەریك بووە. ئێستاکەش خاوەن دیوەخانەو لە گەرەکی ئازادی شاری هەولێر نیشتەجێیە).

(1) عدنان سامی نذیر، المصدر السابق، ص الملاحق ملحق رقم ( 8- 13) ؛ وصفي حسن، المصدر السابق، ص107. تێبینی: لەم دوو سەرچاوەیەدا ئاماژە بۆ دوو بیروڕای جیاواز کراوە سەبارەت بە مێژووی کۆچی دوایی کردنی خدر خدیدە: عەدنان سامی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تاوەکو ئێستاکە لە ژیان ماوە مەبەستی ساڵی1993. هەرچی وەسفی حەسەنە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە ناوەڕاستی حەفتاکان کۆچی دوایی کردووە. کەچی دوای گەڕان‌و هەوڵدان بۆ ورترین زانیاری دەرکەوت ساڵی 2003 کۆچی دوایی کردووە.

کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دارا بەگ لە شوباتی1956 کۆچی دوایی کردووەو لە ماڵەکەی خۆی نێژراوە[1].

### داود بەگی جاف

داود کوڕی فەتاح بەگ کوڕی محەمەد پاشای جافە، ساڵی1905 لە دێی میرە دێ سەر بە ناوچەی سلێمانی لە دایك بووەو لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەت خوێندوویەتی‌و لە پاشانیش خۆی بەکشتوکاڵەوە خەریك کردووە. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی بەرگری چاکی کردووە لە ناوچەکەی لە دژی سوپای ڕووس، هەروەها بەشداری شەڕی ئاوباریکی لە ساڵی1931 لە تەك شێخ مەحموودا کردووە. ناوبراو لە خوولی شەشەم، نۆیەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن تا بەرپابوونی شۆرشی چواردەی تەمموزی1958. ئینجا لە پاشان ڕووی کردۆتە ئێران تا لە مایسی1966 لە تارانی پایتەخت کۆچی دوایی کردووە[2].

### داود حەیدەری

ناوی تەواوی داود کوڕی وەهبی کوڕی ئیبراهیم پاشای شێخی ئیسلام کوڕی عاسم حەیدەرییە، لە ساڵی1886 لە هەولێر لەدایك بووە، خوێندنگای دواناوەندی لە مووسڵ تەواو کردووەو دوا ئەوەش ڕووی کردۆتە ئەستەنبۆڵ‌و لە خوێندنی ماف دەستی بە خوێندن کردووەو ساڵی1908 بڕوانامەکەی بەدەست

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل 192-193.
(2) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل109 بەدواوە؛ مصطفی نەریمان، تشکێك بۆسەر سوچێکی ژیانی داود بەگی جاف، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(41) ، 1992، ل ل16-17.

هێناوە. لە پاشان چەندین پلەوپایەی کارگێڕی لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرتووە تا لە ساڵی1921 گەڕاوەتەوە بەغداو بۆتە پشکێنەری یاسایی. حەیدەری جگە لەوەی چەندین پلەوپایەی تری وەرگرتووە لە نێو حکومەتی عیراقی لە خوولی یەکەم تا چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو دوایی شۆرشی 14ی تەمموزی1958 عیراقی جێهێشتووەو لە نێوان تورکیاو سویسراو فەرنسادا ژیانی گوزەراندووە تا لە20ی تشرینی دووەمی1965 لە ئەستەنبۆڵ کۆچی دوایی کردووە[1].

### دیدار حازم شەمدین ئاغا

ساڵی1926 لە زاخۆ لە دایك بووەو دەرچووی خوێندنی ئامادەییە، ناوبراو لە خوولی شازدەهەمینی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن‌و لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کۆچی دوایی کردووە[2].

### دێوالی سەعید دۆسکی

لە ساڵی1928 لە دێی گەرماڤا سەعید ئاغا لە نزیك دهۆك لە دایك بووە. لە ساڵی1949 ئەندامی سەرکردایەتی پارتی چاکسازی( الاصلاح)بووە کە سامی شەوکەت سەرکردایەتی کردووە، دواتریش بەشداری ژمارەیەکیتری پارتی سیاسی کردووە لە عیراق لە وانە پارتی ئومەی ئیشتراکی کە ساڵح جەبر

(1) بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ کارو کردەوەکانی بڕوانە: میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل 176-174.
(2) عدنان سامي نذير، المصدر السابق، ص الملاحق ملحق رقم(8-15) ؛ وصفی حسن، المصدر السابق، ص108. تێبینی: عەدنان سامی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە دیدار ئاغا تا ساڵی1993یش لە ژیان ماوە.

سەرۆكی بووە. ناوبراو لە دوای كۆچی دوایی باوكی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ لە خوولی یازدەهەمو دوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لە ئابی1982 لە دێی بەری بوهار لە نزیك دهۆك كوژراوە(1).

## ڕاغب عەبدوڵڵا

ناوی تەواوی ڕاغب كوڕی عەبدوڵڵا كوڕی عوسمان پاشا زادەیەو لەسەردارانی عەشیرەتی باجەلانە لە خانەقین. ناوبراو لە خوولی چواردەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بە نوێنەراتی لیوای دیالە بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لە كانوونی دووەمی 1968 لە خانەقین كۆچی دوایی كردووە(2).

## شێخ ڕەئووف شێخ مەحموود

ناوی تەواوی شێخ ڕەئووف كوڕی شێخ مەحموود كوڕی شێخ سەعید حەفید، ساڵی 1908 لە سلێمانی لە دایك بووە. لە خوێندنگای خواجە ئەفەندیو ڕوشدییەی مولكی خوێندوویەتی، ئینجا خوێندنی دواناوەندی لە بەغدا تەواوكردووەو دەرچووی كۆلێژی مافی زانكۆی بەغدایە لە ساڵی1941. دوای دەرچوونی لە زانكۆ بەكاری پارێزەری خەریك بووە. شێخ ڕەئووف لە خوولی هەشتەم تا دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دواتریش لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول

(1) وصفي حسن، نفس المصدر، ص106.
(2) میر بەسری، ناودارانی كورد، ل203؛ د. محمد علي الصويركي، المصدر السابق، ص 283.

بەشداری تیادا كردووە. دوای ئەوەش هەر بەكاری پارێزەری خەریك بووە تا ئەوەی لە 4ی تەمموزی 1978 لە بەغدا كۆچی دوایی كردووەو لە سلێمانی لە گردی شێخە بچووكە نێژراوە(1).

## ڕەسووڵ حەسەن ئاغا پشدەری

ناوی تەواوی ڕەسووڵ ئاغا كوڕی حەسەن ئاغا كوڕی سلێمان ئاغا كوڕی حوسێن ئاغا كوڕی حەمەد ئاغای میر ئاودەڵییە. ساڵی1924 لە دێی كەلەكانی سەر بەناحییەی بنگرد لە دایك بووە، قۆناغی ناوەندی تەواو كردووەو دواتر بە كاری تایبەتی خۆیەوە خەریك بووە تا ئەوەی لە خوولی پازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لەو ماوەیەش كەلە ئەنجوومەندا بووە پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەندامە كوردەكاندا هەبووەو بە تەنگ كەمو كوڕیو داواكاری خەڵكی كوردستان بەگشتیو ناوچەكەی بە تایبەتی بووە. هەروەها هەر لەو ماوەیەدا یارمەتی زۆری عوبەیدوڵڵا، ئیدریسو مەسعوود بارزانی كوڕانی مستەفا بارزانی داوە كە لەو ماوەیەدا دوور خرابوونەوە بۆ بەغدا. دوای ئەوەش كە ئەم خوولەی ئەنجوومەنی تەواو كردووە هەڵبژێردراوە بۆ نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەنی

(1) دیمانەیەك لەگەڵ مەلیحە عەبدولڕەحمان حاجی فەتاح قادر لە 5ی ئەیلولی 2005، سلێمانی. (مەلیحە عەبدولڕەحمان حاجی فەتاح قادر خێزانی شێخ ڕەئوف، ساڵی 1927 لە سلێمانی لە دایك بووەو تا دووی ناوەندی خوێندوویەتی. ئێستاكە ژنی= =ماڵەوەیەو لە گەرەكی توی مەلیك لە سلێمانی نیشتەجێیە) ؛ دیمانەیەك لەگەڵ شێخ حەسەن شێخ ڕەئووف لە 5ی ئەیلولی 2006، سلێمانی.( شێخ حەسەن شێخ ڕەئووف ساڵی 1948 لە سلێمانی لەدایك بووەو دەرچووی پەیمانگای ئەندازیاری پیشەسازی بەرزی بەغدایە لە ساڵی 1969. ناوبراو ئەندازیارەو ئێستاكەش لە گەرەكی توی مەلیك لە سلێمانی نیشتەجێیە).

یەکێتی عەرەبی هاشیمی، بەڵام لەبەر باری تایبەتی دەستی لەکار کێشاوەتەوە. ناوبراو یەکێك بووە لەبەشداری کەرانی خەڵکی ناوچەکەی لە ڕیورەسمی بەخێر هێنانەوەی مستەفا بارزانی لە ساڵی1959. هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی بە شۆڕش کردووەو بۆتە سەر لقو تا ساڵی1975 بەردەوام بووە. ڕەسوول ئاغا ئێستاکە لە ژیان ماوەو لە شاری ڕانییە نیشتەجێیەو بە کاری تایبەتی خۆیەوە خەریکە(1).

### ڕەفیق حاجی ئەمین خادم سەجاد

لە بنەماڵەی خادم سەجادی کەرکووکەو لە ساڵی1886 لە کۆیە لەدایك بووە. لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی گەورە خوێندوویەتی لەوانە مامۆستا عەلی حیکمەت کە قازی کەرکووك بووە. دوای دەرچوونی لە خوێندنو ئەنجامدانی تاقی کرنەوەی زانستی لە مووسڵ لە دادگای کەرکووك دامەزراوەو لەو پلەوپایە ماوەتەوە تا هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کەرکووك. لە دوایی دروست بوونی حکومەتی عیراقیش لە خوولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دواتریش بە کاری ئایینیەوە خەریك بووە تا ئەوەی لە ساڵی1936 کۆچی دوایی کردووە(2).

### زەید ئەحمەد عوسمان

ناوی تەواوی زەید کوڕی ئەحمەد کوڕی عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری سێیەم ناسراوە بە(مەلا گچکە) کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری

(1) دیمانەیەك لەگەڵ ڕەسوولّ حەسەن ئاغا لە یەکی ئەیلولی2006، دارەتوو.
(2) عبدالمجيد فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص280؛ نبيل عكيد محمود المظفري، المصدر السابق، صفحة الملاحق.

دووەم کوڕی مەلا عومەر کوڕی مەلا ئەبوبەکری یەکەم کوڕی مەلا شێخ شەمسەددین کوڕی مەلا شێخ شەهابەددین کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا ئەلیاسەو لە بنەماڵەی موفتی ناسراوی هەولێرە، ساڵی1924 لە هەولێر لە دایك بووەو کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە شارەزایی لە زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزیو فەرەنسی هەبووە. دوای ئەوە ماوەك بەکاری پارێزەری خەریك بووە تا لە خوولی شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن، ئەوە سەرەڕای ئەوەش کراوەتە ئەندامی ئەنجوومەنی یەکێتی هاشمی نێوان عیراقو ئوردن. ناوبراو ڕۆڵی کارای لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بینوە تا دوای نسکۆی1975 بە دڵ نیگەرانییەوە ڕووی کردۆتە فەرەنساو لە وێدا لە ساڵی1978 کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی هێنراوەتەوە هەولێرو بە خاك سپێردراوە(1).

### سامی عەبدولفەتاح بەگ

ساڵی1905 لە مووسڵ لە دایك بووەو هەر لەوێش خوێندوویەتیو بۆتە مامۆستا. ئینجا ڕووی کردۆتە بەغداو پەیوەندی بە خوێندنگای سەربازی کردووەو ساڵی1925 بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە. دواتر لە کۆلێژی ئەرکان لە ماوەی نێوانی ساڵانی1936- 1938 خوێندوویەتیو هەر لەوێشەوە ڕەوانەی بریتانیا کراوە بۆ خوێندنی فرۆکەوانی، ئەنجام دوای تەواو کردنی خوێندن بە ئەفسەری فرۆکەوانی گەڕاوەتەوەو یەکێك بووە لە یەکەمین خوولی فرۆکەوانی عیراقی، ناوبراو خزمەتێکی زۆری کردووە لە لایەنی فرۆکەوانیو تا پلەی بەرز بۆتەوە بۆ لیوا. لە ڕووی کارگێریشەوە پلەوپایەی بەرز بۆتەوە تا ئەوەی چەند جارێك بۆتە وەزیر. هەروەها جگە لەوەش لە

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل229-223.

خوولی شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنـەرانی عیراقـی بـە نوێنەرایـەتی لیـوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دواتریش ژیانی تایبەتی گوزەراندووە تـا لـە مایسی1987 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[1].

## سلێمان فەتاح

ناوی تەواوی سلێمان کوڕی میر لیوا فەتاح پاشایە، ساڵی1891 لـەدایك بووەو لە خوێندنگای سوپایی لە ئەستەنبوڵ خوێندوویـەتیو بەپلـەی ئەفسـەر خزمەتی سوپای تورکی کردووە. لە ناوەڕاستی ئابی1920 هاتۆتـەوە کفـریو هانی سەردارانی ناوچەکەی داوە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش بـەڕووی ئینگلیزەکـان. لەپاشان چۆتە بەغداو لە 18ی کـانوونی یەکـەمی1921 لـە ڕیـزی سـوپای عیراقی بە پلەی ڕائید دامەزراوە، سەر ئـەنجام چـەندین پلـەی تـری سـەربازی وەرگرتووە. ناوبراو لە خوولی سێیەم، چـوارەم، شەشـەم، دەیـەمو یازدەهـەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکوكو خوولی پێنجەم بـە نوێنەرایـەتی هـەولێر بۆتـە ئەنـدامی ئەنجوومـەن. سـلێمان فـەتاح لـە حوزەیرانی1960 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە[2].

## سەبری عەلی ئاغا

ناوی تەواوی سەبری عـەلی ئاغا تەهایە، لە بنەماڵەی کەرکووکلی زادەیە. ناوبراو لە ساڵی1894 لە بەغدا لە دایك بـووەو لـە خوێنـدنگای ڕوشـدییەی سەربازی خوێندوویەتیو دواتریش کۆلێـژی مـافی لـە بەغـدا تـەواو کـردووە. ناوبراو لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی بازرگان بووە بۆیە بەکاری بازرگانی خەریك

(1) میر بصري، اعلام السياسة في...، الجزء الثاني، ص193.
(2) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل150.

بووە، بەڵام جیا لەوە بـە نوێنەرایـەتی لیـوای سـلێمانیش لـە خـوولی دووەم، چوارەم، پێنجەم، حەوتەمو هەشـتەم بۆتـە ئەنـدامی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عیراقیو لە ساڵی1957 کۆچی دوایی کردووە[1].

## سەبیح نەشئەت

ناوی تەواوی ئەحمەد سەبیح کوڕی نەشئەت کوڕی بەکر کـوڕی مـەحموودی ئەربیلییەو لە ساڵی1882 لە سەماوە لە دایك بـووە، لەبـەر ئـەوەی بـاوکی قائیمقامی ئەوێ بووە، دواتر لە بەغـدا خوێندوویـەتیو ئینجـا ڕووی کردۆتـە ئەستەنبۆڵو لە خوێندنگای جەنگی بە پلەی ملازم لە ساڵی1900 دەرچـووە. هەروەها چۆتە خوێندنگای ئـەرکانی سـوپاو بـە پلـەی ڕەئـیس ڕوکـن تیایـدا دەرچووە، ناوبراو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە لـە تـەك سـوپای عوسمانیدا. بەکۆتا هاتنی جەنگیش گەڕاوەتـەوە بەغـداو لـە کابینـەی دووەمو سێیەمی وەزارەتەکەی عەبدولڕەحمان نەقیب بۆتە وەزیری مواسەلاتو ئیشغال، لە پاشانیش چەند جارێکیتر بۆتە وەزیر لە حکومـەتی عیراقـی. هـەروەها لـە خوولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو لـە 19ی تـەمموزی 1929 لـە ئەسـتەنبۆڵ کۆچی دوایی کردووە[2].

## سەدیق مەزهەر

سەدیق مەزهەر کوڕی مستەفا لە بنەماڵەی بنزرتلی زادەیە کـە بنەچـەی خانەوادەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ عەشیرەتی ئاکۆی سەر بـە ناوچـەی پشـدەر. لـە

(1) جمال بابان، المصدر السابق، ص408؛ میر بەسری، ناودارانی کورد، ل 155.
(2) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ژیانی بڕوانە: میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل168-170.

ساڵی1882 لە کەرکوك لە دایك بووەو خوێندنگای ناوەندی لە بەغدا تەواوکردووە، دواتر ڕووی کردۆتە ئەستەنبۆڵو لە ساڵی1901 چۆتە بەر خوێندنی مافو لە ساڵی1905 خوێندنی مافی تەواو کردووە. ناوبراو گەلێك پلەوپایەی میری لە حکومەتی عوسمانیو عیراقی وەرگرتووە، تا لە خوولی یازدەهەمینی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو هەر لەم خوولەش هەڵبژێردراوە بە جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەن. بەڵام لە 13ی نیسانی1947 دەستی لەکار کێشاوەتەوە. سەدیق مەزهەر تا دوایی ساڵی1974 لە ژیاندا ماوە[1].

## سەدیق میران

سەدیق میران کوڕی قادر بەگ کوڕی مستەفا بەگ کوڕی حەمەد بەگی سەرۆکی عەشیرەتی خۆشناوە، ساڵی1917 لە دێی قەرەسنج لە دایك بووەو تا یەکی ناوەندی خوێندوویەتیو کوردیو عەرەبی بە باشی زانیوە. ناوبراو لە دوای کۆچی دوایی باوکی لە خوولی نۆیەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. سەدیق میران کەسایەتییەکی نوێ بووە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە، هەر ئەوەش بووە کە جێگای ڕێزێکی تایبەتی بووە لای زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی کوردیو عەرەبی. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشا بکەین لەکاتی ئەندامییەتیش لە بەغدا پەیوەندی باشی لەگەڵ نووری سەعیدا هەبووەو ئەندامی حزبی دەستووری بووە، هەروەها لە کاتی پشووی ئەنجوومەنیش بە هۆی ماڵەکەی لە شەقڵاوە کە هاوینە هەوار بووە، دیوەخانەکەی شوێنگەی حەوانەی ئەندامە کوردو عەرەبەکانی

---

(1) میر بەسری، هەمان سەرچاوە، ل172.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بووە، ناوبراو داوی هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی1958 ئەگەرچی لەسەرەتا لەگەڵ بنەماکانی شۆڕشەکەدا نەبووە، بەڵام دواتر پەیوەندی لەگەڵ حکومەت ئاسایی کردۆتەوە تا لە شوباتی1961 لە شەقڵاوە کوژراوەو هەور لەوێشدا نێژراوە[1].

## سەعید حاجی حوسێن

سەعید حاجی حوسێن لە ساڵی1872 لە دایك بووەو لە بنەماڵەیەکی خاوەن سەروەتو سامان بووەو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی کفری بووە. ناوبراو لە خوولی یەکەمو دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

## سەعید حەققی

سەعید حەققی کوڕی محەمەد ساڵی1883 لە بەغدا لەدایك بووەو هەر لەوێشدا خوێندوویەتی، ئینجا ڕووی کردۆتە ئەستەنبۆڵ لە ساڵی1906 خوێندنگای سەربازی بە پلەی ئەفسەر تەواوکردووە. لە پاشان چۆتە خزمەتی

---

(1) دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر دڵشاد عومەر میران لە 4ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر. (دوکتۆر دڵشاد عومەر میران ساڵی 1946 لە هەولێر لە دایك بووە، نابراو بڕوانامەی دوکتۆرای لە بواری پزیشکی لە1981 لە فەرەنساو تایبەتمەندی پزیشکی لە ساڵی1986 لە بریتانیا تەواو کردووە. دواتر لە ساڵی1987 ڕووی کردۆتە وڵاتی بریتانیا، ئێستاکەش پزیشکی پسپۆرە لە نەخۆشییەکانی دڵ لە شاری بێرمینگ هامی ئەو وڵاتەو بەر پرسی ڕێکخراوی( KME) لە کوردستان. دوکتۆر میران ئێستاکە ژیان لە وڵاتی بریتانیا دەگوزەرێنی) ؛ دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر دارا عومەر میران لە 4ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر.( دوکتۆر دارا عومەر میران ساڵی1952 لە شەقڵاوە لە دایك= =بووەو بڕوانامەی دوکتۆرای لە وڵاتی پۆلەندا لە بواری کیمیا لە ساڵی1985 بە دەستهێناوە، ئێستاکەش پرۆفیسۆری یاریدەدەرەو ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێرەو، لە گەرەکی ئەفسەرانی شاری هەولێر نیشتەجێیە).

(2) نبیل عکید محمود المظفري، المصدر السابق، صفحة الملاحق.

سەربازی لە دەوڵەتی عوسمانیو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە. دوای جەنگیش لە ساڵی1921 چۆتە ڕیزی سوپای عیراقی بە پلەی ڕائیدو بەردەوام بووە تا ئەوەی پلەی گەیشتۆتە سەرهەنگ لە ساڵی1933. ناوبراو ژمارەیەك پلەو پایەی کارگێڕیو سەربازی وەرگرتووە تا ئەوەی لە1934 خانەنشین بووە. دواتریش لە خوولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. هەروەها لە سەردەمی وەزارەتی ئەرشەد عومەری لە ساڵی1946 بۆتە وەزیری بەرگری. سەعید حەققی لە 18ی مارتی1959 لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا کۆچی دوایی کردووە[1].

## سەعید ئاغای دۆسکی

ناوی تەواوی سەعید ئاغا کوڕی ئیسماعیل ئاغا کوڕی دیوالی ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی دۆسکییەو ساڵی1890 لەگوندی گەرماڤی نزیك بە شاری دهۆك لە دایك بووەو، توانای خوێندنەوەو نووسینی هەبووە. ناوبراو یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە هاوینی1944 پێشوازی لە مستەفا بارزانی کردووە لە دێی گەرماڤ لە کاتی گەشتە بەناوبانگەی بۆ ناوچەکەدا، هەروەها پەیوەندی بە پارتی هیواوە هەبووە. سەعید دۆسکی لە خوولی حەوتەمو یازدەهەمی ئەنجوومونی نوێنەرانی عیراق بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن تا لە ئەیلولی 1947 لە ئەنجامی ناکۆکی نێوانیان لەگەڵ

(1) میر بصري، اعلام السياسة في...، الجزء الثاني، ص126؛ حميد المطبعي، موسوعة اعلام العراق في القرن العشرين، الجزء الثالث، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1998، ص 98.

هۆزەکانی دەوروبەری خۆی کوژراوەو کوڕەکەی بە ناوی دیوالی لە شوێنی دانراوە[1].

## سەعید قەزاز

ناوی تەواوی محەمەد سەعید کوڕی میرزا مەجید کوڕی حاجی ئەحمەد کوڕی حاجی حەسەنی قەزازە، ساڵی1903 لە گەرەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایك بووە. لە تەمەنی منداڵی باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئینجا ژیان لای باپیرو دواتریش لای مامی گوزەراندووە. ناوبراو لە خوێندنگای دواناوەندی لە 1917 خوێندنی تەواو کردووەو سەرەتای کاری میریشی بە نووسەر لە بەشی پشکێنەرانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەست پێکردووە، دواتریش ژمارەیەکی زۆر پلەوپایەی میری دیوە تا گەیشتۆتە پلەی وەزیر لە حکومەتی عیراقی. سەرەڕای ئەوەش لە خوولی پازدەهەمو شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. بەڵام لەگەڵ بەرپا بوونی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 بەند کراوەو لە4ی شوباتی1959 بە فەرمانی دادگای گەل حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچووەو لە بەغدا لە سێدارەدراوە[2].

(1) عدنان سامی نذير، المصدر السابق، ص الملاحق ( ملحق رقم 8-7) ؛ وصفي حسن، المصدر السابق، ص 104 ؛ میر بقسری، ناودارانی کورد، ل179. تێبینی: سەبارەت بە مێژووی لە دایك بوونی بیروڕای جیاواز هەیە، عەدنان سامی بە ساڵی1882 لەقەڵەمی دەدات وەسفی حەسەنیش بە ساڵی1890.

(2) میر بەسری، هەمان سەرچاوە ، ل ل218-222،232-233؛ جمال بابان، المصدر السابق، ص ص350-354. تێبینی: جەمال بابان ساڵی 1904 بە ساڵی لە دایك بوونی دەداتە قەڵەم.

## سەلاحەددین بابان

سەلاحەددین کوڕی ڕۆستەم لامیع بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ کوڕی ئیبراهیم پاشا کوڕی ئەحمەد پاشای بابانە، ساڵی1891 لە سویرە لە دایك بووە، خوێندنی لە کوتو بەغدا تەواو کردووەو ساڵی1914 بڕوانامەی لە کۆلێژی ماف بەدەست هێناوە. ناوبراو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووەو تێدا بریندار بووە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگیش خەریکی سەرپەرشتی موڵکەکانی بووە. سەرەڕای ئەوەش لە خوولی سێیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێرو لە خوولی دەیەم بە نوێنەرایەتی لیوای کوتو خوولی یازدەهەمیش بە نوێنەرایەتی لیوای دیالە( خانەقین) بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. سەلاحەددین بابان ژمارەیەك پلەوپایەی تری میری وەرگرتووە تا لە 30ی مایسی1950 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[1].

## سەلیم محەمەد پشدەری

سەلیم ئاغا کوڕی محەمەد ئاغا کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەد ئاغای میراودەلییەو ساڵی1915 لە دێی کولارە لە ناوچەی پشدەر لە دایك بووە. زانستی ئایینی بە زمانی کوردیو فارسی لەسەر دەستی مامۆستای تایبەتی دێیەکەی خوێندووە. دواتریش بەکاری کشتوکاڵی لە دێی شۆرە خەریك بووەو یەکێك بووە لە خۆشەویستانی ناوچەکەی. ناوبراو لە خوولی یازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل194.

سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. سەلیم ئاغا لە تشرینی یەکەمی1992 کۆچی دوایی کردووەو لە گرب داغ لە قەڵادزێ نێژراوە[1].

## سەیفوڵڵا خەندان

دوکتۆر سەیفوڵڵا خەندان کوڕی عزەت بەگ کوڕی حوسێن پاشایە، لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی سلێمانییە. دایکی لە بنەماڵەی بابانەکانە. ناوبراو لە ساڵی1897 لە ئەستەنبۆل لە دایك بووەو هەر لەوێش خوێندوویەتی. سەیفوڵڵا لە ساڵی1923 هاتۆتەوە عیراقو بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی لە خوولی دووەم تا شەشەمو هەروەها نۆیەم بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پلەوپایەتری کارگێری وەرگرتووە. خەندان لە ساڵی1951 لە پاریس بڕوانامەی دوکتۆرای لە زانستی سیاسیی لەسەر کێشەی قوبرس وەرگرتووە. ماوەبڵێین ناوبراو لە ساڵی1971 لە شاری ڤیەننا لەگەڵ خێزانەکەی بە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستداوە[2].

## د. شکوری محەمەد سەگبان

دوکتۆر شکوری محەمەد ساڵی1881 لەدایك بووەو خەڵکی پاقرمادەنی سەر بە شاری دیاربەکرەو کۆلێژی پزیشکی لە پاریس، بەرلینو ڤییەنا تەواو کردووە. ناوبراو دامەزرێنەرو هاریکاری" **کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقی کورد-1908**" بووە، هەروەها پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ سەرانی" **کۆمەڵەی هێڤی1912**" هەبووە. دواتر بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی" **کۆمەڵەی**

(1) عبدالمجید فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الاول، ص194؛ دیمانەیەك لەگەڵ مەمەند بایز بابەکر لە17ی ئەیلولی2006، هەولێر.
(2) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل209-210.

**تەعالییی کوردستان 1918"** هەڵبژێردراوە، هەروەها ناوبراو لە ساڵی1927 سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی دامەزراندنی **" کۆمەڵەی خۆیبوون"**ی کردووەو بۆتە یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵەیە. دوکتۆر شکوری لەگەڵ هاتنە سەر حکومی کەمالییەکان لە تورکیا هاتۆتە عیراقو، لەوماوەیەشدا لە خوولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دوکتۆر سەگبان لە ساڵی1923 نامیلکەیەکی بە زمانی تورکی نووسیوە بە ناونیشانی(( کورد چی لە تورك ئەوێ؟))، بەڵام لە دواتر نامیلکەیەکی تری نووسیوە بە ناونیشانی(مەسەلەی کورد)و لە پاریس بە چاپی گەیاندوەو لە سەرجەم بیروباوەرە سیاسییەکانی خۆی پاشگەز بۆتەوەو گەڕاوەتەوە تورکیاو لەوێدا ژیانی گوزەراندوە تا لە ساڵی1960 لە ئەستەنبۆل کۆچی دوایی کردووەو سەری ناوەتەوە[1].

## عزەت عوسمان جاف

ناوی تەواوی عزەت کوڕی مەحموود کوڕی محەمەد پاشا کوڕی کەیخەسرەو بەگ کوڕی سلێمان بەگ کوڕی زاهیر بەگی جافە. ناوبراو لە ساڵی1924 بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندنی عیراقو دواتریش لە خوولی هەشتەم تا

(1) رفيق حلمي، مقالات، بغداد، مايس، 1956، ص ص4 ، 14؛ روهات ئالاکۆم، خۆیبوونو شۆڕشی ئاگری، وەرگێرانی: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، ل ل30،20؛ کونێ ڕەش، جمعية خويبون 1927 وقائع ثورة ارارات1930، الطبعة الاولى، اربيل،2000، ص60؛ ئازاد گەرمیانی، الاسلام والانتماء الى القومية الكردية، مجلة روناكبير، العدد(1) ، السنة الاولى، سليمانية،2001، ص69؛ شاخوان عبدالله صابر، رفيق حلمي1889-1960 دراسة تاريخية في نشاطه السياسي و الثقافي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، 2006، ص132.

دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. عزەت جاف لە ئابی1945 کۆچی دوایی کردووە[1].

## عزەددین مەلا فەندی

عزەدین کوڕی مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی( مەلا گچکەی دووەم) کوڕی حاجی عومەر ئەفەندی کوڕی مەلا ئەبوبەکری سێیەم ناسراوە بە( مەلا گچکە) کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکری دووەم کوڕی مەلا عومەر کوڕی مەلا ئەبوبەکری یەکەم کوڕی مەلا شێخ شەمسەددین کوڕی مەلا شێخ شەهابەددین کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا ئەلیاسەو لە بنەماڵەی موفتی ناسراوی هەولێرە. ساڵی 1917 لە دایك بووەو لەسەر دەستی باوکی کە زانای ئایینی بووە خوێندوویەتیو دواتریش چۆتە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت، هەروەها بڕوانامەی ماستەری لە کۆلێژی ئابووری لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە. شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکیو فارسیدا هەبووە. ناوبراو لە خوولی یازدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە عزەدین مەلا لە خوولی یازدەهەمو سێزدەهەم بە جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانو لە خوولی چواردەهەمو شازدەهەم بە جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژێردراوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە 1957- 1958 بۆتە وەزیر بە بێ وەزارەت لە حکومەتی عیراقی. ماوەبڵێین ناوبراو لە 12ی مایسی 1999 کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیان لە هەولێر نێژراوە[2].

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل140-141؛ د. محمد علی الصويركي، المصدر السابق، ص427.

(2) دیمانەیەك لەگەڵ ئازاد عزەدین مەلا فەندی، لە 30ی ئابی2006 هەولێر. ( ئازاد عزەدین مەلا فەندی، ساڵی 1949 لە هەولێر لەدایك بووە، کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدای ساڵی1975- 1976 تەواو کردووەو دبلۆمی عالیی لە پەیمانگای قەزایی

## شێخ عوبەیدوڵڵا بریفکانی

شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی نوور محەمەد کوڕی عەبدولقادری بریفکانییەو ساڵی1885 لەدایك بووە، لەسەر دەستوورو شێوازی بنەماڵەکەیان پێگەیشتووە. عەرەبیو تورکیو فارسی زانیوەو یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی ناوچەکە، بۆیە بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی مەبەعوسان لە دەوڵەتی عوسمانی. دواترییش پاش دامەزراندنی حکومەتی عیراقیش بۆتە ئەندامی پارتی پێشکەوتن لە ساڵی1925. ناوبراو لە خوولی دووەم، شەشەمو نۆیەم بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی. شێخ عوبەیدوڵڵا ساڵی1954 لە مووسڵ کۆچی دوایی کردووە(1).

## عومەر خدر پشدەری

ناوی تەواوی عومەر ئاغا کوڕی خدر ئاغا کوڕی حاجی ڕەسوڵ ئاغا کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی حەمەد ئاغای میراودەلییە. ساڵی1925 لە دێی هێرۆ

---

بەغدا لە ساڵی1985- 1986 وەرگرتووە. دواتریش لە ژمارەیەك کاری میری خزمەتی کردووەو ئێستاکەش وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری داد لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو لە هەولێر نیشتەجێیە). بۆ بەشێك لە ڕۆڵی عزەددین مەلا فەندی لە کاتی ئەندام ئەنجوومەنیدا بڕوانە: مذكرات عزالدين الملا، الجزء الخاص بعام1956م، تحقيق وتقديم: عثمان رشاد المفتي، مخطوطة محفوظة في مكتبة رشاد محمد الموفتي.

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل 154-155؛ عدنان سامی نذير، المصدر السابق، ص الملاحق( ملحق رقم 8-3) ؛ وصفي حسن، المصدر السابق، ص104. تێبینی: سەبارەت بە مێژووی لەدایك بوونو کۆچی دوایی کردنی شێخ عوبەیدوڵڵای بریفکانی بیروڕای جیاواز لە سەرچاوەکاندا هەیە. لە وانە میر بەسری ساڵی 1884 بە ساڵی لە دایك بوونو ساڵی1956 بە ساڵی کۆچی دوایی دادەنێت. عەدنان سامی ساڵی1882 بە ساڵی لە دایك بوونو ساڵی1954 بە ساڵی کۆچی دوایی دادەنێت. هەروەها وەصفی حەسەن ساڵی1885 بە ساڵی لەدایك بوونو ساڵی1954 بە ساڵی کۆچی دوایی دادەنێت.

لە دایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتی. ناوبراو لە خوولی سێزدەهەمەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ئەوە لە لایەك، لەلایەکی دیکەشدا لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە تا نسکۆی شۆرش لە ساڵی1975. عومەر ئاغا لە ساڵی1987 کۆچی دوایی کردووەو لە سلێمانی نێژراوە (1).

## عەبدولحەمید جاف

عەبدولحەمید کوڕی عەبدولمەجید بەگ کوڕی عوسمان پاشا کوڕی محەمەد پاشا کوڕی کەیخسرۆ بەگی جافە، ساڵی1889 لە هەڵەبجە لەدایك بووەو لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەت خوێندوویەتی. دوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن بریتانییەکان کراوە بە یاریدەدەری حاکمی سیاسییو دواتریش لە ساڵی1925 بە قائیمقامی هەڵەبجەو لە ساڵی1931- 1933 بە قائیمقامی چەمچەماڵ دامەزراوە. ناوبراو لە خوولی حەوتەم، یازدەهەم تا سێزدەهەمو پازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای

---

(1) پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ حاجی مەحموود حاجی ڕەسووڵ ئاغا لە 31ی ئابی 2006. (حاجی مەحموود حاجی ڕەسووڵ ئاغا ساڵی1935 لە دێی هێرۆ لەدایك بووەو سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتیوگۆڵستانو بۆستانی فارسی خوێندووە. ئینجا چۆتە خوێندنی فەرمیو سەرەتایی لە قەڵادزێ تەواو کردووە. دواتریش یەكو دووی ناوەندی لە سلێمانیو سێ ناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە. ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی1975. دواتریش لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بۆتە پێشمەگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو تا دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری 1991 بەشداری کردووە. حاجی ئاغا ئێستاکە لە شاری قەڵادزێ نیشتەجێیەو خەریکی کاری تایبەتی خۆیەتی).

سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. عەبدولحەمید جاف لە ساڵی 1988 کۆچی دوایی کردووە[1].

## عەبدولقادر تاڵەبانی

عەبدولقادر کوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانییەو ساڵی1876 لەدایك بووە، لە بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی کەرکووکە. ناوبراو لەبەر نزیکایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ بەکر سدقی لە خوولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو ساڵی1952 کۆچی دوایی کردووە[2].

## شێخ عەبدلوەهاب تاڵەبانی

ناوی تەواوی شێخ عەبدولوەهاب کوڕی شێخ مەجید کوڕی شێج عەزیزی تاڵەبانییە، لە ساڵی1886 لە دێی لەیلان لە دایك بووەو لەسەر دەستی مامۆستای تایبەتی خوێندوویەتی، دواتریش بەکاری تایبەتی خۆی خەریك بووە. ناوبراو لە خوولی هەڵبژاردنی هەشتەم، دەیەمو دوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووكو خوولی حەوتەم بە نوێنەرایەتی لیوای دیالە بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[3].

---

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل182؛ خسرو جاف، موسوعة اعلام الكرد المصورة، الجزء الثانی، الطبعة الاول، دار الشؤون الثقافية، بغداد،2004، ص259؛ عبدالمجيد فهمي حسن، المصدر السابق، ص168. تێبینی: عەبدولمەجید فەهمی حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ساڵی1895 لە دایك بووە.

(2) نبيل عكيد محمود المظفري، نفس المصدر والصفحة.

(3) عبدالمجيد فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص319؛ میر بەسری، ناودارانی کورد، ل173؛ نبيل عكيد محمود المظفري، المصدر السابق، الصفحة الملاحق.

## عەبدوڵڵا دەمەلۆجی

عەبدوڵڵا کوڕی سەعید کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەندی سەرۆکی زانایانی دەمەلۆجییە، لە ساڵی1890 لە مووسڵ لەدایك بووەو لە وێدا خوێندوویەتیو دواتر چۆتە بەغداو لە خوێندنگای ئامادەیی سەربازی خوێندوویەتی. ئینجا بۆ ئەستەنبۆڵو لە کۆلێژی حەیدەر پاشای پزیشکی خوێندوویەتیو لە ساڵی1913 لێیدەرچووە، دواتریش پەیوەندی بە سوپا دەکاتو بە پلەی یوزباشی وەرگیراوەو بەشداری شەڕی بەلقانی کردووە. دوای ئەوەی کە گەڕاوەتەوە لە کاری پزیشکی میری لە دەوڵەتی عوسمانی کاری کردووە. ساڵی1921 گەڕاوەتەوە بەغداو لە حکومەتی عیراقی ژمارەیەك پلەوپایەی فەرمی وەرگرتووە. ناوبراو لە خوولی سێیەمو یازدەهەمودوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. عەبدوڵڵا دەمەلۆجی لە دوادوا ساتەکانی ژیانی تووشی نەخۆشی شێر پەنجە بووەو لە 2ی کانوونی یەکەمی1971 بەو نەخۆشییە کۆچی دوایی کردووەو لە مووسڵ لە گۆرستانی بنەماڵکەیان نێژراوە[1].

## عەبدوڵڵا ئاغا شەرەفانی

ناوی تەواوی عەبدوڵڵائاغا کوڕی ئیبراهیم ئاغا کوڕی عومەر ئاغا کوڕی محەمەد ئاغا کوڕی ئەحمەد ئاغا کوڕی عیسا ئاغای شەرەفانییە. ساڵی1877 لە دێی کمە سەر بە شارۆچکەی شێخان لە دایك بووە. ناوبراو یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بەشداری شەر شوعەیبییەی کردووە لە تەك شێخ مەحموود لە دژی

---

(1) میر بصري، اعلام السياسة في...، ص ص 62-65؛ حميد المطبعي، المصدر السابق، الجزء الثالث، ص160.

ئینگلیز، هەروەها یەکێك بووە لە لایەنگیرانی بزووتنەوەی مایسی 1941 هەر بۆیە دوور خراوەتەوە بۆ شاری عیمارە، جگە لەوەش ئەندامی پارتی یەکێتی دەستووری بووە لە ساڵی 1949. عەبدوڵڵا ئاغا لە خوولی دوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[1].

## عەبدوڵڵا موخلیس بەگ

عەبدوڵڵا موخلیس بەگ کوڕی ئەسعەد بەگ کوڕی ڕەسوڵ پاشایەو لە ساڵی 1859 لە بەغدا لەدایك بووەو لای مامۆستایی تایبەتی خوێندوویەتی، لە دوای کۆچی دوایی باوکی ماڵەکەی بردۆتە کەرکوكو لە قەڵەمی تەحریرات دامەزراوە تا بۆتە بەڕێوەبەر. ساڵی 1889 بەناوی مەئمووریەتی لێکۆڵێنەوە چۆتە کۆیەو ڕەواندزو لە پاشانیش لە چەند شوێنێك بۆتە قائیمقام، لە وانە لە ساڵی 1906 لە ڕەواندز. لە ساڵی 1924 بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندنو لە خوولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ئیتر ماڵەکەی بردۆتەوە بەغدا تا لە ساڵی 1941 لە وێدا کۆچی دوایی کردووە[2].

---

(1) جمال بابان، المصدر السابق، ص434؛ وصفي حسن، المصدر السابق، ص105؛ عدنان سامی نذیر، المصدر السابق، ص الملاحق( ملحق رقم 8-12). تێبینی: لەسەرچاوەکاندا بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە مێژووی لەدایك بوونی عەبدوڵڵا ئاغا. لە وانە جەمال بابان ئاماژەی بۆ ساڵی 1879دەکات، وەسفی حەسەن بە ساڵی 1877 دەیداتە قەڵەمو عەدنان سامییش بە ساڵی 1882. ). زۆرمان هەوڵدا مێژووی کۆچی دوایی دەست نیشان بکەین بەڵام زانیاریمان دەست نەکەوت( توێژەر)

(2) حوسێن حزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، چاپی دووەمیین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1962، ل ل 105-106.

## عەبدوڵڵا موفتی

ناوی تەواوی عەبدوڵڵا کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ مەلا ئیسحاقی ئەفەندییە، ناوبراو لە بنەماڵەکی ناسراوی هەولێرەو خاوەن مزگەوتو خوێندنگای تایبەت بووینە لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر. عەبدوڵڵا موفتی لە هەولێر لەدایك بووەو لەسەردەستی زانایانی بنەماڵەکەیان خوێندوویەتی، دوای کۆچی دوایی باوکیشی سەرپەرشتی کردنی کاروباری مزگەوتو خوێندنگاکەی گرتۆتە ئەستۆو یەکێك بووە لە زانا بەزرو ئەدیبە خۆشەویستەکانی هەولێر. سەرەڕای ئەوەش لە چەند کارێکی میر کاری کردووە لە وانە: لە ساڵی 1921 موفتی هەولێر بووە، لە ساڵی 1926 سەرۆکی شارەوانی هەولێر بوو، لە خوولی دووەمو چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن، لە ساڵی 1936 کراوەتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئەموال قاسرینی کەرکوکو دواکاریشی کارمەندی قازی بوو لە دادگای شەرعی کەرکوك تا لە ساڵی 1950 کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی مزگەوتی بنەماڵەکەیان لە هەولێر نێژراوە[1].

## عەتائوڵڵا ئاغا ڕەشید ئاغا

ناوی تەواوی عەتائوڵڵا ئاغا کوڕی حاجی ڕەشید ئاغا کوڕی وەیسی ئاغا کوڕی یەحیا ئاغا کوڕی عەبدولوەهاب ئاغا کوڕی ئەحمەد ئاغایەو لە عەشیرەتی مەمووندی ناوچەی شەمامکی دەشتی هەولێرە. ساڵی 1882 لە

---

(1) مەولود قادر بێخاڵی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل 78. تێبینی سەید مەولود بێخاڵی ئاماژەی بەوە کردووە کە عەبدوڵڵا موفتی لە چوار خوولی ئەنجوومەن بۆتە ئەندام، بەڵام لە ڕاستی لە دوو خوول بۆتە ئەندام( توێژەر).

هەولێر لەدایك بووەو لای مامۆستای تایبەتو خوێندنگای فەرمی سەردەمی عوسمانی خوێندوویەتیو لە زانستی ئایینی شارەزا بووە. ناوبراو لە خوولی هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دوای بەرپابوونی شۆڕشی14ی تەمموزی1958 بە کاری تایبەتی خۆیەوە خەریك بووە تا ئەوەی لە ساڵی1963 کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی ئیمام محەمەد لە هەولێر نێژراوە[1].

## عەلی حاجی ئەحمەد ئاغای عوزێری

ناوی تەواوی عەلی کوڕی حاجی ئەحمەد ئاغای کوڕی تەها ئاغای کوڕی فەتحوڵڵا ئاغای عوزێرییە. لە ساڵی1910 لە قەڵاتی هەولێر لە دایك بووەو خوێندنگای ڕوشدییە بە زمانی تورکی خوێندووە کە هاوتای خوێندنگای سەرەتایی ئێستاکەبووە. لە پاشان وازی لە خوێندن هێناوەو خەریکی کاری تایبەتیو سەرپەشتی کردنی کاروباری کشتوکاڵی بووە. ناوبراو پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عیراقی هەبووە بە تایبەت سەعید قەزاز. هەروەها یەکێك بووە لە لایەنگیرانی بزووتنەوەی مایسی1941 بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالیی گەیلانی، هەر بۆیە دوای نووشستی هێنانی بزووتنەوەکە دووساڵ

(1) دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر ئەرسەن موسا ڕەشید لە 3ی ئەیلولی 2006، هەولێر( ئەرسەن موسا ڕەشید ساڵی1953 لە هەولێر لە دایك بووەو سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی عەرەبیو ئایینی زانکۆی بەغدا لە ساڵی1977 بەدەست هێناوە. ناوبراو ماستەرو دوکتۆرای لە زانکۆی ئوم دین بەرەی سکوتلەندی بریتانی ساڵی1983 تەواو کردووە. دوای گەڕانەوەشی لە زانکۆ کاری کردووە تا ئەوەی لە ساڵی2000 پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە. دوکتۆر ئەرسەن ماوەی نێوان 1994-2004 سەرۆکی بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر بووە. ئێستاکەش سەرۆکی بەشی مێژووی ئێوارانی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێرەو لە هەولێر نیشتەجێیە).

بەندکراوە. عەلی ئاغا بۆتە ئەندامی حزبی ئیتحادی دەستووری کە نووری سەعید سەرۆکایەتی کردووە، لە پاشانیش هەر لە سەر لیستی ئەو حزبە خۆی بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران پاڵاو تووەو لە خوولی دوازدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لەو ماوەشدا کە ئەندامی ئەنجوومەن بووە لە ساڵی1953 یەکێك بووە لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە سەردانی تورکیایان کردووە. هەروەها لە ساڵی1958یش بە وەفدێکیتر سەردانی ئوردنی کردووە. شیاوی باسە ناوبراو ئەگەرچی بەشداری پراکتیکی لە شۆڕشی ئەیلول نەکردووە، کەچی یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی هەولێر کەیارمەتی شۆڕشی ئەیلولی داوە. بەڵام یەکێك لە ڕووداوەکانی کە لە دواساتەکانی ژیانی تووشی هات، ئەویش لە شوباتی1996 لەگەرەکی ئازادی شاری هەولێر کۆمەڵێك چەکداری نەناسراو هەڵیان کوتایە سەرماڵەکەیو سەرەڕای تاڵان کردنی ماڵەکەی، ناوبراویشیان زامدار کردووە، بۆیە هەر ئەو بابەتە بۆتە یەکێك لە کۆسپەکانی ژیانیو بەو نەخۆشییەوە لە29ی کانوونی یەکەمی 1998 لە هەولێر کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی بنەماڵەکەیان لە تەنیشت مزگەوتی شێخ مستەفای نەقشبەندی نێژراوە[1].

(1) سەید مەولود بێخاڵی، هەولێرم وادیوەو بیستووە؛ ڕابردوویەکی مێژووییو زانیارییو کۆمەڵایەتیی- سیاسییە، بەرگی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2005، ل ل180-186؛ دیمانەیەك لەگەڵ تەڵعەت عەلی ئەحمەد لە 23ی ئابی2006 هەولێر. (تەڵعەت عەلی ئەحمەد ساڵی1942 لە دایك بووەو کۆلێژی کشتوکاڵ زانکۆی مووسڵی لە 1969-1970 تەواو کردووە، ئێستاکەش خانەنشینەو لە هەولێر نیشتەجێیە) ؛ دیمانە لەگەڵ دوکتۆر جەودەت عەلی ئەحمەد لە 23ی ئابی 2006 هەولێر.( جەودەت عەلی ئەحمەد ساڵی1942 لە دایك بووەو کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئەستەنبۆلی لە 1980 تەواو کردووە، ئێستاکەش کارمەندە لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانو لەهەولێر نیشتەجێیە).

## عەلی حەیدەر سلێمان

عەلی حەیدەر کوڕی سلێمان بەگ کوڕی عەلی بەگی سیلاحشۆڕەو لە 4ی مارتی1905 لە ڕەواندز لە دایك بووەو لە نەوەی میرانی سۆرانە. ناوبراو بە هۆی بەندکردنی باوکی کە تۆمەتی کوشتنی ئەفسەرێکی عوسمانی درابووە ئەستۆ لەگەڵ دایکییەوە دەچێتە مووسڵ لای ماڵی خاڵوانی، بەڵام دوای چوار ساڵ بەندیو ئازاد بوونی باوکی لەگەڵ دایکی دەگەڕێتەوە ڕەواندز. مانەوەی عەلی حەیدەر لە ڕەواندز هێندەی پێناچێتو دەگەڕێتەوە مووسڵو لەوێشدا دەچێتە بەر خوێندن، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە خوێندن دادەبڕێتو دوای جەنگیش دەگەڕێتەوە ڕەواندز. ئینجا بۆ جارێکیتریش چۆتەوە مووسڵو لەوێشەوە لەگەڵ باپیرەی ڕوودەکاتە حەلەبو لە دوای گەڕانەوەشی لە حەلەب لە مووسڵ دەچێتەوە بەر خوێندنو ساڵی 1921-1922 خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکاتو لە کاری میری دادەمەزرێت. ناوبراو لەبەر ئەوەی قۆناغی ئامادەیی بە پلەی یەکەم بریوە ڕەوانەی زانکۆی ئەمەریکی لە لوبنان کراوەو لەوێشدا بەشداری ئەو گروپو پارتانەی کردووە کە خوێندکارانی عیراقی لە لوبنان دایان مەزراندووە. ناوبراو ساڵی1930 گەڕاوەتەوە عیراقو ژمارەیەك پلەوپایەی میری لە حکومەتی عیراقی وەرگرتووە. عەلی حەیدەر لە خوولی دوازدەهەم تا چواردەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو لە10ی ئەیلولی1991 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[1].

(1) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ڕۆڵ چالاکی بڕوانە: محمود شحكان الدليمى، علي حيدر سليمان نشاطه الثقافي ودوره السياسي في العراق حتى العام 1968، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة بغداد، بغداد، 2002؛ فەخری سیلاحشۆر، ئاورێك لە نەزهەتی شاعیرو شاری ڕەواندز، لە ژێر چاپکردن دایە، ل 28.

## عەلی ڕەزا عەسکەری

عەلی ڕەزا کوڕی مستەفا بەگی عەسکەری برای جەعفەرو تەحسین عەسکەرییە. لە ساڵی1880 لە ئەستەنبۆڵ لە دایك بووەو لە ساڵی1897 پەیوەندی بە خوێندنگای سەربازی کردووەو بە پلەی مولازمی دووەم لە کانوونی دووەمی1900 دەرچووەو، لە ئەیلولی1900 بە ئەفسەر لە خوێندنگای سەربازی ڕەشید لە بەغدا دامەزراوە. دواتر چۆتە ڕیزی سوپای عوسمانیو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە. دوای جەنگیش هاتۆتەوە عیراقو چۆتە ڕیزی سوپاو ژمارەیەك پلەوپایەی وەرگرتووە تا لە سوپا دەستی لەکارکێشاوەتەوە. ناوبراو لە خوولی سێیەمو پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای دیوانییەو خوولی شەشەم بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکوك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. عەلی عەسکەری لە 22ی مارتی1937 لە ماڵی خۆی لە بەغدا خۆی کوشتووە[1].

## عەلی ڕەفیق سەجاد

عەلی ڕەفیق لە بنەماڵەی بە ناوبانگی خادم سەجادی کەرکوکەو لە ساڵی1901 لە دایك بووەو لە خانەی مامۆستایان لە بەغدا خوێندوویەتیو ساڵی1926 دەرچووە، ئیتر بە کاری مامۆستایەتی لە کەرکوك خەریك بووە، دواتریش لە خوولی دوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

(1) مير بصري، اعلام السياسة في...، الجزء الثاني، ص ص600-601.
(2) عبدالمجيد فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص280؛ نبيل عكيد محمود المظفري، المصدر السابق، صفحة الملاحق.

### عەلی کەمال عەبدولڕەحمان

عەلی کەمال عەبدولڕەحمان لە 2ی تشرینی یەکەمی1900 لە سلێمانی دایك بووە، لە تەمەنی دوو ساڵو نیوی باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئینجا پەروەردە کردنی کەوتۆتە ئەستۆی دایکیو ناردوویەتییە بەر خوێندنو لە1914 لە بەغدا خوێندنگای دواناوەندی سوپایی تەواوکردووە، دوای دوو ساڵ ڕووی کردۆتە ئەستەنبۆڵ چۆتە خوێندنگای جەنگیو ساڵی1918 بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە. ئیتر لێرەوە ژمارەیەك پلەوپایەی وەرگرتووەو بەشداری جەنگی ئازادی تورکی کردووە. ناوبراو لە شوباتی1922 گەڕاوەتەوە بەغداو چۆتە ناو فەرمانی پۆلیسییەوە، کە تیایدا کراوەتە یاریدەدەری پۆلیسی هەولێرو دواتریش یاریدەدەری پۆلیسی کۆیە. شیاوی باسە، سەرەڕای ئەوەش چەندین پۆستێتری میری وەرگرتووە تا لە خولی شەشەم، دوانزدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەنجوومەن. ماوەبڵێین دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزیش ماوەیەك بەندکراوەو دواتریش ڕووکردۆتە لەندەنو لەوێ ژیانی گوزەراندووە تا لە 1ی ئابی 1998 کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی هێنراوەتەوە سلێمانیو بەخاك سپێردراوە(1).

### غیاسەددین نەقشبەندی

ناوی تەواوی شێخ غیاسەددین کوڕی شێخ بەهائەددینی نەقشبەندی کوڕی محەمەد کوڕی تاهیر کوڕی مەلا سافی مورشیدو ڕابەری ئامێدیو بامەرنیو دەوروبەرەکەیەتی. ساڵی1900 لەدایك بووەو ڕێبازی سۆفیەتی باوکی

(1) بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ژیانی بڕوانە: مذکرات علي کمال عبدالرحمن 1900-1998، تقدیم و تحقیق: جمال بابان، بغداد، 2001، ص 9 ومابعدها.

وەرگرتووەو لەسەر دەستی زاناکانی ناوچەکە خوێندوویەتی. ناوبراو لە خوولی سێیەم، شەشەم، هەشتەمو دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. شێخ غیاسەددین لە ساڵی1944 لە ئامێدی کۆچی دوایی کردووە(1).

### فائیق تاڵەبانی

فائیق کوڕی محەمەد ڕەئووف کوڕی عەلی تاڵەبانییە، لە ساڵی1898 لە کەرکوك لە دایك بووەو زانستی ئایینی لەسەردەستی مامۆستای تایبەت خوێندووە. ناوبراو لە خوولی شەشەمو نۆیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکوك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. تاڵەبانی لە ئابی1956 کۆچی کردووە(2).

### فارس ئاغای زێباری

فارس ئاغا کوڕی محەمەد ئاغا کوڕی مستەفا ئاغای زێبارییەو لە ساڵی1881 لە دایك بووە. ناوبراو کەسێکی نەخوێندەوار بووەو سەرۆکی هۆزەکەی خۆی بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە خوولی حەوتەمو هەشتەمی

(1) میر بەسر، ناودارانی کورد، ل ل 216-217؛ د. بدرخان السندي، غیاث الدین النقشبندي شاعراً مصلحاً1900-1944، مجلة کاروان، العدد(27) ، السنة الثالثة، کانون الثاني1984، ص ص127-129.

(2) عبدالمجید فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص ص 317-318؛ میر بەسری، ناودارانی کورد، ل173.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. فارس ئاغا لە شوباتی1941 کۆچی دوایی کردووە[1].

### فازڵ تاڵەبانی

فازڵ کوڕی فەیزوڵڵا تاڵەبانی لە دێی یەکنجەی سەر بە ناحییەی داقوق ساڵی1922 لە دایك بووەو، دەرچووی کۆلێژی مافەو کاری پارێزەریو میری ئەنجامداوە، هەروەها ئەندامی پارتی یەکێتی دەستووری بووە. ناوبراو لە خوولی یازدەهەمو سێزدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکوك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

### فەتاح ئاغای هەرکی

ناوی تەواوی فەتاح ئاغا کوڕی سادق ئاغا کوڕی عیسا ئاغای هەرکییەو، ساڵی1903 لە گوندی زیارەتی مەلا سەر بە ناوچەی هەولێر لەدایك بووەو، لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی خوێندوویەتیو زمانی عەرەبی، فارسیو تورکی زانیبیوە. ناوبراو سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی بووە لە پارچەکانی عیراق، ئێرانو تورکیاو جێگای ڕێزی عەشیرەتەکانی ناوچەکە بووە. فەتاح ئاغا لە خوولی یازدەهەم تا پازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەارنی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. بەڵام جگە لەوەش بەشداری لەکۆماری

(1) عدنان سامي نذير، المصدر السابق، ص الملاحق( ملحق رقم 8-8) ؛ میر بەسری، ناودارانی کورد، ل 179

(2) خسرو الجاف، المصدر السابق، الجزء الاول، ص 85؛ نبيل عكيد محمود المظفری، نفس المصدر والصفحه. تێبینی: لەو سەرچاوەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە فازل تاڵەبانی لە خوولی یازدەهەمو دوازدەهەم بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. بەڵام ڕاستییەکەی خوولی یازدەهەمو سێزدەهەم بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن.

مەهاباد کردووەو یەکێك بووە لەوانەی کە داکۆکی کردووە لە هەڵبژاردنی قازی محەمەد بە سەرۆك کۆمار. هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولیش یارمەتی زۆری شۆڕشی داوەو، تەنانەت لە ساڵی1966 خانووەکەی خۆی بە نهێنی کردۆتە بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرباری ئەوەش جێگای متمانەی مستەفا بارزانی بووە. ناوبراو لە ساڵی1969 لە بەغدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی میران خۆر نێژراوە[1].

### فەیسەڵ دەمەلۆجی

ناوی تەواوی فەیسەڵ کوڕی محەمەد فاروق کوڕی سەعیدی دەمەلۆجییە. ساڵی1900 لە مووسڵ لە دایك بووەو دەرچووی کۆلێژی ماف زانکۆ بەغدایە. ناوبراو دوای دەرچوونی لە کاری میری وەکو سلکی دبلۆماسی لە ساڵی1943 کاری کردووە، هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی یەکێتی عەرەبی نێوان عیراقو ئوردن بووە. سەرەڕای ئەوەش لە خوولی پازدەهەمو شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

### میرانی قادر بەگ

(1) دیمانەیەك لەگەڵ مشیر قادر سادق هەرکی لە 24ی ئەیلولی 2006، هەولێر( مشیر قادر سادق هەرکی کە دەکاتە برازای فەتاح ئاغای هەرکی ساڵی 1926 لەدایك بووەو دەرچووی خوێندنی سەرەتاییە، ناوبراو ئێستاکە لە گوندی قەفەر لە دەڤەری بەڕانەتی ژیان بەسەر دەبات).

(2) عدنان سامي نذير، المصدر السابق، ص الملاحق( ملحق رقم8-15).

ناوی تەواوی قادر بەگ کوڕی مستەفا بەگ کوڕی حەمەد بەگی سەرۆکی هۆزی خۆشناوە، ساڵی1865 لە دایك بووە. میرانی قادر بەگ دوای کۆچی دوایی بایز بەگ لە ساڵی1908 سەرۆکایەتی عەشیرەتی خۆشناوی گرتۆتە دەستو لەبەر لێهاتووی توانیویەتی هەر سێ بەری خۆشناو میر مەحمەلی، میر یوسفیو شتگەلی بخاتە چوارچێوی دەسەلاتەکەی. لەڕاستیدا قادر بەگ کەسایەتییەکی ئایینی بووە، بۆیە گرنگی زۆری بە دروستکرنی مزگەوتو خوێندەواری داوەو دواتریش یەکەمین کەس بووە لە شەقلاوە کچی خۆی ڕەوانەی بەر خوێند کردووە کە ئەم کاتە کارێکی نامۆ بووە. هەستە ئایینییەکەی میران کاریگەر بووە لەسەری کە تا ماوەیەکیش دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە پەیوەندی پێوە نەکردوون، بەلام لە ژێر کاریگەری مەلا فەندی هەولێری وەکو کەسایەتییەکی روحانی پەیوەندی پیانەوە کردووەو کراوەتە حاکمی شەقلاوە. لەو ماوەیەشدا کە شێخ مەحموودی حەفید لە شۆڕشدا بووە دژی ئینگلیزەکان پەیوەندی پێوە کردووەو هەوڵیداوە هاوکاری بکات. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوەش لەگەڵ هاتنەوەی تورکەکان بۆ ڕەواندز پەیوەندی پێوەکردوونو هاوکاری بۆ ڕەوانە کردوون. بەلام دوای دامەزراندنی حکومەتی عیراقیو کردنەوەی ئەنجوومەنی دامەزراندن، میرانی قادر بەگ بۆتە ئەندامو، دواتریش لە خوولی چوارەم تا حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. ناوبراو لەو ماوەیەشدا پەیوەندی باشی لەگەڵ گەورە دەسەلاتدارانی کوردیو عیراقی دا هەبوە تا لە مایسی1939 بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە لە نێو مزگەوتی گەورەی شەقلاوە نێژراوە[1].

---

(1) دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر دڵشاد عومەر میران لە 4ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر؛ دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر دارا عومەر میران لە 4ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر.

**کاکە حەمەی خانەقا**

کاکە حەمە کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسێنی خانەقایەو لە ساڵی1919 لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندی لەکەرکووك خوێندووە، دواتریش لە ساڵی1942 ڕووی کردۆتە بەغداو کۆلێژی مافی لە1948 تەواوکردووە. ئیتر بەکاری پارێزەری خەریك بووە، شارەزایی لە زمانی عەرەبی ئینگلیزیو هەندێك فارسیو تورکیش هەبووە. ناوبراو لە خوولی شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو لە ساڵی1964 کۆچی دوایی کردووە[1].

**ماجد مستەفا**

ناوی تەواوی ماجد کوڕی مستەفا کوڕی مەحموود کوڕی عوسمانەو لە بنەماڵەی موراد لەلەی ناسراوی سلێمانییە(( ئەو بنەماڵەیە دەگەڕێنەوە بۆ شێخەکانی دێی دەرگای شێخانی سەر بە ناحییەی بیارەی سەر بە لیوای سلێمانی)). ساڵی1896 لە سلێمانی لە دایك بووە، لە دواناوەندی خوێندنگای سەربازی خوێندویەتیو دواتر ڕووی کردۆتە ئەستەنبوڵو بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە، دواتریش ماوەیەك لە سوپای تورکی خزمەتی کردووە. دوای کۆتا هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتۆتەوە بەغداو دواتریش سلێمانی. ماجد مستەفا بەشداری شۆڕشی شێخ مەحموودی کردووەو یەکێك بووە لە سەرکردەکانی هێزی ئەو شۆڕشە. دواتریش لە چەندین کاری میری کاری کردووە، وەکو لە موفەقیە لە کوت ساڵی1927 بەڕێوەبەری ناحییە بووە. لە ساڵی1929 بۆتە قائیمقامی ئامێدی، ساڵی1931 قائیمقامی کفری، ساڵی1932 جارێکیتر هی ئامێدی... هتد. ناوبراو جگە لەمانەی

---

(1) عبدالمجيد فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الثاني، ص279؛ نبيل عكيد محمود المظفري، المصدر السابق والصفحة الملاحق.

باسمان کرد لە حکومەتی عیراقی چەند جارێك بۆتە وەزیرو لە خوولی دەیەم، سێزدەهەمو چواردەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لە پاشانیش ژیانی لە بەغدا گوزەراندووە تا لە 2ی ئابی1974 کۆچی دوایی کردووە[1].

### محەمەد ئەمین زەکی

محەمەد ئەمین زەکی بەگ کوڕی حاجی عەبدولڕەحمان کوڕی مەحموود باپیری نۆسێوەتییەو لە هەیقی شوباتی1880 لە سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی1896 خوێندنگای ئامادەیی سوپای لە بەغدا تەواو کردووە، پاشان ڕووی کردۆتە ئەستەنبۆڵو لە ساڵی1899 چۆتە خوێندنگای سوپاییو ساڵی1902 بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە، ئینجا کۆلێژی ئەرکانیشی بە پلەی ڕەئیس ڕوکن لە ساڵی1904 تەواوکردووە. ناوبراو بەشداری ژمارەیەکی زۆر پلەوپایەی کارگێڕیو سوپایی کردووە لە دەوڵەتی عوسمانی تا ئەوەی لە تەمموزی1924 گەڕاوەتەوە بەغداو بۆتە مامۆستای خوێندنگای سوپایی. محەمەد ئەمین زەکی لە خوولی یەکەم، دووەم، شەشەم، هەشتەم، نۆیەمو دەیەم بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانیو خوولی سێیەم بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. شیاوی باسە، محەمەد ئەمین زەکی لە بواری نوسینەوەی مێژووی کورد خزمەتێکی گەورەی پەرتووکخانەی کوردی کردووە تا ناوبراو لە 10ی تەمموزی 1948 کۆچی دوایی کردووەو لە سلێمانی بە خاك سپێردراوە[2].

---

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل202-203؛ جمال بابان، المصدر السابق، ص653.
(2) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: دارا جمال غفور، محمد امين زكي و دوره السياسي والاداري في العراق1924-1948، رسالة ماجستير، معهد التاريخ العربي والتراث العلمي، بغداد، 2004، ص 5 ومابعدها.

### شێخ محەمەد ئاغای باڵەك

ناوی تەواوی محەمەد ئاغا کوڕی سلێمان ئاغا کوڕی مەحموود ئاغایە. ساڵی1875 لە دێی وەڵاش لە دایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتی، دواتریش بەکاروباری هەڵسووڕاندنی عەشیرەتەکەی خەریك بووە. ناوبراو یەکێك بووە لەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە بە تەنگ کێشەی نەتەوەکەی بووەو هەر ئەوەش وای کردووە پەیوەندی باشی لەگەڵ هەر یەك لە شێخ مەحموود، قازی محەمەدو مستەفا بارزانیدا هەبێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندی لەگەڵ گەورە دەسەڵاتدارانی عیراقی ئەو سەردەم چاك بووە بە تایبەت مەلیك غازیو نووری سەعید. شێخ محەمەد لە خوولی هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دواتریش بە کاری تایبەتی خۆی خەریك بووە تا ئەوەی لە ساڵی1951 کۆچی دوایی کردووەو لە دێی وەڵاش نێژراوە[1].

### محەمەد بەرقی

لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندنی شاری کەرکووکە. ناوبراو لە خوولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

### محەمەد بەگی جاف

---

(1) دیمانەیەك لەگەڵ سلێمان شێخ محەمەد ئاغای باڵەك لە10ی ئەیلولی 2006، هەولێر.(سلێمان شێخ محەمەد ئاغای باڵەك لە ساڵی1943 لە گوندی وەڵاش لە ناوچەی باڵەکایەتی لە دایك بووەو خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ئێستاکە بەکاری تایبەتی خۆی خەریکەو لە گەرەکی خانزادی شاری هەولێر نیشتەجێیە).
(2) نبيل عكيد محمود المظفري، المصدر السابق، صفحة الملاحق.

محەمەد بەگ کوڕی فەتاح بەگ کوڕی حەمە پاشای جافەو ساڵی1904 لە دایك بووە کەسێکی نەخوێندەوار بووە. ناوبراو لە خوولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو لە یەکی مایسی1934 بە نەخۆشی ڕیخۆڵە کۆچی دوایی کردووە[1].

### محەمەد حەبیب تاڵەبانی

شێخ محەمەد حەبیب کوڕی شێخ عەلی کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی ئەحمەدی تاڵەبانییەو بنەچەی بنەماڵەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی تاڵەبانی نزیك شارۆچکەی چەمچەماڵ. ناوبراو لە ساڵی1887 لە کەرکووك لە دایك بووەو زانیاری ئایینیو زمانی عەرەبی خوێندووە. لە تەمموزی1920 بۆتە بەڕێوەبەری ناحییەی قەرەحەسەنو، دواتریش نوێنەری لیوای کەرکووك لە ئەنجوومەنی دامەزرانی عیراقی لە ساڵی1924. جگە لەوەش چەند پلەوپایەکیتری کارگێڕی وەرگرتووە وەکو سەرۆکی شارەوانی کەرکووك لە1934، کە تاوەکو تەمموزی1949 لەو پلەیەدا ماوەتەوە. سەرەڕای ئەمانەش ناوبراو لە خوولی یەکەم، سێیەمو پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی

(1) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل102-108؛ مصگفی نەریمان، هەڵگری ئاڵای تیکۆشانی سیاسی حەمە بەگی جاف1904-1934، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(63) ، 1994، ل ل18-19. تێبینی:( کەریم بەگ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە= =لە 1934/5/1 لە تەمەنی 39 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. ئەگەر لەگەڵ مێژووی لە دایك بوونی بەراوردی بکەین 1904، ئەوە نۆ ساڵی جیاوازی دەبێتو ساڵی1895 دەبێتە مێژووی لە دایك بوونی. بەڵام دەتوانرێت بووترێ، کە ئەمەیان واتە1904 لە ڕاستی نزیکترە، لەبەر ئەوەی دەشێت ئەو 39 ساڵەی لە پەرتووکی تاریخی جاف نووسراوە هەڵەی چاپ بێتو 29 ساڵ بێت).

عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو لە ئەیلولی1959 کۆچی دوایی کردووە[1].

### محەمەد زیاد( کاکە زیادی کۆیی )

ناوی تەوای محەمەد زیاد کوڕی حەمە ئاغا کوڕی مەحموود ئاغا کوڕی حەمە ئاغا کوڕی کەریم ئاغا کوڕی غەفور ئاغایەو لە بنەماڵەی بەناوبانگی غەفووری شاری کۆیێیە. لە ساڵی1914 لە کۆیە لەدایك بووەو خوێندنی سەرەتایی لەو شارە خوێندووە، خوێندنەوەی لە زمانی کوردیو عەرەبی باش بووە لەگەڵ کەمێك لە زمانی ئینگلیزی. کاکە زیاد ڕۆڵێکی کارای لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بینیوە. ناوبراو لە خوولی یازدەهەمو دوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەن، بەڵام داوای دەست لەکار کێشانەوەی کردووە لە ساڵی1948 لەبەر ڕازی نەبوونی بە پەیماننامەی پۆرتسمۆت، کەچی دوای شکست هێنانی پەیماننامەکەو حکومەتی ساڵح جەبر گەڕاوەتەوە وەکو ئەندام ئەنجوومەنێکی بەرهەڵستکار. کاکە زیاد لە ساڵی1991 لە کۆڕەوەکە لە ئێران کۆچی دوایی کردووە[2].

### محەمەد ساڵح محەمەد عەلی بەگ

ناوی تەواوی محەمەد ساڵح بەگ کوڕی محەمەد عەلی بەگ کوڕی ساڵح بەگ کوڕی سلێمان بەگی غەواسەو ساڵی1899 لەدایك بووە، ناوبراو لە خوولی

(1) عبدالمجيد فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الثانى، ص237؛ میر بەسری، ناودارانی کورد، ل173.
(2) جمال بابان، المصدر السابق، ص ص707-708.

یەکەم تا دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن تا لە ساڵی1947 کۆچی دوایی کردووە[1].

### محەمەد سەدیق تەها

ناوی تەواوی شێخ محەمەد سەدیق کوڕی سەید تەها کوڕی شێخ محەمەد سەدیقی یەکەم کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی سەید تەهای نەهری گەیلانییە، ساڵی1919 لەدایك بووە. ناوبراو لە خوولی دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندام. محەمەد سەدیق لە ساڵی1967 کۆچی دوایی کردووە[2].

### سەید محەمەد سەید عەبدوڵڵا نەقیب

ساڵی1918 لە هەولێر لەدایك بووە، لەسەر دەستی باوکی خوێندوویەتیو دواتریش بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە ئەستەنبوڵ. دوای مردنی باوکی بۆتە نەقیب. هەروەها یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی نەتەوەیی سۆسیالیستی کە ساڵح جەبر سەرۆکایەتی کردووە، تا سەرئەنجام بۆتە سکرتێری هەیئەتی ئەو پارتە. ناوبراو لە هەردوو خوولی دەیەمو یازدەهەم بە نوێنەرایەتی لیوای

---

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل178؛ جمال بابان، المصدر السابق، ص749. تێبینی: میری بەسری ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە محەمەد ساڵح لە سەرۆك هۆزەکانی پشدەرە، بەڵام جەمال بابان ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەمە پشدەری نییە. لێرەشدا دوای هەواڵ پرسینی لە کەسایەتییە بەتەمەنەکانی ناوچەکە دەربارەی ئەو بابەتە، دەکرێت بووترێ ئەوەی جەمال بابان لە ڕاستییەوە نزیکەو ڕەنگە تەنیا لە ڕێگای ژنو ژنخوازی خزمایەتی لەگەڵ پشدەرییەکان هەبوو بێت.

(2) دیمانەیەك لەگەڵ شێخ عزەددین( چیتۆ) لە 13ی مارتی2003، هەولێر.( دڵشاد مەحموود عەبدولرەحمان تۆماری کردووە) " میر بەسری، ناودارانی کورد، ل221. تێبینی: میر بەسری ئاماژەی بۆ ساڵی1970 کردووە بۆ ساڵی وەفاتی کردنی.

هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی. ماوەبڵێین محەمەد عەوبدوڵڵا لە ساڵی1992 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە لەوێش نێژراوە[1].

### محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی

محەمەد عەلی جوندیانی خەڵکی جوندیانی سەر بەناوچەی ڕەواندزە. یەکێك بووە لە پیاوە ناودارەکانی ناوچەکە، ناوبراو بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووەو بەرگری لە ڕەواندز کردووە دژی سوپای ڕووس، دوای کۆتایی هاتنی جەنگو هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە یەکێك بووە لە پیاوە نزیکەکانی ئینگلیز. محەمەد عەلی ئاغا ماوەیەکی زۆر سەرۆکی شارەوانی ڕەواندز بووە. ئەمجارەشیان بەهۆی نزیکایەتی لەگەڵ بەکر سدقی لە خوولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو ئەو ماوەیە لە بەغدا ماوەتەوە. ناوبراو لە ساڵی1953 لە ڕەواندز کۆچی دوای کردووە[2].

### محەمەد عەلی غیاسەدین

---

(1) احمد محمدامین قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية في العراق 1925-1945، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، 2006، ص126.

(2) دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغا جوندیانی لە 12ی حوزەیرانی2005 هەولێر. (ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی لە ساڵی1922 لە ڕەواندز لە دایك بووە و بە ئەحمەد دیاب ناسراوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتای لە ڕەواندز تەواو کردووە، دواتریش بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی هاتۆتە هەولێرو لەگەڵ قۆتابییەکانی شاری کۆیە چالاکی زۆریان نواندووە لە لێدانی بڵاوکراوە لە دیوارەکانی شاری هەولێر لە دژی کارو کردەوەکانی حوکمەت کە لە ئەنجام شەوێکیان کەوتوونەتە بەر ڕێژنەی گولەی حەس حەسەکان. هەروەها لە دواتریش چۆتە ڕیزی پارتی هیوا و بەشداری لە شۆڕشی( 1943 - 1945) بارزان کردووە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول. ناوبراو ئێستاکەش لە ژیان ماوە و لە هەولێر لە گەڕەکی برایەتی نیشتەجێیە)

ناوی تەواوی محەمەد عەلی کوڕی غیاسەدین کوڕی شێخ بەهائەدینی نەقشبەندی کوڕی تاهیر کوڕی مەلا سافی مورشیدو ڕابەری ئامێدیو دەرووبەرەکەیەتی، ناوبراو لە ساڵی1923 لە دایك بووەو دەرچووی خوێندنی سەرەتاییە. محەمەد عەلی لە دوای کۆچی دوایی باوکی لە خوولی دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[1].

## محەمەد عەلی مەحموود

لە ساڵی1892 لە شاری کۆیە لەدایك بووە، لە ساڵی1913 چۆتە کۆلێژی ماف‌و دواتریش بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە. ناوبراو لە ساڵی1920 بڕوانامەی لە کۆلێژی ماف بەدەست هێناوەو لەچەندین کاری میری کاری کردووە. تا ئەوەی لە خوولی شەشەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای دیالەو لە خوولی حەوتەم‌و هەشتەم بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن‌و جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەن. جیا لەوە ناوبراو چەند جارێك پلەی وەزیری لە وەزارەتەکانی حکومەتی عیراقی وەرگرتووە تا شۆڕشی 14ی تەمموزی1958. محەمەد عەلی مەحموود لە 21ی کانوونی دووەمی1965 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[2].

## شێخ محەمەد نووری بریفکانی

(1) عدنان سامي نذير، المصدر السابق، ص الملاحق ملحق رقم( 8- 10).
(2) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل ل 191-192.

شێخ محەمەد نووری کوڕی شێخ عەبدولجەباری کوڕی عەبدولقادری بریفکانییە، ساڵی1870 لە دایك بووەو لە بنەماڵەی بەناوبانگی دێی بریفکانی سەر بە ناوچەی دهۆك‌و سەرۆکی عەشیرەتی مزووریین، لە خوێندنگای ئایینی خوێندوویەتی. ناوبراو لە تەمەنی لاویەتی کاروباری بنەماڵەکەی‌و تەکییەی بریفکانی گرتۆتە ئەستۆ، تا لە خوولی یەکەم، چوارەم‌و دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. شێخ محەمەد لە ئابی1944 لە دهۆك کۆچی دوایی کردووە[1].

## محەمەد ساڵح نوعمان

ناوی تەواوی محەمەد ساڵح کوڕی حاجی نوعمان ئەلوەنداوییەو لە بنەماڵەیەکی خاوەن موڵکدار بووە. ناوبراو لە خوولی پێنجەم، نۆیەم، دەیەم، یازدەهەم‌و دوازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای کەرکوك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

## مەحموود ئاغای زێباری

(1) عدنان سامي نذير، المصدر السابق، ص الملاحق( ملحق رقم8-2) ؛ وصفي حسن، المصدر السابق، ص103؛ میر بەسری، سەرچاوە پێشوو، ل154. تێبینی: لە سەرچاوەکاندا بیروڕای جیاواز دەربارەی مێژووی لەدایك بوون‌و کۆچی دوایی کردنی شێخ محەمەد نووری بریفکانی هەیە. لەوانە: عەدنان سامی ئاماژە بۆ ساڵی1870- 1942 دەکات، وەسفی حەسەن ئاماژە بۆ 1870- 1944و میر بەسری1871-1944 دەکات.
(2) نبيل عكيد محمود المظفري، المصدر السابق، صفحة الملاحق.

سەرۆك عەشیرەتی زێباری ناوچەی ئاكرێ بووە. ناوبراو لە خوولی یازدەهەم، سێزدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. لەو ماوەیەشدا لەسەر پێشنیاری ئەو نەخۆشخانەیەك لە ساڵی 1954 لە ئاكرێ هاتۆتە دروست كردن. مەحموود ئاغا لە ساڵی 1975 كۆچی دوایی كردووە[1].

## مەحموود بابان

ناوی تەواوی مەحموود كوڕی جەمیل پاشا كوڕی مەجید پاشا كوڕی عەبدولقادر پاشا كوڕی سلێمان پاشا كوڕی ئیبراهیم پاشای بابانە، لە ساڵی 1920 لە كفری لەدایك بووەو خوێندنی سەرەتایی لە كفری تەواو كردووەو ناوەندیو دواناوەندیش لە بەغدا. دەرئەنجام ساڵی 1944 كۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو كردووە، دواتر لە كاری قەزایی كاری كردووەو لە زۆر كاری میری تریش دامەزراوەو تا گەیشتۆتە پلەی وەزیر. ناوبراو لە خوولی سێزدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای كەركووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. مەحموود بابان دوای ساڵی 1959 عیراقی جێهێشتووەو ڕووی كردۆتە وڵاتی لوبنان، دواتریش لە ساڵی 1968 چۆتە سعودیەو تا ساڵی 1979 لەوێدا ماوەتەوە، ئیتر لەو ساڵەشدا چۆتە لەندەنو لەوێدا دەمێنێتەوە تاوەكو لە ساڵی 1997 كۆچی دوایی دەكاتو تەرمەكەی دەهێنەوە ئوردەنو لە گۆرستانی ئال تەل لە ئەربەدی باكووری ئەو وڵاتە بە خاكی دەسپێرن[2].

## مەحموود بەگی برادۆستی

(1) وصفی حسن، المصدر السابق، ص105.
(2) جمال بابان، المصدر السابق، ص 784؛ د. محمد علي الصويركي، المصدر السابق، ص ص697-698.

ناوی تەواوی مەحموود كوڕی خەلیفە عەبدولسەمەدەو ساڵی 1912 لە دایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتی، زمانی كوردیو توركی زانیوە. لەگەڵ ئەوەی سەرۆكایەتی عەشیرەتەكەی كردووە، بەكاری تایبەتی كشتوكاڵیشەوە خەریك بووە. ناوبراو لە خوولی پازدەهەمو شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. مەحموود بەگ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 دژایەتی حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسمی كردووەو لەگەڵی كەوتۆتە شەڕ تا ئەوەی حكومەت بڕیاری لێبووردنی بۆ دەركردووە. ئیتر لە ناوچەی برادۆست ماوەتەوەو ژیانی گوزەراندووە تا لە مانگی مارتی 1966 بە نەخۆشی لە بەغدا كۆچی دوایی كردووەو لە گۆرستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا نێژراوە[1].

## مەحموود فەهمی هەماوەندی

لە بنەماڵەی بە ناوبانگی هەماوەندەو لە خوولی شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای كەركووك بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن[2].

## موسلیح نەقشبەندی

(1) دیمانەیەك لەگەڵ كەریم خان مەحموود بەگی برادۆستی لە 2ی تشرینی یەكەمی 2006، هەولێر. (كەریم خان كوڕی مەحموود بەگی برادۆستی ساڵی 1945 لە دایك بووە. لە پەیمانگای زمانەوانی لە بەغداو دیمشق خوێندوویەتیو شارەزایی لە زمانی عەرەبیو ئینگلیزیدا هەیە. ناوبراو لەساڵانی هەشتاكان تا ڕاپەرینی بەهاری 1991 ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی بووە لە حكومەتی عیراقیدا. ئێستاكەش بەكاری تایبەتی بازرگانییەوە خەریكەو لە هەولێر لە گەڕەكی موفتی نیشتەجێیە).
(2) نبیل عكید محمود المظفري، المصدر السابق، صفحة الملاحق. ). زۆرمان هەوڵدا زانیاری زیاترمان دەربارەی ناوبراو دەست كەوێت، بەر دەست نەكەوت( توێژەر)

موسلّیح کوڕی شێخ بەهائەددینی نەقشبەندی کوڕی محەمەد تاهیر کوڕی مەلا سافی مورشیدو رابەری ئامێدیو بامەڕنیو دەوروبەرەکەیەتی. لە ساڵی1920 لە ئامێدی لە دایك بووەو لە ساڵی1943 لە کۆلێژی یاسا خوێندوویەتی، دوای دەرچوونیشی بەکاری دادوەرییەوە خەریك بووە تا لە خولی یازدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. شیاوی باسە ناوبراو لەسەردەمی کۆماریش چەند جارێك پلەی وەزیری وەرگرتوە، ئیتر ژیانی گوزەراندووە تا لە ساڵی1996 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە[1].

**مەسعوود محەمەد**

ناوی تەواوی مەسعوود کوڕی مەلا محەمەد ئەفەندی کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی زادەیە، لە ساڵی1919 لە شاری کۆیە لەدایك بووەو خوێندنی سەرەتایی لە کۆیەو ناوەندیو دواناوەندیشی لە شاری هەولێر تەواوکردووە. ناوبراو دەرچووی کۆلێژی ماف لە زانکۆی بەغدایە ساڵی1945، دوای دەرچوونیش کراوەتە حاکم لە سلێمانی لە ساڵی1952. سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەك پلەوپایەی میری تری وەرگرتووە تا گەیشتۆتە پلەی وەزیری. مەسعوود محەمەد لە خولی سێزدەهەمو چواردەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. سەرەڕای ئەوانەی باسمان کرد ناوبراو لە بواری نووسینشیدا خزمەتێکی باشی لایەنی رۆشنبیری کوردی کردووە تا لە ساڵی2002 کۆچی دوایی کردووە[2].

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل217.
(2) بۆ زیاتر زانیاری لە مەڕ ژیانی بڕوانە: مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، سۆکهۆلم، سوید، 1992.

**مەعرووف پیرداود ئاغای دزەیی**

ناوی تەواوی مەعرووف کوڕی حاجی پیرداود ئاغای کوڕی عومەر ئاغای دزەییە. لە ساڵی1889 لە گوندی مێرخودان لە دەشتی هەولێر لەدایك بووەو لە حوجرە خوێندوویەتی. زمانی تورکی، عەرەبیو کوردی زانیوە. ناوبراو پەیوەندی باشی لەگەڵ مەلیکی عیراقو زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکانی عیراقی بەتایبەتی جەعفەر عەسکەری هەبووە. هەروەها لە دژی نووری سەعید بۆتە ئەندامی (حزب الامە الاشتراکیە) کە ساڵح جەبر سەرۆکایەتی کردووە. مەعرووف ئاغا لە خولی سێیەمو چواردەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. دواتریش بە کاری تایبەتی خۆیەوە خەریك بووە تا لە 15ی مارتی1985 لە هەولێر کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی بنەماڵەکەیان لەشاری هەولێر نزیك محەتە نێژراوە[1].

**مەعرووف چیاووك**

ناوی تەواوی مەعرووف کوڕی عەلی ئەسغەر ئەفەندی کوڕی حاجی مەلوود ئەفەندییە، دایکی ئامینەخان لە بنەماڵەی بابانەکانە. بە ئەسڵ خەڵکی دێی سرێشمەی سەر بە ناوچەی ڕەواندزەو لە دایك بووی1885ە. ناوبراو خوێندنی سەرەتاییو ڕوشدیەی لە بەغدا تەواو کردووە، دواتر بۆ مەبەستی خوێندن ڕووی

(1) دیمانەیەك لەگەڵ محەمەد حوسێن حاجی پیرداود ئاغا دزەیی، لە 22ی ئابی 2006، دیوەخانی ماڵی مەعرووف ئاغای دزەیی، هەولێر. ( محەمەد حوسێن حاجی پیرداود ئاغای دزەیی کە دەکاتە برازای مەعرووف پیرداود ئاغا دەزییو لە ساڵی1923 لە دەشتی هەولێر لەدایك بووەو تا یەکی ناوەندی خوێندوویەتی. ئێستاکەش لە هەولێر لەگەرەکی منارەی چۆلی لە هەولێر نیشتەجێیەو بە کاری تایبەتی خۆیەوە خەریکە).

کردۆتە ئەستەنبۆڵو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ماف بەدەست هێناوە. لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمانی1908 دەچێتە ڕیزی حزبی ئـازادیخوازی عوسمـانیو گـەلێك گوتـاری لـە ڕۆژنامــەکانی ئـەو کاتـەدا نووسـیوە، دوای گەڕانەوەشی بۆ بەغدا لە1912 ڕۆژنامەیەکی بە ناوی( ئەلحقوق) لە بەغدا بە زمانی عەرەبی دەرکردووە. ئینجا لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشدار دەبێتو سەرئەنجام دیل دەکرێتو ڕەوانەی وڵاتـی بۆرمـا دەکرێـت. لـە دوای جەنگیش کە گەڕاوەتەوە ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە تـا خانەنشـین بـووە. شیاوی باسـە، مـەعرووف چـیاووك تـەنیا لـە خـولی دووەمـی ئەنجوومـەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هـەولێر بۆتـە ئەنـدامی ئەنجوومـەن. چیاووك لە 21ی کانوونی دووەمی1958 لە بەغدا کۆچـی دوایـی کـردووەو لەسەر وەسیەتی خۆی لاشەکەی هێنراوەتەوە هەولێرو بە خاك سپێردراوە[1].

## میرزا تۆفیق قەزاز

ناوی تەواوی میرزا تۆفیق کـوڕی حـاجی ئەحمـەد کـوڕی حـاجی حەسـەنی قـەزازەو سـاڵی1898 لـەدایك بـووە. یـەکێك بـووە لـە بەشـداریکەرانی ڕەشەکوژییەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە 6ی ئەیلولی1930 کـە تێـدا

(1) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ژیانو کاروکردەوەکانیو ڕۆڵی لە ئەنجوومـەن بڕوانـە: معـروف جیاووك، نیابتي في 1928-1930، مطبعة الزمان، بغداد، 1937؛ د. ئیسـماعیل شـوکر ڕەسـوڵ، مـەعروف چـیاووك 1855- 1958 لێکۆڵینەوەیـەکی مێژوویـە، گۆڤاری زانکۆی مرۆڤایەتی، ژمارە(22) ، ئابی 2004، ل ل 5-26؛ کەریم شارەزا، لە کەسایەتییە ناودارەکـانی هـەولێر ماڤپـەروەرو کـارگێڕیو نووسـەرو کـورد پـەروەر مەعرووف جیاووك 1855-1958، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(2) ، بەهار1999، ل ل 183-191؛ احمد جمال جیاووك، معـروف جیـاووك في دائـرة الضـوء، مجلـة زاگـرۆس، العدد(14) ، 27کانون الثاني1999، ص 72.

لەلایەن حکومەتەوە بەند کراوەو دورخراوەتەوە لە سلێمانی. نـاوبراو خزمـەتی شاری سلێمانی کردووەو یەکەمین کەس بووە کە باڵەخانەی لە سلێمانی دروست کردووە لە شەقامی مەولەوی. میرزا تۆفیق لە خولی حەوتـەمی ئەنجوومـەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەنـدامی ئەنجوومـەنو ڕۆڵی کارای تیادا بینیوە. لە ساڵی1955 کۆچی دوایی کردووە[1].

## میرزا فەرەج

میرزا فەرەج کوڕی حاجی ڕەشید زادە لە ساڵی1881 لەدایك بووەو لەسەر دەستی مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی، ناوبراو شارەزایی لە زمانی کوردی، عەرەبی، تورکیو فارسی دا هەبووە. لەسـەردەمی عوسمانییـەکان بەئەنـدامی ئەنجوومەنی بـەڕێوەبردنی سـلێمانی هەڵدەبـژێردراوە. دوای جـەنگی یەکـەمی جیهانیش گەڕاوەتـەوە بەغـداو لـە خـولی یەکـەمو هەشـتەمی ئەنجوومـەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای سلێمانی بۆتە ئەندامی ئەنجوومـەن. ناوبراو لە 2ی تشرینی دووەمی1953 کۆچی دوایی کردووە[2].

## نوور محەمەد بریفکانی

نـاوی تـەواوی نـوور محەمـەد کـوڕێ شـێخ محەمـەد نـووری کـوڕی شـێخ عەبدولجەباری کوڕی عەبدولقادری بریفکانییە، ساڵی1916 لـە دایـك بـووەو خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووەو چۆتە کۆلێژی ماف، بەڵام لەبەر بـوونی بـە

(1) جمال بابان، المصدر السابق، ص191.
(2) عبدالمجید فهمي حسن، المصدر السابق، الجزء الاول، ص147؛ میر بەسـری، نـاودارانی کورد، ل 167.

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە قۆناغی سێیەمی کۆلێژ وازی لە خوێندن هێناوە. ناوبراو لە خوولی سێزدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، لەبەر ئەوەی لەسەر پێشنیاری ئەو خوێندنگای ناوەندی لە ناوەڕاستی پەنجاکان لە دهۆك کراوەتەوە، هەروەها لەسەر پێشنیاری ئەو پەیمانگای مامۆستایانی دێهاتو نەخۆشخانەیەکی دووسەد قەرەوێڵەیی لە پەنجاکان لە دهۆك دەکرێتەوە. جگە لە مانەی کە باسمان کرد نوور محەمەد ئەندامی حزبی هیوا بووەو بەشداری شۆرشی ئەیلولو گۆلانی کردووە. ناوبراو لە 2ی کانوونی یەکەمی1982 کۆچی دوایی کردووە[1].

## هەیبەتوڵڵا موفتی

هەیبەتوڵڵا کوڕی محەمەد سەعید کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی مەلا یەحیایی مزوری ئامێدیە، ناوبراو لە ساڵی1880 لە ئاکرێ لە دایك بووە، زانیارییەکانی شەرعی خوێندووەو لەسەر دەستی مەلا ئەبوبەکر مەلا ئەفەندی هەولێریی خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی1906 بۆتە موفتی شارەکەیو مودەریس لە مزگەوتی گەورە. ساڵی1909 سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی مەعاریفی پێ سپێردراوە. ساڵی1928 بۆتە قازی لە ئاکرێ. لە خوولی یەکەم، دووەم، چوارەمو پێنجەمو هەشتەمو نۆیەمو دەیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بە نوێنەرایەتی لیوای مووسڵ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن. شیاوی باسە، ناوبراو لە خوولی نۆیەمی ئەنجومەن بۆتە جێگری سەرۆکی

(1) عدنان سامي نذير، المصدر السابق، ص الملاحقة، ملحق رقم(8-13) ؛ وصفي حسن، المصدر السابق، ص107. تێبینی: وەسفی حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ساڵی1920 لە دایك بووە. هەروەها عەدنان سامی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە خوولی دەیەمو یازدەهەمیش بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن، بەڵام بە هەڵەداچووە، ناوبراو لەو خوولانە نە بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن.

ئەنجوومەن. هەروەها بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان لە ساڵی1947 کەتیادا جێگری دووەمی سەرۆك بووە. هەیبەتوڵڵا موفتی لە 10ی کانوونی دووەمی1955 کۆچی دوایی کردووە[1].

## یەحیا عەبدوڵڵا

ناوی تەواوی یەحیا کوڕی عەبدوڵڵا موخلیس بەگ کوڕی ئەسعەد بەگ کوڕی ڕەسوڵ پاشایە، ساڵی1889 لە کەرکووك لە دایك بووەو لە خوێندنگای فەرمیو لای مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی تا بۆ ماوەی شەش مانگیش چۆتە خوێندنی ئامادەیی. دواتر بۆتە سەرنووسەر لە دادگای نیزامی لە کەرکووك، ڕەواندزو ڕانیە تا سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزەکان. ئینجا بۆتە بەڕێوەبەری ناحییەی دیرەو حەیرو بەڕێوەبەری دارایی کۆیە، هەروەها سەرنووسەری محاسبیو بەڕێوەبەری تەحریرات بووە لە هەولێر. دواتریش بۆ ماوەی یازدە ساڵ لە ڕانییە، مەخموور، کۆیەو مەرکەزی سلێمانی قائیمقام بووە. بۆ دووجاریش لە هەولێرو سلێمانی بۆتە جێگری موتەسەڕڕیف. ناوبراو لە خوولی یازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنو دواتریش دوادوا ساتەکانی ژیانی لە بەغدا بەسەر بووە[2].

(1) میر بەسری، ناودارانی کورد، ل166؛ جمال بابان، المصدر السابق، ص863.
(2) حسین حزنی موکریانی، سەرچاوەی پێشوو، ل 107.

# لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: دەستنووس**

رشاد محمد المفتي ال كچك الملا
سَبائِك الأملاء في سِلسِلة جدي كُچُك مُلا، جمع وتحقيق واضافات: عثمان رشاد محمد المفتي، مخطوطة غير منشورة، الجزء الاول، ( بە سوپاسەوە ئەم دەستنووسمان لە کتێبخانەی رەشاد موفتی دەست کەوت، کە خۆی دوازدە بەرگە).

مذكرات عزالدين الملا
الجزء الخاص بعام 1956م، تحقيق وتقديم: عثمان رشاد المفتي، مخطوطة محفوظة في مكتبة رشاد محمد المفتي.

**دووەم: دیمانە**

دیمانەیەك لەگەڵ ئازاد عزەدین مەلا فەندی، لە 30ی ئابی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد خدر ئەحمەد لە 11ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغا جوندیانی، لە12ی حوزەیرانی2005 هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر ئەرسەن موسا ڕەشید، لە 3ی ئەیلولی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ بابا تاهیر شێخ جەلال، لە 5ی ئەیلولی 2006، سلێمانی.
دیمانەیەك لەگەڵ تەڵعەت عەلی ئەحمەد، لە 23ی ئابی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر جەودەت عەلی ئەحمەد، لە 23ی ئابی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ شێخ حەسەن شێخ ڕەئووف لە 5ی ئەیلولی 2006، سلێمانی.
دیمانەیەك لەگەڵ سەردار حەوێز حەسەن ئاغا، لە3ی ئەیلولی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ خدر حەسەن سلێمان ئاغا، لە 31ی ئابی 2006، دارەتوو.
دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر دارا عومەر میران لە 4ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر دڵشاد عومەر میران لە 4ی تشرینی دووەمی2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ ڕەسووڵ حەسەن ئاغا، لە یەکی ئەیلولی2006، دارەتوو.
دیمانەیەك لەگەڵ ڕەشید ئیبراهیم ڕەشید، لە 30ی ئابی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ سامان عەبدولقادر حوسێن مەلا، لە 23ی ئابی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ سلێمان شێخ محەمەد ئاغای باڵەك، لە10ی ئەیلولی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ سەلاح ئەحمەد محەمەد عەلی، لە 28ی ئەیلولی2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ شێخ عزەددین( چیتۆ)، لە 13ی مارتی2003، هەولێر. (دڵشاد مەحموود عەبدولرەحمان تۆماری کردووە).
دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولخالیق ئیبراهیم یوسف، لە 26ی ئابی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ فەرهاد عەلی ئیبراهیم، لە 30ی ئابی 2006، دارەتوو.
دیمانەیەك لەگەڵ کاکل شێخ محەمەد ئەحمەد لە 11ی تشرینی دووەمی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ کەریم خان مەحموود بەگی برادۆستی، لە 2ی تشرینی یەکەمی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ محەمەد حوسێن حاجی پیرداود ئاغا دزەیی، لە 22ی ئابی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ مشیر قادر سادق هەرکی لە 24ی ئەیلولی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ مەلیحە عەبدولڕەحمان حاجی فەتاح قادر، لە 5ی ئەیلولی 2005، سلێمانی.
دیمانەیەك لەگەڵ مەمەند بایز بابەکر، لە17ی ئەیلولی 2006، هەولێر.
دیمانەیەك لەگەڵ نەورەس سەید ئیبراهیم سەعید، لە 5ی ئەیلولی 2006، سلێمانی.
دیمانەیەك لەگەڵ وریا بایز جەمیل ئاغا گەردی، لە 3ی ئەیلولی2006، هەولێر.

**سێیەم: پەیوەندی تەلەفۆنی**

پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ حاجی مەحموود حاجی ڕەسووڵ ئاغا لە 31ی ئابی 2006.

**چوارەم: نامەی زانکۆیی**

**نامەی ماستەر**

احمد محمدامين قادر
موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية في العراق1925-1945، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، 2006.

دارا جمال غفور

محمـد امـين زكـي و دوره السياسـي والاداري في العـراق1924-1948، رسـالة ماجستير، معهد التاريخ العربي والتراث العلمي، بغداد، 2004.

رجاء زامل كاظم الموسوي

جلال بابان و دوره السياسي في العراق حتى 1958، رسالة ماجستير، كلية التربيـة( ابن رشد)، جامعة بغداد، 2002.

سالار عبدالكريم سندي

دور النواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي 1945- 1958، رسالة ماجستير ، كلية التربية، جامعة المستنصرية، تحت الطباعة.

شاخوان عبدالله صابر

رفيق حلمي1889-1960 دراسة تاريخية في نشاطه السياسي و الثقافي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، 2006.

محمود شحكان الدليمي

علي حيدر سليمان نشاطه الثقافي ودوره السياسي في العراق حتى العام 1968، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية جامعة، بغداد، بغداد، 2002.

**2- نامەی دوکتۆرا**

عدنان سامي نذير

دور نواب الموصل في البرلمان العراقي خلال العهد الملكي 1925-1958، اطروحة دكتوراه، الكلية التربية، جامعة الموصل، 1993.

**پێنجەم: کتێب**

**1- بەزمانی کوردی**

ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر

ڕەواندز "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسی (1918-1939)"، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، 2006.

حوسێن حزنی موکریانی

مێژووی میرانی سۆران، چاپی دووەمیین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1962.

ڕوهات ئالاکۆم

خۆیبوونو شۆڕشی ئاگری، وەرگێڕانی: شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، 2000.

عبدالرقیب یوسف

سدیق سالح، بیرەوەریەکانی ئەحمەد حەمائاغای پشدەری، چاپخانەی ئازاد، سلێمانی،2001.

فەخری سیلاحشۆر

ئاورێك لە نەزهەتی شاعیرو شاری ڕەواندز، لە ژێر چاپکردن دایە.

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف

تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی دوکتۆر حەسەن جاف، چاپی یەکەم، بەغدا، 1995.

مەسعوود محەمەد

گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، سۆکهۆلم، سوید، 1992.

مەولود قادر بێخاڵی

هەولێرم وادیوەو- بیستووە، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 1997.

هەولێرم وادیوەو بیستووە، ڕابردوویەکی مێژووییو زانیارییو کۆمەڵایەتیی- سیاسییە، بەرگی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2005.

میر بەسری

ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

**2- بەزمانی عەرەبی**

باقر امين الورد

اعلام العراق الحديث 1869-1969، مطبعة اوفسيت الميناء، بغداد،1978.

جمال بابان

اعلام كرد العراق، مطبعة شڤان، سليمانية، 2006.

حسين جميل

الحياة النيابية في العراق 1925- 1945 موقف جماعة الاهالي منها، الطبعة الاولى، بغداد، 1983.

حميد المطبعي

موسوعة اعلام العراق في القرن العشرين، الجزء الثالث، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة( افاق عربية)، بغداد، 1998.

خسرو جاف

موسوعة اعلام الكرد المصورة، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية، بغداد، 2002.

موسوعة اعلام الكرد المصورة، الجزء الثانى، الطبعة الاول، دار الشؤون، الثقافية، بغداد،2004.

رفيق حلمي

مقالات، بغداد، مايس 1956.

عبدالرزاق الحسني

تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثاني- الجزء العاشر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1988.

عبدالمجيد فهمي حسن

مشاهير الالوية العراقية، الجزء الاول، مطبعة الزمان، بغداد، 1947.

مشاهير الالوية العراقية، الجزء الثاني، مطبعة دجلة، بغداد، 1947.

كونێ ڕەش

جمعية خويبون 1927 وقائع ثورة ارارات1930، الطبعة الاولى، اربيل،2000.

د.محمد على الصويركي

معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي و العصر الحديث في كردستان وخارجها، بنکەی ژین، السليمانية، 2006.

د. محمد مظفر الادهمي

المجلس التاسيسي العراقي، الجزء الاول والثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1989.

مذكرات علي كمال عبدالرحمن 1900 - 1998، تقديم و تحقيق: جمال بابان، بغداد، 2001.

معروف جياووك

نيابتي في 1928-1930، مطبعة الزمان، بغداد، 1937.

مير بصري

اعلام السياسة في العراق الحديث، الجزء الاول و الثاني، الطبعة الاولى، دار الحكمة لندن، 2005.

هيوا حميد شريف

توفيق وهبي1891-1984 حياته ودوره السياسي والثقافي، بنکەی ژین، السليمانية، 2006.

**شەشەم: گۆڤارو رۆژنامەکان**

**1- بەزمانی کوردی**

کەریم شارەزا

لەناودارانی پارێزگای هەولێر کارگێڕو پیاوی سیاسیی کورد جەمیلاغای حەوێزی 1896-1946، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(5)، زستانی2000.

مصطفى نەریمان

تشکێك بۆسەر سوچێکی ژیانی داود بەگی جاف، گۆڤاری رەنگین، ژمار(41)، 1992.

**2- بەزمانی عەرەبی**

ئازاد گەرمیانی

الاسلام والانتماء الى القومية الكردية، مجلة روناكبير، العدد(1) سنة الاولى، سليمانية،2001.

احمد جمال جياووك

معروف جياووك في دائرة الضوء، مجلة زاگرۆس، العدد(14)، 27كانون الثاني1999.


د. بدرخان السندي

غياث الدين النقشبندي شاعراً مصلحاً1900-1944، **مجلة كـاروان**، العـدد(27)، سنة الثالثة، كانون الثاني1984.

<u>وصفي حسن</u>

مندوبو بادينان في المجلس النيابي العراقي، **مجلة مەتين**، ژمارە(58)،1996.

# ئەلبوومی وێنەکان



**ئەحمەد تۆفیق**
(1963- 1899)



**ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری**
(1985 - 1890)




**ئەحمەد عوسمان**
(1946 - 1879)



**ئەحمەد ئاغای کەرکووکی**
(1971 - 1881)



**ئەحمەد محەمەد سالّح**
(1973 - 1903)



**ئەحمەد محەمەد عەلی یەعقوبی**
(2000 - 1908)




**ئەحمەد موختار بابان**
(1976 - 1901)



**ئەحمەد موختار جاف**
(1933 - 1896)




**ئەمین ڕەشید هەماوەند**
(1966 - 1898)



**ئەمین پاشای ڕەواندزی**
(1941 - 1865)



**ئەنوەر بەگی جاف**
(1991 - 1910)



**سەیید ئیبراهیمی حەفید**
(1983 - 1899)



**ئبیراهیم ڕەشید پشدەری**
(1992 - 1905)



**ئیبراهیم یوسف**
(1971 – 1897)



**ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی**
(1933 – 1895)



**بابا عەلی شێخ مەحموود**
(1996 - 1912)



**بابەکر حەسەن قندۆل**
(1959 – 1925)



**بایز بابەکر سەلیم**
(1968 - 1915)



**جەمیل بابان**
(1884 -



**تۆفیق وەهبی**
(1984 – 1891)



**جەلال بابان**
(1970 - 1892)



**شێخ جەلالی حەفید**
(1962 - 1905)




**جەمال بابان**
(1965 – 1893)



**جەمال عومەر نەزمی**
(؟ - 1914)



**بەهائەددین نووری**
(1960 - 1879)



**جەمیل ئاغای حەوێزی**
(1946 - 1869)



**جەمیل ئاغای گەردی**
(1943 - 1886)



**حازم شەمدین ئاغا**
(1954 - 1895)



**سەید حوسێنی خانەقا**
(؟ - 1914)




**حەسەن جاف**
(1973 - 1905)




**حەمە ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا**
(1962 -1898)



**حەوێز حەسەن ئاغا**
(1977 - 1896)



**شێخ خالید نەقشبەندی**
(؟ - 1897)



**خدر ئەحمەد پاشا**
(1986 - 1870)



**دارا بەگی داودە**
(1956 - 1891)



**داود بەگی جاف**
(1966 - 1905)



**داود حەیدەری**

(1965 - 1886)




**شێخ ڕەئووف شێخ مەحموود**

(1978 - 1908)



**ڕەسوول حەسەن ئاغای پشدرەی**

( - 1924)



**ڕەفیق خادم سەجاد**

(1936 - 1886)



**زەید ئەحمەد عوسمان**

(1978 - 1924)



**سەبری عەلی ئاغا**

(1957 - 1894)



**سەبیح نەشئەت**

(1929 - 1882)



**سەدیق مەزهەر**

(1929 - 1882)



**سەدیق میران**

(1961 - 1917)



**سەعید حەققی**

– 1883)



**سەعید ئاغای دۆسکی**

(1947 - 1890)



**سەعید قەزاز**

- 1903)



**سەلاحەددین بابان**

(1950 - 1891)



**دوکتۆر شکوری محەمەد سەگبان**

(1960 - 1881)



**عزەددین مەلا فەندی**

(1999 - 1917)




**شێخ عوبەیدوڵڵای بریفکانی**

(1954 - 1885)



**عومەر خدر پشدەر**

(1987 – 1925)



**عەبدولحەمید جاف**

(1988 – 1889)



عەبدولقادر تاڵەبانی
(1952 - 1876)



شێخ عەدولوەهاب تاڵەبانی
(؟ - 1886)




عەبدوڵڵا دەمەلۆجی
(1971 - 1890)



عەبدوڵڵا ئاغای شەرەفانی
(؟ - 1877)



عەبدوڵڵا موخلیس بەگ
(1941 -1895)



عەبدوڵڵا موفتی
(1950 - ؟)



عەلی حاجی ئەحمەد ئاغا
(1998 - 1910)



عەلی حەیدەر سلێمان
(1991 - 1905)



عەلی عەبدولڕەحمان ئاغا
(1998 - 1900)



شێخ غیاسەددین نەقشبەندی
(1944 - 1900)



فائیق تاڵەبانی
- 1898)
(1956



فارس ئاغای زێباری
(1941 - 1881)




فازڵ تاڵەبانی
(؟ - 1912)



فەتاح ئاغای هەرکی
(1969 - 1903)



میرانی قادر بەگ
(1939 – 1865)



کاکە حەمەی خانەقا
(1964 - 1919)



ماجد مستەفا
(1974 - 1896)



محەمەد ئەمین زەکی
(1948 - 1880)



شێخ محەمەد ئاغای باڵەك

( 1875 - 1951 )



محەمەد بەگی جاف

( 1904 - 1934 )



محەمەد حەبیب تاڵەبانی

( 1887 - 1959 )



محەمەد زیاد

(( كاكە زیادی كۆیی ))

( 1914 - 1991 )



محەمەد ساڵح محەمەد عەلی

( 1899 - 1947 )



محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی

( ؟ - 1953 )



محەمەد عەلی مەحموود

( 1892 - 1965 )



محەمەد ساڵح نوعمان



محەمەد نووری بریفكانی



مەحموود بابان

( 1920 - 1997 )



مەحموود بەگی برادۆست

( 1912 - 1966 )



مەسعوود محەمەد

( 1919 - 2002 )



مەعرووف پیرداود ئاغای دزەیی

( 1889 - 1985 )



مەعرووف چیاووك

( 1885 - 1958 )



میرزا تۆفیق قەزاز

( 1898 - 1955 )



میرزا فەرەج

( 1881 -



نوور محەمەد بریفكانی

( 1916 - 1982 )



هەیبەتوڵڵای موفتی

( 1880 - 1955 )

# ناوەرۆك


پێشەکی ..........
دەروازە ..........
خوولی هەڵبژاردنی یەکەم (تەمموزی 1925- کانوونی دووەمی 1928) ..........
خوولی هەڵبژاردنی دووەم (مارتی 1928- تەمموزی 1930) ..........
خوولی هەڵبژاردنی سێیەم(تشرینی دووەمی 1930- تشرینی دووەمی 1932) ..........
خوولی هەڵبژاردنی چوارەم(مارتی 1933- ئەیلولی 1934) ..........
خوولی هەڵبژاردنی پێنجەم(کانوونی یەکەمی 1934- مارتی 1935) ..........
خوولی هەڵبژاردنی شەشەم( ئابی 1935- تشرینی یەکەمی 1936) ..........
خوولی هەڵبژاردنی حەوتەم( شوباتی 1937- ئابی 1937) ..........
خوولی هەڵبژاردنی هەشتەم( کانوونی یەکەمی 1937- شوباتی 1939) ..........
خوولی هەڵبژاردنی نۆیەم(حوزەیرانی 1939- حوزەیرانی 1943) ..........
خوولی هەڵبژاردنی دەیەم( تشرینی دووەمی 1943- مایسی 1946) ..........
خوولی هەڵبژاردنی یازدەهەم(مارتی 1947- شوباتی 1948) ..........
خوولی هەڵبژاردنی دوازدەهەم( حوزەیرانی 1948- حوزەیرانی1952) ..........
خوولی هەڵبژاردنی سێزدەهەم(کانوونی دووەمی 1953- نیسانی 1954) ..........
خوولی هەڵبژاردنی چواردەهەم(تەمموزی 1954- ئابی 1954) ..........
خوولی هەڵبژاردنی پازدەهەم( ئەیلولی 1954- مارتی 1958) ..........
خوولی هەڵبژاردنی شازدەهەمین( مایسی 1958- حوزەیرانی 1958) ..........
ئەحمەد تۆفیق ..........
ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری ..........
ئەحمەد عوسمان ..........
ئەحمەد ئاغای کەرکووکی ..........
ئەحمەد محەمەد ساڵح ..........
ئەحمەد محەمەد عەلی یەعقوبی ..........
ئەحمەد موختار بابان ..........
ئەحمەد موختار جاف ..........
ئەمین ڕەشید هەماوەندی ..........
ئەمین پاشای ڕەواندزی ..........
ئەنوەر بەگی جاف ..........
سەیید ئیبراهیمی حەفید ..........
ئیبراهیم ڕەشید ئاغای پشدەری ..........
ئیبراهیم یوسف ..........
ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی ..........
بابا عەلی شێخ مەحموود ..........
بابەکر حەسەن ئاغای قندۆل ..........
بایز بابەکر پشدەری ..........
بەهائەددین نووری ..........
تاهیر نەقشبەندی ..........
تاریق عەسکەری ..........
تۆفیق وەهبی ..........
تەحسین عەسکەری ..........
جەلال بابان ..........
شێخ جەلالی حەفید ..........
جەلال عەبدولحەمید جاف ..........
جەمال بابان ..........
جەمال عومەر نەزمی ..........
جەمیل بابان ..........
جەمیل ئاغای حەوێزی ..........
جەمیل ئاغای گەردی ..........
حاجی شەمدین ..........
حازم شەمدین ئاغا ..........
سەید حوسێنی خانەقا ..........
حوسێنی مەلا ..........
حەبیب عەبدولقادر تاڵەبانی ..........
حەسەن جاف ..........
حەمدی سلێمان ..........
حەمە ئاغای عەبدوڵڕەحمان ئاغا ..........
حەوێزی حەسەن ئاغا ..........
شێخ خالید نەقشبەندی ..........

**خدر ئەحمەد پاشا** ........................

**خدر خدیدە** ........................

**دارا بەگی داودە** ........................

**داود بەگی جاف** ........................51

**داود حەیدەری** ........................

**دیدار حازم شەمدین ئاغا** ........................

**دێوالی سەعید دۆسکی** ........................

**ڕاغب عەبدوڵڵا** ........................

**شێخ ڕەئووف شێخ مەحموود** ........................

**ڕەسووڵ حەسەن ئاغا پشدەرەی** ........................

**ڕەفیق حاجی ئەمین خادم سەجاد** ........................

**زەید ئەحمەد عوسمان** ........................

**سامی عەبدولفەتاح بەگ** ........................

**سلێمان فەتاح** ........................

**سەبری عەلی ئاغا** ........................

**سەبیح نەشئەت** ........................

**سەدیق مەزهەر** ........................58

**سەدیق میران** ........................59

**سەعید حاجی حوسێن** ........................

**سەعید حەققی** ........................

**سەعید ئاغای دۆسکی** ........................

**سەعید قەزاز** ........................

**سەلاحەددین بابان** ........................

**سەلیم محەمەد پشدەری** ........................

**سەیفوڵڵا خەندان** ........................

**د. شکوری محەمەد سەگبان** ........................

**عزەت عوسمان جاف** ........................

**عزەددین مەلا فەندی** ........................

**شێخ عوبەیدوڵڵا بریفکانی** ........................

**عومەر خدر پشدەری** ........................

**عەبدولحەمید جاف** ........................

**عەبدولقادر تاڵەبانی** ........................

**شێخ عەبدلوەهاب تاڵەبانی** ........................

**عەبدوڵڵا دەمەلۆجی** ........................

**عەبدوڵڵا ئاغا شەرەفانی** ........................

**عەبدوڵڵا موخلێس بەگ** ........................

**عەبدوڵڵا موفتی** ........................

**عەتائوڵڵا ئاغا ڕەشید ئاغا** ........................

**عەلی حاجی ئەحمەد ئاغای عوزێری** ........................

**عەلی حەیدەر سلێمان** ........................

**عەلی ڕەزا عەسکەری** ........................

**عەلی ڕەفیق سەجاد** ........................

**عەلی کەمال عەبدولڕەحمان** ........................

**غیاسەددین نەقشبەندی** ........................

**فائیق تاڵەبانی** ........................

**فارس ئاغای زێباری** ........................

**فازڵ تاڵەبانی** ........................

**فەتاح ئاغای هەرکی** ........................

**فەیسەڵ دەمەلۆجی** ........................

**میرانی قادر بەگ** ........................

**کاکە حەمەی خانەقا** ........................

**ماجد مستەفا** ........................

**محەمەد ئەمین زەکی** ........................

**شێخ محەمەد ئاغای باڵەك** ........................

**محەمەد بەرقی** ........................

**محەمەد بەگی جاف** ........................

**محەمەد حەبیب تاڵەبانی** ........................

**محەمەد زیاد( کاکە زیادی کۆیی)** ........................

**محەمەد ساڵح محەمەد عەلی بەگ** ........................

**محەمەد سەدیق تەها** ........................

**سەید محەمەد سەید عەبدوڵڵا نەقیب** ........................

**محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی** ........................

محەمەد عەلی غیاسەدین ..........
محەمەد عەلی مەحموود ..........
شێخ محەمەد نووری بریفکانی ..........
محەمەد سالّح نوعمان ..........
مەحموود ئاغای زێباری ..........
مەحموود بابان ..........
مەحموود بەگی برادۆستی ..........
مەحموود فەهمی هەماوەندی ..........
موسلّیح نەقشبەندی ..........
مەسعوود محەمەد ..........
مەعرووف پیرداود ئاغای دزەیی ..........
مەعرووف چیاووك ..........
میرزا تۆفیق قەزاز ..........
میرزا فەرەج ..........
نوور محەمەد بریفکانی ..........
هەیبەتوڵلا موفتی ..........
یەحیا عەبدوڵلا ..........
لیستی سەرچاوەکان ..........
ئەلبوومی وێنەکان ..........
ناوەرۆك ..........


## سوپاس و پێزانین


زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە هاوکارییان کردووم لە بەرهەم هێنانی ئــەم پەرتووکە:

- ★ دوکـــتـــۆر عـەبدوڵڵا عـەلیاوەیی، بە تێبینییەکانی سوودمەندی زۆری گەیاند بە پەرتووکە.
- ★ کاك عوسمان موفتی، ڕێنمایی زۆری کردووینو بە سنگێکی فراوان دەرگـای کتێبخانەکەی بۆ کردینەوە.
- ★ کاك کـەنعان مـوفتی، ڕێنیشـاندەرمان بـوو بـۆ زانیـاری لەسـەر هەنـدێك بنەماڵە.
- ★ کاك حاکم مەمەند میراودەلی، ڕێنمایی زۆری کردووینو بە سنگێکی فراوان دەرگای کتێبخانەکەی بۆ کردینەوە.
- ★ مامۆستا ئەحمەد محەمەدئەمین قادر، ئـەرکی پێداچـوونەوەی پەرتووکەکـەی گرتە ئەستۆو تێبینییەکانی سوود بەخش بوون.
- ★ مامۆستا دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، بە سنگێکی فراوانەوە هاوکارم بوو لە بە دەست هێنانی هەندێ سەرچاوە.
- ★ خاتوو نسار جەمال تاجەددین، زۆر هاوکاری کردین لە ڕێکخستنی هەندێك لە دیمانەکان.
- ★ کاك تاریق جەوهەر سارمەمی.
- ★ کاك ئازاد سادق.
- ★ کاك عەبدولرەزاق مەولوود.


١٩٢٥ – ١٩٥٨
٢٠٠٧